ئاوارە کەریم

# ئازادی بیروڕا

ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەوانی

ئاوارە کەریم

# ئازادی بیر و ڕا

سلێمانی
٢٠١٩

Razasha700@gmail.com

پێرست

٤ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــپێشەکی
٥ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــمیدیای ئازاد
٨ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــرۆژنامەگەری لە باشوری کورشوستا
١٤ ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــوتارێکی کاوە گەرمیانی
١٦ ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــتاوانباری کردنی بە ئەنقەست
١٩ ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــتیرۆری سیاسی و ئازادی بیرورا
٢١ ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــنامەکەی زەردەشت عوسمان
٢٧ ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــزەردەشت عوسمان
٣٤ ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــسیناریوی تیرۆرکردنی زەرشەشت عوسمان
٣٦ ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــلێکۆلینەوە لە کەیسی زەردەشت
٤٢ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ زەمەنی پێش تیرۆر کردنی زەردەشت و پاش تیرۆرکردنی
٤٤ ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــسۆرانی مامە حەمە
٥٠ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ کاوە گەرمیانی
٥٧ ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــکاوە گەرمیانی لە سەر چی تیرۆرکرا
٦٣ ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــوەداد حسێن
٦٦ ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــچارەاەرکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم دەنگی ئازاد
٦٨ ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــخۆپیشاندان

## پێشەکی

نوسین لە سەر ئازادی بیرو ڕاو ڕادەربرین ، تارادەیەک زەحمەتە ئەوەشی کە ئەوەی زەحمەت کردوە کەمی سەرچاوەیە بە زمانی کوردی و زۆری ڕێگریەکانە بەدەر لەوەی کە راستی وتن و ڕاستی دوان لەسەر ئەم پرسە بۆخۆی شەڕێکە لەگەڵ دەستەڵاتدا دەیکەیت و گیان و ماڵ و ژیانت دەکەوێتە مەترسیەوە . کەمن ئەوانەی بە بوێری و ڕاستگۆی دەنوسن .
. پرسی ئازادی ڕادەربرینیش لە هەرێمی کوردوستاندا یەکێکە لە پرسەگرنگەکان
بەوپێیەی خاوەن دەزگاو ئیمتیازیاتی پێشکەوت و خۆماڵینین دەکرێت هەرکەسێک لای خۆیەوە گرنگی پێ بدات جا لە تاکێکی ئاساییەوە تا نوسەرو ڕۆشنبیرانمان ، هەرێمی کوردوستان لە ڕیزبەندی ئەو وڵاتانەدایە کە پێشلکاری زۆری تێدا دەکرێت بەرامبەر بە دەنگی ئازاد ، چەندین ڕۆژنامە نوس کوژراون وچەندینی تر لە زیندانکراون لێدانو هەرەشەکردن لە رۆژنامە نوسان بوە بە دیاردە لەم هەرێمە بچوکەی خۆماندا خەریکە بە ئەستەم دەنگێکی دلێرو ئازا بدۆزیتەوە کە ئەمەش سیاسەتی جوت بنەماڵەی فەرمانرەوایە کە بەزەبری هێز هەولی کپکردنی هەر دەنگێک دەدات لە هەر شوێنێک بێت . ئەم کتێبە بەوهیوایەی کەمێک لە خەمی دایکی شەهیدانی دەنگی ئازاد کەم بکات و وەک و . بەردەوامیەک لە سەر ڕێچکەی سەردەشتەکان و کاوەکان چاوی لێ بکرێت

## میدیای ئازاد

تۆماس جیفرسۆن" دەڵێت: "ئەگەر لێم گەڕێن بڕیاربدەم کە ئایا پێویستیمان بەحکومەتێکی بێ ڕۆژنامەیە یان ڕۆژنامەیەکی بێ حکومەتە ئەوە یەك چرکەش دوو دڵ نەدەبووم لەهەڵبژاردنی باری دووەم". یەکێك لەپایە بەهێزەکانی ئازادی ڕاگەیاندن، دەگەڕێتەوە بۆ وتە بەناوبانگەکەی سێهەم سەرۆك کۆماری ئەمریکا"تۆماس جیفرسۆن"کە پێی وابوو میدیایەکی ئازاد لەوڵاتو دەسەڵاتێکی داپڵۆسێنەرو تۆتالیتار باشترە.

کە دەگوترێ دەسەڵاتی چوارەم مانای ئەوەیە گوێگرن لەڕاوبۆچونی خەڵك ،پاشان بەشێوەیەکی رونو ڕەوان دەبنە دەنگی هەموو چین و توێژەکان ،لێرەوە ئاوێتەی هەموو پەیوەندییە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیرییەکان دەبێ ،پرۆسەی کارلێکی هاوبەش لە نیوان خەڵك و ڕاگەیاندن چێدەبێت ،دونیای ئەمڕۆ بەهۆی میدیاوە بووەتە گوندێکی ئەلیکترۆنی بچوك و میدیاش بووەتە بزوێنەری مێژووی کۆمەڵگا جیاجیاکان، میدیا لەوڵاتی دیموکراسیدا چوار ئەرکی سەرەکی هەیە کە ئەوانیش: "چاودێری دەسەڵاتی سیاسی و خستنە ڕووی گەندەڵی و خاڵە لاوازەکانی ـــــ ملکەچکردنی بەرپرسان بۆ لێکۆڵینەوەو وردبینی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خەڵك ـــــ بڵاوکردنەوەی زانیاریو هەواڵی بەسود بۆهاوڵاتیان ـــــ هوشیار کردنەوەی هاوڵاتیان بۆ دروستکردنی توانای بریاردان بەشیوەیەکی وردبینانەو دوربینانە ". میدیا لەم سەردەمەدا ڕۆڵێکی گەورە دەگێرێ لەسەر بونیاتە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان ، تا دێت لەگەڵ پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆجیا و فراوانبوونی تەکنیکی گەیاندن و کوالیتی و کاریگەرییەکانی زیاتر دەبێت ، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەهەموو جۆرەکانییەوە بینراو وبیستراو وخوێنراو بە سۆشیال میدیاشەوە باشترین ئامرازی پەیوەندی جەماوەرین ، میدیا بە چەکی سەردەمی تەکنەلۆژیا هەژمار دەکرێت .

پەیامی هەردوو سەرۆکایەتیەکەی هەرێم "سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت " لە ساڵرۆژی یادی رۆژنامەگەری کوردی دا لەکاتێکدایە کە بە ئاشکرا، پێشێلی بڕگە و مادەکانی یاسای ژمارە "٣٥"ی ساڵی "٢٠٠٧" رۆژنامەگەری دەکرێت ، بە ئاشکرا رێگری لە دەرکردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری دەکرێت ، بە ئاشکرا حکومەتی هەرێم پەیڕەوی لە

شاردنەوەی دەیان کەیسی گەندەڵی و لادانی یاسایی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی دەکات ،ئەم یادە لە کاتێکدایە سزادراوەکانی بادینان مانیان لە خواردن گرتووەو بینینی کەسوکاریان لێ قەدەغە کراوە! یادی رۆژنامەگەری کوردی لەکاتێکدایە کە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم بۆ بێدەنگکردنی رۆژنامەنوسان و چالاکوانانی مەدەنی سەربارەی هەڕەشەی ناموس و سزادانی چالاکوانان و رۆژنامەنوسان لە زیندانەکاندا هەموو جۆرە تۆمارێکی ڤیدیۆی سەقەت و ناڕەواو ناڕاستیش بڵاودەکاتەوە بۆ هەتك کردنی سومعەی ئازادیخوازان و ریگرە لەبەردەم پرۆسەی دادگایەکی بێلایەن وشەفاف و دادپەروەریدا! گیراوانی بادینان چەندین مانگە ڕاگیراون و دوو مانگ بەسەر بریاری دادگای تاوانەکانی هەولێر تێپەڕیووەو بێ هیچ پێداچوونەوەیەك هێشتا ماوەی دەستبەسەرییان درێژ دەکرێتەوە ،ئەم دیمەنە دیمەنێکی ترسناکە کە حکومەتی هەرێم پەنای بۆ بردووە .

لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمەوە بیگرە بۆ هەموو ئەو بەرپرس و دەسەڵاتدارانەی کە بەرگی ئازادیخوازییان لەبەر کردووەو خۆیان خزاندووەتە بەرەی رۆژنامەنوسان و چالاکووانانی مەدەنیی و خەڵکی ناڕازییەوە جگە لە بەیاننامەو بەڵێنی فشەڵ هیچی تریان لە ئەرزی واقیعدا پێ نییە بۆ چاککردنی ڕەوشی ئازادی ئینسانەکان و پاراستنی کەرامەت و بەها دیموکراسییەکان ، زۆرێك لەو بکەرە سیاسییانە بۆخۆیان عیلەتی بێ مەشروعی ناو کایە سیاسییەکەن و بەشێکن لە ستەمکاری و لە کوشتنی ڕۆژنامەنوسان و لە گرتن و پێشیلکاری و پەلاماردانی ڕۆژنامەنوسان ، زۆرێك لەو بکەرە سیاسییانە ژیان و ئاراستەی فیکریان بە نادیاری ماوەتەوەو دیدێکی ڕونیان نییە بۆ ئازادی ئینسانەکان و بەخەون و حەزو بەرژەوەندی حیزبییەوە خۆیان خزاندووەتە ناو رۆژنامەنوسان وئازادیخوازان وکار بۆ شاردنەوەی زانیارییەکان و رێگرتن لەگەیشتنی زانیارییەکان بە ناوەندە جیهانی و میدییەکان دەکەن ، ئەم بکەرە سیاسییانە تەنها کاریان پاراستنی خۆیانە و ئەوانەی لەدەرەوەی ئەوانن هەرگیز ناپارێزرێن ،ئیستا ڕۆژگارێك خوڵقاوە خەریکە ستەمکاری شۆرشگێرەکانی دوێنێ هەمووومان لە گەروی دیکتاتۆریەتدا قووت دەدات.

ڕاپۆرتی چەند رۆژ لەمەوبەری ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ۆوچ و ڕیکخراوی پەیامنێرانی بێسنور لەبارەی ڕەوشی ڕۆژنامەوانیو ئازادی ڕادەبرین لەهەرێمی کوردستان و گیراوانی

بادینان و سزادانی ئەو ڕۆژنامەنوسانەی کە ڕەخنە لە خێزانە سیاسییەکان دەگرن، نیشانەی ئەوەیە کە هیچ شتێك لەبەردەم بکەرو خێزانە سیاسییەکان و حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا بەهای نییە نەیاسا و نە دادگاو نە دەنگ و ڕەنگی نارەزایەتی خەلك لە شەقامەکان و واقعێکی شەرمهێنی بۆ ئەزمونی هەرێم دروستکردووە، ئەتوانین بلێین هونەری بەریوەبردن لە کوردستان وەزیفەی سەرەکی خولقاندن و دروستکردنی قەیران و بەیەك هەڵشاخان بووەو مومارەسەکردنی سیاسەتیش لە پیناو مانەوەی خیزانە سیاسییەکاندا شێلگیرانە بەدوای ئەوەوەیە کە بەناوی "خیانەت وتیرۆرو جاسوسییەوە ڕۆژنامەنوسان و ئازادیخوازان بێدەنگ بکەن ، ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان دەریخست کە کە دانپیدانانی گیراوانی بادینان لەژێر فشاری ئەشکەنجەو لێدان هەڕەشەی ناموس دا تۆمارکراوە ، ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان پێی گوتین کە ئازادی ئینسانەکان زەوت کراوەو ئەم تارماییە هەڵگری دیوێکی تری مەرگدۆستی و عاشق بە کوشتن وزەبرو زەنگەو پێشێلکارییەکان ڕوو لە زیادبوونەو کەرامەتی مرۆڤ بۆن کرۆزیان لێ هەڵدەسێ !بۆیە دەلێم ڕۆژی ئازادی ڕۆژنامەگەری کوردی کاریگەری لەسەر ڕەوشی ڕۆژنامەوانی کوردی نابێت ئەگەر کلتووری سیاسی و عەقڵیەتی سیاسییەکانی ئەم وڵاتە گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت.

**ڕۆژنامەگەریی لە باشووری کوردستان**

.

لـەم سەردەمـەدا، میـدیـا بـووە بـە دەسـەڵاتی یەکـەم و خـاوەنی ڕۆڵێکی سەرەکییە لە هەڵماڵینی ڕاستییەکاندا. بەڵام دەسەڵاتدارانی حوکمڕان هەمیشە ئامانجی سەرەکی میدیا چەواشـە دەکەن. دەیخـەنە خـزمەتی بەرژەوەنـدییە کەسایەتییەکـانی خۆیـانەوە.

میدیـای کوردیش تـووشی ئـەم ڕۆڵـە نـەرێنییەی دەسەڵات بـووە. باشووری کوردستان باشـترین نموونـەی ئەم ڕاستییەیە. دەسەڵاتی سەرمایەداری، میدیـای تایبەتی بە خۆی دروست دەکات. بە مەبەستی پەردەپۆشکردنی گەندەڵییەکانی و فایلەکانی لەبەردەم ڕای گشتیدا، بۆ پاراستنی دەسەڵاتـەکـانی. گەلیش بەو ئاقـارەدا ئاراسـتە دەکـات کـە خـۆی دەیـەوێ. نەک بۆ ئـەو دۆخـەی سیاسییەی لە ئەنجامی گەنـدەڵـیی دەسەڵاتیـدا. پێوەی دەناڵێنن. دەبینین دەسەڵاتدارانی هەر دەوڵەتێک میدیای تایبەت بە خۆیان دادەمەزرێنن. بودجـەیەکی زەبەلاحیشی بۆ تەرخان دەکەن، بەڵام نـەک لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەو پێوەرانەی کـە پێویستە لە میـدیادا هـەبن. بەڵکو لەسـەر بنەمـای بەرژەوەنـدییەکـانی دەسەڵات بە ئامانجی هەڵکێشان و پڕوپاگەندە بۆی. بۆ پەردەپۆشکردنی گەندەڵییەکانی و ڕیکـلامکـردن و درۆهـەڵبـەسـتن بـۆ سیاسەتـەکـانی. بەپێی ئـەم بنەمـایە هەمـوو دەسەڵاتـدارە حوکمڕانەکـان، دەزگـای میـدیـایی تایبـەت بە خۆیـان هـەیە. شەو و ڕۆژ لە پێـناوی پاراستـنی ئەم دەسەڵاتـەیـانـدا کاردەکـەن. لە ئەنـجـامی سیاسەتەکـانی ئەم دەسەڵاتدارە حوکمڕانانەدا. ڕۆژانە دەزگاکانی ئەو میدیایانەی کە لەژێر چەتری میدیای ئـازاد و دیمـوکـراتیـدان، ڕووبـەڕووی فشار و گـرتـن دەبنـەوە، بـواریـان نـادەن کـە بەدواداچوون بـۆ ڕووداوەکـان بکەن، بە شـێوەیـەکی گشتیش بـگەن بە زانیارییەکان. ڕێگاشـیان پێنادەن کە لێکـۆڵیینەوەکـانیان دەربـارەی گەنـدەڵییەکـانیان بڵاوبکـەنەوە.

کە دێینە سەر باسکردنی ڕۆڵی میدیـای ئـازاد و د دیموکراتی لە باشووری کوردستان، پێویستە باس لە دەسەڵات و پارتی حوکمڕان لەوێدا بکەین، لە چوارچێوەی ئەوەی کە پێشتر

ناومان برد. لەوێدا دەسەڵاتێکی حوکمڕان هەیە، کە دەسەڵاتێکی قۆرخکردووی حیزبییە. تەنگ بە میدیـای ئازاد هەڵدەچنن. میدیا و راگەیاندنەکان کە لە هەرێمدا هەن راستەوخۆ بە حیزبەکانەوە بەستراون. بە تایبەتیش بە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان. ئەوانەیان بە پارە کڕیون و دەمیان چەورکردوون کە لەم بـوارەدا بە پارە کاردەکەن. بۆیە هەر لایەنێکی میدیایی، گەر بیەوێت لە باشووری کوردستاندا کاربکات، پێویستە بەپێی سیاسـەتی پـارتێکی دیاریکراو کاربکات، لـەم دۆخەشدا پێویستە ئەو لایـەنە میدیاییە، بەپێی یاساکانی لە سنوورێکی دیاریکـراودا کاربکات. گـەر ئەو میدیـاکارە ویستـی لێکۆڵینـەوەیـەک یا راپۆرتێک ئامادە بکات، رووبەڕووی ئەو پرسیارەی خەڵکی دەبێتەوە:"سەر بە کـام لایەنە؟" ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو راستییەی کە لە باشووری کوردستاندا، میدیای ئازاد نین، ئەو میدیایانەی کە هەن پەیوەندییان بە حیزبە دەسەڵاتـدارەکانەوە هـەیە و میدیای حیزبین. لەبەر ئەم هۆیە ناتوانین بڵێین لە هەرێمدا، هـوی میدیـا و راگەیانـدنی ئـازاد هـەن. یا لەژێـر چەتـری میدیـای ئـازادا کاردەکەن.

بۆیـە میدیاکـان لە باشووری کوردستانـدا، لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی حـیزبە دەسەڵاتـدارەکانـدا کاردەکـەن. ناتـوانن ئـەم سـنـوورە بـۆ دیـاریکـراوەیـان ببـەزێنـن.

تا میدیاکانی کوردستان ستایشی دەسەڵات یا پارتێکی دیاریکـراو بکەن و تەشـیان بۆ بـڕێسن، ئـەم میدیایـانە بەلای دەسەڵاتـدارن و پارتی فەرمانـڕەواوە، میدیـای ئازادن. ئەمەیە چەمکی میدیـای ئـازاد لە باشووری کوردستانـدا. جگە لەم ملکەچییە میدیا و راگەیاندنەکان ناتوانن کارێکی تر بکەن، کە بە دڵی دەسەڵاتداران و پارتەکانیان نەبن.

ئەگینا رێگایـەکەی پڕ لەمەتـرسی دێتـە پێشـیان.

لە باشـووری کوردستانـدا، میدیـای ئـازاد، رووبـەڕووی هەمـوو تەنگـپێهەڵچنینێک بوونەتەوە، وەکو تونـدوتیژی و گرتن و رێگرتن لێیان لە رووماڵکردنی رووداوەکان، لەوانەشـە هەنـدێ جـار ئەشکەنجەیـان بدەن و بشیان کـوژن. چەنـدین نموونە هـەن، دەربارەی ئەو رۆژنامەنووسانەی کوشتیانیان لە ئەنجامی ئەوەی کە پەردەیان لەسەر هەنـدێ لە فـایلەکـانی پەیـوەنـدی بە گەنـدەڵی و بە دزی لە دەسـەلاتـدا لادان. تا ئێستا دەسەڵاتـداران و

دەسەڵاتی دادگایی و یاسایی، هیچ بە دواداچوون و لێکۆڵینەوەیەکی دادپەروەرانەیان، لە چۆنییەتی شەهیدکردنی ئەو رۆژنامەنووسانە نەکردوون. بەڵکو لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کۆتاییان بە لێکۆڵیینەوەیەکی بێ لیکۆڵینەوە هێنا. چونکە لای هەموو خەڵکی روونە کە بکوژەکانیان چ لایەنێکن. لەوانەش:" سۆرانی مامە حەمە، زەردەشت عوسمان، کاوە "گەرمیانی، ویدات حوسین، عەبدولستار تاهیر شەریف

تا ئێستاش چارەنووسی چەندین رۆژنامەنووس و میدیاکار لە زۆنگی پارتی دیموکراتی کوردستان دیارنین. لە نێوانیادا رۆژنامەنووس (شیروان شیروانی) و (ئومێد بروشکی). لەپاڵ ئەمەشدا، ئەستەمە کە میدیای ئازاد رێی پێبدرێت و بتوانێت لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا ئامادەبێت. یا بتوانێت لە بەڕێوەبەرێتییە فەرمییەکاندا، بە دواداچوون بۆ هەندێ گەندەڵی و رووداو و رۆتینییەکانی حکومەت بکات. ئەم میدیایانە رووبەڕووی هەموو سزایەک نایاسایی دەبنەوە، بەپێی یاساکانی رۆژنامەگەریی لە باشووری کوردستاندا، بە بەندکردن و برە پارەیەکی زۆر سزا دەدرێن، ناچاریشیان دەکەن کە بە نووسین بەڵێنی ئەوە بدەن، کە دووبارە باسی گەندەڵی نەکەن و ناوی دەسەڵاتداران نەهێنن. ئەگینا دەبن بە هەواڵی هەبوون، گۆڕون دەکرێن. زۆر لە دەزگا میدیاییەکان بە زۆر و بە یەکجاری .نووسینگاکانیان و هۆیەکانی راگەیاندنەکانیان پێیان داخستوون

لە راپۆرتێکی سەنتەری میترۆ بۆ بەرگری لە مافەکانی رۆژنامەنووسانی کوردستان، ئەم سەنتەرە جەختی لەسەر زیاتربوونی دۆخی پێشێلکارییەکانی دژ بە رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان کردۆتەوە، کە لە ماوەی ساڵی رابردوودا (٢٠٢٠)، سەرجەم (٣٨٥) پێشێلکاری و لێدان و توندوتیژی بەرانبەر رۆژنامەنووسان کراون. باسیان لەوەش کردووە کە (١٦٣) رۆژنامەنووس و پەیامنێران، قەدەغەی رووماڵکردنی رووداوەکانیان لێکردن. (٧٤) دۆخی گرتنی رۆژنامەنووسانیش بەبێ بڕیاری دادگا بەندکران. (٤٠) دۆخی هەڕەشە لە رۆژنامەنووسان کراون. (٤٢) دۆخی دەستگرتن بەسەر کامیرا و کەرەستەکانی رۆژنامەنووسان و وێنەگراندا گیران. بڕیاری داخستنی (٤) .دەزگای رۆژنامەگەری درا

نەبوونی جێبەجێکردنی یاسای پارێزبەندی کە ڕۆژنامەنووسان بپارێزێت. بووتە هۆی زیاتر بوونی پێشێلکارییەکان لە دژی ڕۆژنامەنووسان. سەرەڕای کێشەی ئابووری و پەتای کۆرۆنا و ناکۆکی و ململانێی و بەربرەکانی لە نێوان حیزبە دەسەڵاتدارەکان و هێزە سیاسیەکان و باڵ باڵێنەدا، کە ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنییان لە باردۆخ و کاری ڕۆژنامەییدا هەیە. باجی ئەم هەموو کێشانەش گەلە چەوساوەکەمان دەیداتەوە.

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، دکتۆر (ڕێواز فایق) لە کۆنفراسی ساڵانەی سەنتەری میترۆ بۆ خستنەڕووی، ئامارو ڕووداوە توندوتیژی و گرتن و پێشێلکارییەکانی دژ بە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە سەنتەری میترۆ لە ڕۆژی ( ١٦/ یانوار/ ٢٠٢١) لە شاری سلێمانی بۆ ئازادی ڕۆژنامەیی سازیکرد، ڕێواز فایق ڕاگەیاند و وتی:"حیزبەکان میدیای تایبەتی خۆیان هەیە، گەل هەستی پێکردووە و ئەم شتە دەزانێت، لایەکی کەشەوە، ئەو میدیایەش کە ناوی خۆی ناوە میدیای ئازاد، لە لایەن حیزبەکانەوە پاڵپشتیان لێدەکەن، تا کارە نایاساییەکان و بڵاوکردنەوەی گەندەڵییەکانیان بشارنەوە" وتیشی:"کە میدای حیزبی سێبەر و کرِدراو و زاڵە، میدیای ئازادیش لە پاشەکشە دایە" ڕێواز فایق پێیوایە:"زۆر لە میدیاکان بە پارەی دزراو و بە پارەی سیاسییەکان دامەزراون. هەر لەبەر ئەوەشە کە دۆخی ڕۆژنامەنووسی لە پاشەکشە دایە" ئەوەشی وت:"لە رووی میدیاییەوە دەبێت، ئێمە لە هەرێمی کوردستان، هەموو ساڵێک بڵێین خۆزگەمان بە پار" دکتۆر ڕێواز ئاماژەی بەوەش دا و وتی:"لە بەرامبەر ئەمەدا میدیای ئازاد هەیە، ئەویش چاو و گوێی گەلە، بەڵام لە ئێستادا لە لاوازترین بارودۆخدا دەژی.. دەتوانین بڵێین لاواز کراوە، بەرانبەر بەمەش ئەوانەی لە لایەن حیزبەکانەوە پاڵپشتیان لێدەکەن بەهێزبوونە" ڕاستە کە میدیای ئازاد چاو و گوێی گەلن.. بەڵام ریواز خان باش ئەوەش دەزانێت، کە لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە چاو و گوێی میدیای ئازادیان گرتوون، کە یەکێکیان یەکیتی نیشتمانی کوردستانە، کە خۆی ئەندامێکی باڵای سەرکردایەتی. ئەی بۆ ئەم ڕاستییانە لە دانیشتنەکان و لە کۆنفرانسەکانی حیزبەکەی و لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا باس ناکات؟ گەر بۆی دەبێتە هەڵوێستێک هیچیشی پێنەکرێت و زۆرینەش لەگەڵیدا نەبن.

تا ئێستا ئەو میدیایانەی کە لە باشووری کوردستاندا کاردەکەن، هیچیان نەیانتوانیوە و ناتوانن گە دەڵییەکانی دەسەڵاتی هەرێم ئاشکرابکەن. بە تایبەتیش فایلەکانی دارایی و نەوت، سەرەڕای خەرجنەکردنی مووچەی فەرمانبەران. هەچ میدیایەک گەربێتو تەنیا ئامەژەپێکردنێکیش باسیان لێبکەن، ڕووبەڕووی تەنگپێهەڵچنینێکی زۆر دەبنەوە یا پەیامنێر و ڕاپۆرتنێرەکەی بە تۆمەتێکی بۆ هەڵبەستراو بەند دەکرێت. کەسیش بۆی نییە کە دەربارەی چارەنووسی بپرسێت، کە چییان لێکردوون و لە کوێیە؟ هەروەکو دۆخی چەندین ڕۆژنامەنووسی بەندراو لە گرتووخانەکانی هەرێمدا. بە تایبەتیش لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا.

وەکو لە ماوەی ئەم دواییەشدا ڕوویدا، ئەو کاتەی کە لە هەڵەبجە و لە سلێمانی خۆپێشاندانی ناڕەزاییان کرد. سزادانێکی گەورەی دارایی بەسەر هەندێ لە میدیاکاندا سەپێنران، بۆ ماوەیەکیش کە لە دە ڕۆژ کەمتر نەبوو، نووسینگاکانیشیان پێداخستن.

لە ماوەی سی ساڵدا، گەندەڵییەکی زۆر لە باشووری کوردستاندا بڵاوبۆتەوە، لە لووتکەی دەسەڵاتەوە بۆ خوارەوە شۆڕبۆتەوە. هەمووانش ئەم گەندەڵییانە بەدی دەکەن. لە چەندین فایلی گەندەڵیدا، وەکو گەندەڵی لە خزمەتگوزارییەکان، بە تایبەتیش لە کەرتی کارەبا و ئاودا لە پاڵ دۆسییەی گەندەڵی نەوتدا، کە بە تورکیا دەفرۆشرێت. ئەم ئەم ڕێکەوتنە نهێنییەش تەنیا لە نێوان بنەماڵەی دەسەڵاتدار و تورکیا دایە. تەنانەت پەرلەمانی کوردستانیش بۆی نییە کە باس لەم ڕێکەوتنە نەوتییەی نێوان بنەماڵە و تورکیا بکات و لێی بکۆڵێتەوە. هیچ لە میدیاکانی کوردستانیش ناوێرن باس لە نهێنییەکانی ئەم ڕێکەوتنە بکەن، یا باسی پارەی ئەو نەوتە بکەن کە چەند ساڵە پارتی فرۆشتوونی و دەیفرۆشێت. پارەکەی چەندە و لە کوێیە و چیلێکراوە؟

لەبەر ئەم هۆیانە دەپرسین بۆچی دەسەڵات لە باشووری کوردستاندا، کاری ڕۆژنامەیی ئازادی قەدەغە کردووە؟ وەڵامەکەی ئاسان و ڕوونە، چونکە میدیای ئازاد دەتوانێت، چەندین دۆسییەی پەیوەست بە گەندەڵییەوە ئاشکرا بکات. کە لە لایەن حکومەتەوە، لەبەردەم ڕای گشتیدا، کراون و دەکرێن. بە تایبەتیش لە لایەن هەردوو حیزبی

دەسـەڵاتـدارەوە. ئەمـەش ئـەوەیـە کـە دەسـەڵاتـدارانی هـەرێم نایـانـەوێت. چـونکە ئاشکرابـوونی ئـەم گەنـدەڵی و دزییانەیـان، سەرەتـای کۆتـایی دەسـەڵاتی حـیزبییانە.

ئەمە گرنگترین هۆیە لە هۆیەکانی رێگریکـردن و قەدەغـەکردنی کاری میدیـای ئازاد لە باشـووری کوردسـتان.

بـۆ ئـەوەی زیـاتر راسـتگـۆ و راشکـاوبین لـەم فـایلـەدا، خوێنـەران دەخـەینە بـەردەم راستییەکی روون، پێویستە کەمێک بـاس لە میـدیاکـانی تر بکـەین. کە لە هـەرێـمدا کاردەکەن. بۆ نموونە میدیـاکان و راگەیانـدنەکانی تورکیا کە لە باشووری کوردستانـدا کاردەکـەن. ئەم میدیـایانەی تورکیا، بە دوو کەنـاڵی سەتـەلایتی تەلـەفزیـۆنی کوردیی بەکرێگیراویشەوە کە نۆکەری و پرۆپاگەنـدە بۆ تورکیای داگیرکەری کوردستان دەکەن. بێگومان ئەم میدیـا و کەناڵانە باس لە گەنـدەڵییەکانی هەرێمی کوردستان ناکەن. بەڵکو دەیانـەوێت کەنـدەڵییەکانی پـارتی دیموکـراتی کوردستانی هـاوپەیمانیان بپـۆشن. چونکە دەسەڵاتـدارانی رژێـمی تورکیاش دووچـاری گەلێ گەنـدەڵی بوونـەتەوە. بە تایبەتش لە کێشەی نەوتدا. سەرەڕای چەندفایلێکی تر. بۆیە دەبینین میدیاکانی تورکیا، بە تایبەتیش ئەوانـەی سەر بە پـارتی داد و گەشەکردنی دەسەڵاتـدارن. بە ئەوپـەڕی ئـازادییەوە لە باشووری کوردستان کاردەن، سێ بەشیشیان میتن و سیخوڕی لەسەر گەریلاکانی پارتی کریکارانی کوردستان دەکەن، بە رەزامەنـدی و چاوساغیی پارتی دیموکراتی کوردستان. دەتوانن لە هەر دەرگایەک بـدەن کە بیانـەوێت. هـیچ رێگـرییەک لە کارەکانیان ناکـرێن.

بە هوی ئەوەی کە تورکیا چەندین ناوچەی لە باشووری کوردستان داگیرکردووە، زیاتر لە پەنجـا مۆڵگەی سەربـازیی نـزیک دهـۆک و زاخـۆ هـەیە. تورکیای دەستـی بەسەر کۆمپانییە نەوتییەکان و ئابووری هەرێمی کوردستاندا گـرتووە. سەرەڕای ئەوەی کە کە هەریمی کوردستان بە تەواوی پشتی بە هـاوردنی کەلوپەل و بەرهـەمە خۆراکییەکان و پیشەسازییەکانی تورکیا بەستووو. بۆیـە میدیـاکانی تورکیا لە باشـووری کوردستانـدا، رۆژانە ستاییـشی پەیـوەندییەکـانیان لەگەڵ دەسەڵاتی هـەریـم دەکـەن.

لە کوردستانـدا، گەلێ میدیـای عـەرەبی و بیانی تـر هـەن کە کاری میدیـایی لە هەرێـمدا دەکەن. بەڵام بە راشکاوی و شەفافیەت باس لە گەندەڵییەکانی حکومەتی هەرێم ناکەن.

چونکە لەژێر فشاری یاسایەکی توندی میدیای هەرێمدان. لەم دۆخەشدا میدیای ئازاد ناتوانێت کاربکات و راستییەکان و گەندەڵییەکان و پێشێلکارییەکانی میدیا، لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و رۆژنامەکاندا باس بکات. چونکە زۆربەیان کەناڵ و رۆژنامەی حیزبین و رێ بە باسکردن و بڵاوکردنەوەی را و بیری ئازاد نادەن. چونکە هەر میدیایەک لە باشووری کوردستاندا کاربکات. پێویستە بەرژەوەندییەکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان لەبەرچاوبگرن. باسکردن لە گەندەڵییەکانی دەسەڵاتداران هێڵی سوورە. پێویستیشە بە ملکەچی جێبەجێکردنی مەرج و بەندەکانی یاساکانی میدیای هەرێمی کوردستان بێت. بە تایبەتیش لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان. هەر میدیایەکی کوردی، هەر رۆژنامەنووس و پەیامنێر و راپۆرتنووسیک رووماڵی گەندەڵی و ستەم و سەرکوتییەکانی حکومەتی دەسەڵاتدار و حیزبەکان بکەن و رەخنەیان لێبگرن و ناوی دزییەکانیان بهێنن و پێیان بڵێن پێتان خوار داناون. رووبەرووی لێکۆڵینەوە و لێدان و ئەشکەنجەدان و گرتن و سزدان و کوشتن دەبنەوە. بە یەکجاریش نووسینگاکانیان و هۆیەکانی راگەیاندنەکانیان دادەخەن.

باشووری کوردستان، لە سایەی دەسەڵاتێکی شکستخواردوودا، بە دەست کێشەی داراییەوە دەناڵێنێ، لە پاڵ کێشەی خەرجنەکردنی مووچەی فەرمانبەراندا کە حکومەت ناتوانێت مووچەی فەرمانبەران بدات، بە بیانووی قەیرانی داراییەوە.. کەچی ساڵانە بە ملیونان دۆلار لە میدیاکانی سەر بە دەسەڵاتیان و بۆ حیزبەکانیان و بۆ بانگەشە و پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکانیان و کرینی دەنگەکانی دەنگدەران خەرج دەکەن. بۆیە ئەم پرسیارە خۆی دێنێتە پێشەوە: ئەم حیزبانە ئەم هەموو پارە زەبەلاحەیان لە کوێ بووە؟! خۆ شاخەکانیش هیچ میراتییەکیان بۆ بەجێنەهێشتوون!

**باحکومەتی هەرێم لە رۆژی رۆژنامەگەری کوردیدا شانازی بە ئازادی رۆژنامەگەرییەوە نەکات**

:نوسینێکی شەهید کاوە گەرمیانی

یاسای ساڵی (1992)ی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بە ئازادی رۆژنامەگەری کردووە،لە بواری جێبەجێکردنیشدا ئەو یاسایە ناوێکی بێ ناوەڕۆکە رۆژنامەنووس سووکایەتی پێکراوە و زیندان و غەرامەکردن و کەلەبچەکراوە،پاش ئەوەی خودی خۆم بۆ ماوەی پێنج رۆژ،بە پێی ماددەی (433)ی یاسای عێراقی تایبەت بە (تۆمەتی چەواشە)تەوقیف کرام کە لە سەردەمی رژێمی بەعسدا ئەو یاسایە کاری پێکراوە،لە کاتێکدا هێشتا تۆمەتبارم و هیچم بەسەردا ساغ نەبۆتەوە،کە چی وەکو تاوانبارێکی مەحکوم مامەڵەم لە گەڵدا دەکرا،چونکە هەر لەیەکەم رۆژی بەندکرنمدا بەبێ لێکۆڵینەوەی دادگا خرامە زیندان و بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لە زیندانی تاکە کەسی پۆلیسی کەلاردا بەندکرام،ئەمە لە کاتێکدا یاسای کاری رۆژنامەنووسیش نوێ کراوەتەوە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و پەسەندکراوە،هاوکاتیش سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسەر داوە کە نابێت رۆژنامەنووس لە سەر کاری رۆژنامەنووسی زیندانی بکرێت،کە چی کاری پێناکرێت و نەك هەر زیندانی کردن،بە لکۆ وەك کەسێکی دزو جەردە خرامە ژووری چەقۆکێشەکان و جلڕشەکان،هەروەها بە دەستی زنجیرکراوەوە منیان خستە دواوەی ئۆتۆمبێلی جۆری فۆرد و بە پێش چاوی هاووڵاتییاندا برام تاکو کەسایەتی و رێزم لەناو خەڵکیدا نەهێڵن،ئەوەی جێی پرسیارە بەم یاسا نوێیە کاری پێناکرێت لەدادگاکاندا بەهۆی برگەو ماددەی خۆیەوە کە دەتوانێ رۆژنامەنووس بئاخنێتە نێو زیندانەوەو یاسایەك بەو چەشنە دژی ئازادی رۆژنامەگەرییە و هیچ جیاوازییەکی تێدا بەدی ناکەم لەگەڵ ئەو یاسایە زەمەنی بەعسدا،ئەم یاسایە بەچوونە بواری جێبەجێکردنەوە هەموو ئەو هوتافانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە و چیتر دەسەڵات ناتوانێت شانازی بە ئازادی

رۆژنامەگەرییەوە بکات،هێندەی تر بواری رۆژنامەگەری تەسکتر دەبێتەوە،کەلەپچە و سزاو زیندانی لە سیما دیارەکانی ئەم یاسایەیە،ئەمەش بەرتەسك کردنەوەی ئازادییە و قورقۆشمکردنە دەمی رۆژنامەنووسان و ترساندانی قەڵەمەکانە،وتەیەکی یەك لە سەرۆکەکانی پێشووی حکومەتی ڤەنزەوێلامان بە بیردێنێتەوە کە دەڵێت"ناترسم لە دەرگای جەهەنم کە بەڕوومدا کرایەوە،بەڵکو لە رشتنی مەرەکەبی قەڵەمی نووسەرێکی رۆژنامە دەترسم"با چیتر حکومەتی هەرێم شانازای بە ئازادی رۆژنامەگەرییەوە نەکات و خۆشیان بەنوێنەری خەڵك وەسف نەکەن.کە تا ئێستاش ئەو کێشەیە لەدادگای کەلار ماوەتەوە هەر رۆژێك بەبیانوێکەوە بانگم دەکەن،رۆژێك بۆ هێنانی سەرنوسەری گوڤارەکەو رۆژێك بو نەبونی فۆتۆکۆپی لە پۆلیس کەلار کە ئەمەیش بۆ ئەوەیە تا زیاتر ئازارم بدەن،کە خۆش لەوەدایە پۆلیسەکان بەنوکە ئاگادارم دەکەنەوە،زۆرشتی تر لەم دەسەڵاتە و پۆلیسەکان دەبێ چاوەڕوانی لێبکرێت.

## تاوانبارکردنی بە ئەنقەست

تیرۆرکردنی رۆژنامەنوسان لەهەرێمی کوردستان، یەکێکە لەو چەمکە قێزەون و بێزراوەی، کە چەندین ساڵە ئێمەی هاولاتیانی ئەم هەرێمە، پێی ئاشنابوین، لەرابردودا چەندین هەوڵی زۆر دراوە کە تیرۆری رۆژنامەنوسان رابگیرێت، چەندین رۆژ و کات و سات خراوەتە سەریەک، بۆ ئەوەی کە تیرۆری رۆژنامەنوسان رابگیرێت، بەڵام هەتادێت ئەم تیرۆرکردنە، لەشێوازو فۆرمی دیکە زیاترو بەرفراوانتر دەبێت، لەتازەترین تیرۆرکردنی رۆژنامەنوسانی هەرێمی کوردستاندا، زیاتر لە بیست رۆژە رۆژنامەنوسێکی تیرۆرکراو، لە کونجی زیندانەکانی پارتیدا دەژی، بەڵام بێدەنگییەکی کوشندە، باڵی بەسەر رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆی گشتی میدیاو رۆژنامەنوسان و خاوەن قەڵەمە ئازادەکاندا کێشاوە، بێدەنگییەکی شێوە خنکێنەر، کە بۆ داهاتوی کاری رۆژنامەگەری و ئازادی رادەربرین، رێگرییەکان زیاتر دەبن و نەفەسی ئازادی کارکردن، بەتەسکتر دێتە پێشچاو، بە جۆرێک، رۆژنامەنوسان چاو ترسێن دەبێت، لەلایەک شەقام و رۆژنامەنوسان لەیەک دەترازێنێت، لەلایەکی دیکە، گروپ و رێکخراوو چالاکوانان لەیەکتر دور دەخاتەوە، بەو ئامانجەی .کەبەرگریکاری کاری یەکتر و پاڵپشتی کاری یەکتری نەبن لە کارکردندا

لەمرۆژدا بەرونی ئەوە بەراوبەر بە رۆژنامەنوسی تیرۆرکراو، (زوبێر برادۆستی)، دەبینین، ئەو رۆژنامەنوسەی کە ماوەی بیست رۆژە، بەهۆی تۆمارکردنی دیمەنی بۆردومانی ناوچەی برادۆست، لەلایەن سوپای تورکیا و گواستنەوەی ئەو هەواڵە بۆ (ئاژانسی رۆژنیوز)، لەلایەن هێزێکی پارتی دەستگیرکراوەو تا ئێستا چارەنوسی نادیارە، ئەوەش تیرۆرکردنێکی دیارو بەرچاوە، کە دەیبینین بەراوبەر بەرۆژنامەنوسێک، لەو جۆرە تیرۆرکردنەیە، کە خوێنی نەرژاوەو لەژیاندا ماوە، بەڵام لەکونجی زیندانەکاندا دەیهێڵنەوەو بە گوتەی خۆیان "دەیکەن بە عیبرەت بۆ چاوترسێنکردنی رۆژنامەنوسانی دیکە"، بۆ بەرچاو رونی دەبێت ئەوە بزنین، کە تیرۆرکردن چەمکێکی قوڵی فکری و فەلسەفییە، لە دێر زەمانەوە هەتا ئەمرۆ، قسەو باسی زۆری هەڵگرتوە، لە نەوەدەکانی رابردودا مایکڵ لیمەن

کە باسی تیرۆریزم دەکات و دەڵێت " لەبنەڕەتدا تیرۆریزم بریتییە لە کەڵک وەرگرتن لە توندوتیژی، یان هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژی، بەجۆرێک گروپ و هێزو کەسانێک، بەمەبەستی بەرەو پێشبردنی ئامانجێکی دیاریکراو لەبەرژەوەندی خۆیان، چاوترسێنی هاونیشتیمانی و هاوڵاتیان دەکەن، ئەوەش لەڕێگای نایاسایی وەک ( کوشتن، گرتن، هەڵکوتانە سەر کەسایەتی و ڤڕاندن و وونکردن و بەبارمتەگرتن)".

لەڕوانگەی ئەو پێناسەیەی مایکڵ لیمەن، دەستگیرکردنی رۆژنامەنوسی ئاژانسی رۆژنیوز، (زوبێر برادۆستی)، تیرۆرکردنە، لەو جۆرە تیرۆرکردنەیە کە خوێنی نەڕژاوە، بەڵام بۆ چاوترساندنی رۆژنامەنوسانی دیکە، لە کونجی زیندانداە، ئەم جۆرە تیرۆردکردنە مەرگی رانەگەیەندراوە، بەڵام لەو ڕوانگەیەوە مەرگی ئازادی رۆژنامەنوسی راگەیەنراوە، چونکە ئەو بێدەنگییەی بەراوبەر بەدەستگیرکردنی رۆژنامەنوس زوبێر برادۆستی دەیبینین، عەیبەیەکی گەورەیە لەسەر قەڵەم و کیبۆردو کامێرای رۆژنامەنوسان و میدیاکاران، عەیبەیەکی گەورەیە لەگەردنی یەکەبەیەکەی پەڕلەمانتارانی هەرێمی کوردستان و پەڕلەمانتارانی کورد لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، عەیبەیەکی گەورەیە بەناوچاوی رێکخراوو میدیاو رۆژنامەو سەنتەرو ئاژانس و هەموو گروپ و تاقم و کەسیک کەکاری رۆژنامەنوسی دەکات، بە میدیایی حیزبی و حکومی و ئەهلی و ئازاد و تاکەکەسی و بازرگانی، عەیبەیەکی گەورەیە بە تەوێڵی ئەو رێکخراوانەی کە بۆ بەرگری ئازادی رادەربرین و دروستبون.

ئەمڕۆ زوبێر دەستگیرکراوەو تیرۆری کەسی کراوەو لە سوچی زینداندایە، سبەی من و تۆش هەمان چارەنوسمان دەبێت، دوێنێ سۆران و سەردەش و کاوەو وویدات و دەیان رۆژنامەنوسی دیکە، تیرۆرکران و خوێنیان بەناهەق ڕژێندرا، کەیسی خوێن ڕژانیان بەلاڕێدا برا، بەڵام ئەو کەیسانە بەتەنها لەگەردنی دەسەڵاتدارانە، رۆژی خۆی دێت، بکەرانی ئەو تیرۆرکردنە لەبەردەم دادگای دادپەروەرانەی خەڵک، ریز بکرێن و بەسزای خۆیان دەگەیەندرێن، بەڵام کەیسی رۆژنامەنوسێکی دەستگیرکراو، لە گەردنی هەر یەکەماندایە تا ئازاد دەکرێت، لەوڕوانگەیەوە زوبێر برادۆستی، لەگەردنی ئێمەدایە و دەبێت رێگای ئازادبونی بۆ بدۆزینەوە، دەبێت بەر لەهەموو کەس من و تۆ دەنگ هەڵبڕین،

داواکارییەکانمان بگەیەنینە بەشوێنی مەبەست، هەتا گوشار بخەنە سەر حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی و چارەنوسی ئەو رۆژنامەنوسە، دیاری بکەن، بە بێدەنگی من و تۆ بەراوبەر بەو تیرۆرکردنە، بەشێکین لە کردەی فڕاندن و تۆقاندن و گرتنی رۆژنامەنوسان، وەک گاری پۆتەر دەڵێت "تیرۆرکردن نانەوەی کەشێکی ترسناکە بۆ چاوترساندن و تۆقاندن"، خوێنی زوبێر برادۆستی، بەرلەوەی لە ئەستۆی دەستگیرکارانی بێت، لە ئەستۆی ئەو کەسانەشدایە کە بێدەنگن بەراوبەر بەو تیرۆرکردنە، لەپاش تیرۆرکردنی لاشەو تیابردن و لێسەندنەوەی ژیانی، نە شەقام گرتن و خۆپیشاندان، نە گوتارو پیاهەڵدانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و فەیسبوک، نە پەیککار بۆ کردن و بەستنی نەمەراسیم و بەخشینەوەی خەڵات، ژیان بەبەژنی ئەو رۆژنامەنوسەدا ناکەنەوە، بەڵام بێدەنگینەکردنی ئەمڕۆی من و تۆ، دەتوانین ژیانی بۆ بگێرینەوە، با من و تۆ بەشدار نەبین لەم تیرۆرکردنە و دەنگ هەڵبڕین بۆ ئازاد کردنی.

**تیرۆری سیاسی و ئازادی بیرورا لە حاکم تەحسینەوە بۆ سەردەشت عوسمان**

نەوەیەک پێگەیشتوە زانیاری گەلێک کەمە لەسەر دەیان قوربانی سیاسی و ئازادی بیرورا لەژێر دەسەلاتی پارتی ویەکێتی، چونکە ئەوا ن هەر سەردەشت و سۆران بە تیرۆری سیاسی و ئازادی بیرورا دەبینن . گەرنا ئەو رەفتار و کەلتورە تەنیا لەدوای راپەرینەوە پارتی و بادینان زیاتر برەویان پێی دا.

حاکم تەحسین و ساد ق عومەر لەسالی ١٩٩٢ و شەهیدە سەرکردە چەپەکانی بادینان ، رەئوف ئاکرەیی (تێکۆشانی ڕەنجدەران) ، ریناس (زەحمەتکێشان) ، ئەبو نەسیر (شوعی (کوردستان) ، یوسف تۆما شابۆ(ئاشوری) ، نەزیر عومەر (رەوتی کۆمنست

یەکێتی و دەڤەرەکەی عەلی بۆسکانی ١٩٩٢ ، مامۆستا ئەمینی جوتیاران ، حەمە حەلاق و ١١ هاورێی ، ....٥ کادیری کۆمنستی کارگەری ئیسلامیەکان

شاپور ، قابیل ، فەرهاد فەرەج .... کە بەپێی نوسینێکی نوسەر (سۆران عومەر) فەرهاد فەرەج لەلایەن مەلا کریکارەوە تیرۆر کرد.

هاوکات چەندین کەسایەتی تر تیرۆر کران لەوانە سلاح هەورامی

دوای سالی ٢٠٠٧ بەدواوە سەرلەنوي شەپۆلی تیرۆرکردن دەستی پێکردەوە کەسەرەتاکەی بە عەبدولستار تاهیر شەریف، سۆرانی مامە حەمە ، سەردەشت عوسمان کادیرەکانی یەکگرتوی ئیسلامی لەبادینان ... هاوکات مامۆستایەک لە دیانا تیرۆرکرا بەلام بەداخەوە کەمترین زانیاری لەسەر بلاوکرایەوە کەئەمەش رەخنەیە لە رۆشنبیرانی ئەو ناوچەیە کە بۆچ نەیان کردە هەوال و زانیاری زیاتر

کۆی ئەمانە قوربانی تیرۆری نەبونی ئازادی سیاسی و بیروران ، ئیتر با(ساد ق عومەر) کۆنە سەرۆک جاشیش بێ بەلام بەهۆی ئەوەی بوە هەواداری پکک لەبادینان پارتی تیرۆری کرد ، یان عەبدولستار تاهیر شەریف ئەویش دوای دیدارێکی لەگەل گۆڤاری لڤین تیرۆر کرا ون نەوەک لەسەر ئەو پاشخانە سیاسیە ی هەیان بوە !! کەواتە ئەم دیاردەیە کەلتورێکە لەناو پارتە سیاسیەکان کەلەقۆناخی شاخیش زادەی ئاستی سیاسی و ترسنۆکی سیاسیان بوە. ئەی بۆچ یەک نەوەی تازە پێگەیشتوو ئاشنا نیە بە و زنجیرە تاوانانە!

١/ ئەو کاتەی ئەو قارەمانانە وەک گەلای پایز هەڵ دەوەرین وکەمترین راگەیاندنی بیستراو نوسینی بوێر لەمالپەر ، گۆڤار ، کەنالی تیڤێ ، دەنگی کوردانی هەندەران هەبوو ،وە هاوکات هیج پارتیکی ئۆپزسیۆنی نەبوو کەئەو دۆسیانە گەورە بکات

٢/ بێ هەلوێستی پارت و رێکخراو و هاوسەنگەرانیان ، ئەمەش خالێکی تری کپ بونی ئەم دۆسیانەیە . تۆ سەیر بکە حزبی شوعی و زەحمەتکێشان و کۆمنستی کارگەری ٣ کادیری بالایان لەبادینان تیرۆر کراوە ، تا ئیستا ئەو پارتانە یادیشیان ناکەنەوە بەبەرنامەیەکی تیڤێ یان بە نوسینێ لەمینبەرەکانی راگەیاندنیان دا

٣/ بەداخەوە زۆرینەی میدیاکان لەهەموو دەنگ ورەنگەکانی رەخنەگری ئەم دەسەلاتە ، ئەوان قۆناخی تیرۆر لەدوای ٢٠٠٧ هەلدەسەنگینین ، من لەگەل هەندێ لەبەر پرسانیان

قسەم کردوە دەلێن ئەوە هی ململانێی سیاسی و شەری ناوخۆ بووە لەکاتێکدا هیچی راست
نیە زۆرینەیان قوربانی سەپاندنی دیکتاتۆریەت و هەلوێستەکانیان بوونە
٤/ ئەوەی واشی کردوە کەئەو زنجیرە تیرۆرکردنانە بەو نەوە نوێیە نەناسرێ یان ئەوەتا هاو شیوەی شەهیدان سەردەشت و سۆران نەبێتە بابەتی رۆژەڤ و بەردەوامی دەنگە ئازادیخوازەکان ، ئەوا شوێن و هاوکیشە سیاسیە ئەوکات وەک ئیستا نە بوو ،گەرنا لە ئیستادا ، کەسایەتیەکی سەرکردەی وەک (رەئوف کامیل) هەر لایەنێ تیرۆری بکات ، بزانن چ کاردانەوەیەکی گەورەی لێ دێتە ئاراوە . ئاخر ئەو لەسەردەمی نەبونی ئەو هەموو مینبەرە ئازاد و بوێرو سەربەخۆ و لایەنەکانی ئۆپزسیۆن ١٩٩٣لەهەولیر و دهۆک خۆپیشاندان و !نارەزایەتی بۆدەربرا بەتایبەتی ئەوەی هەولێر بەهەزاران کەس ئامادەبوو
بۆیە گەر دەمانەوێ پێش بە دۆسیەی تیرۆر بگرین و رێز لەقوربانیانی ئەو دۆسیەیە بگرین ، دەبێ کۆی دۆسیەکان لەدادگاکان سەر هەلبداتەوە و بکرێتەوە ، بابەتی ڕۆژەڤ و کارکردنی میدییایی . ئەمەش هەرگیز لەمەکانەت و مافی شەهیدان سەردەشت و سۆران کەم ناکاتەوە. بەپێچەوانەوە سەنگ و قورسایی و بەلگەی تاوانباری زیاتر دەداتە کەیسەکانی ئەوانیش . کەئەوان درێژ کراوەی رەفتاری کۆنی ئەو دوو پارتەن ، کەئەگەر زوو پێشی بگیرایە ، ئەوا پارتی ویەکێتی ئەو بوێرەیەیان نەدەبوو ، ئەودەنگە جوانانەی قەلەم تیرۆر بکەن
لەکۆتایش پرسیار لەهەموو میدیایە بەمۆرال و دەنگە ئازادیخوازەکان دەکەم هەست ناکەن هەلەیەک بەرامبەر ئەو دەیان قوربانیەی تیرۆری سیاسی پارتی ویەکێتی دەکەن ! ئاخر بۆ هەموو ئەوانەی لەهەولی دژایەتی تیرۆر و ئیرهابن تیرۆر هەر تیرۆرە ، جا بەرامبەر ئیسلامیەک بکرێ یان کۆمنست و لیبرالێ

**.:نامەکەی زەردەشت عوسمان کە بە خوێنی خۆی باجی دا**

من عاشقی کچەکەی مەسعود بارزانیم، ئەو پیاوەی کە جار جارە دەردەکەوێت و دەڵێت من سەرۆکتم، بەڵام من حەز دەکەم خەزورم بێت، واتە دەمەوێت ببم بە ئاوەڵزاوای نێچیرڤان.
ئەگەر ببم بە زاوای بارزانی، ئەوا مانگی هەنگوینیمان لە پاریس بەسەر دەبەین و یەك دوو شەوێکیش بۆ سەردان دەڕۆین بۆ کۆشکەکەی mامان لە ئەمریکا، ماڵەکەم لە گەڕەکێکی هەژارنشینی هەولێرەوە دەگوازمەوە بۆ سەری رەش و شەوان سەگی ئەمریکی و پاسەوانی ئیسرائیلی چاودێری ماڵەکەم دەکەن،.
باوکە بەدبەختەکەی پێشمەرگەی ئەیلولیشم کە تاوەکوو ئێستا پارتی خزمەتی پێشمەرگایەتی بۆ قەبوڵ ناکات بە بیانووی ئەوەی کە ئێستا پارتی نییە، باوکم دەکەم بە وەزیری پێشمەرگە.
برا بەدبەختەکەشم کە زانکۆی تەواو کردووە و ئێستا بێئیشە و دەیەوێت بە قاچاغ بڕواتە هەندەران ، ئەویش دەکەم بە بەرپرسی پاسەوانە تایبەتییەکانم.
خوشکەکەشم کە تاوەکوو ئێستا شەرم دەکات بڕواتە بازاڕ، دەبێت وەکوو کچە بارزانییەکان پرادۆ و وەنەوشە لێبوخوڕێت.
دایکیشم لەبەر ئەوەی نەخۆشی شەکرە و دڵ و زەختی هەیە و پارەی نەشتەرگەری دەرەوەی وڵاتی نییە، دوو دکتۆری ئیتاڵی لەماڵەوە بۆ تەعین دەکەم.
بۆ مامەکانیشم چەند دیوەخانێك دەکەمەوە و ئامۆزا و خاڵۆزاکانم دەکەم بە نەقیب و عەمید و ئامر لیوا.
بەڵام هاوڕێکانم دەڵێن"وازبێنە سەرۆ خۆت بەکوشت مەدە، ئەوە ماڵی مەلایە هەرئەوەندە گوتیان هەڕرە ئیدی ئیشت تەواوە"، باشە خۆ کفر ناکەم، سوێند بە دەسکی خەنجەرەکەی مەلا مستەفا ئیدریس بارزانی لەگەڵ باوکم سێ شەو لەژێر یەك لەتە شاخدا رۆژیان کردووەتەوە، ئاخر چیتێدایە با مەسعوود بارزانی خۆی بە سەرۆك بزانێت، ئەی ئەگەر سەرۆکە با بڵێ لەماوەی هەژدە ساڵی رابردوودا چەند جار سەری بە گەڕەکێکی هەولێر و سلێمانیدا کێشاوە؟

بەس کێشەکەم ئەوەیە ئەم پیاوە ئەوەندە عەشایەرە لەودیو سەری رەشەوە کەس بە پیاو نازانێت، ژنی هەموو سەرۆکەکانی دونیا لەرێگەی یەك کلیکەوە دەدۆزمەوە کەچی هەتاوەکوو ئێستا نازانم خەسووەکەم چۆنە.

نازانم بۆ داخوازی کێ لەگەڵ خۆم ببەم؟ لەسەرەتادا ویستم چەند مەلا و ریش سپی و پێشمەرگەیەکی کۆن کۆکەمەوە و ئێوارەیەك ناوی خوای لێبێنین، بەڵام هاورِێیەکی رۆژنامەنووسم وتی " کورِی چاك هەندێك جاش و ئەنفالچی بدۆزەوە مەسعوود زۆر حەزی بەوانە". برادەرێکی دیکە وتی وەڵاهی ئەگەر بەقسەی من دەکەی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی نێچیرڤان بارزانیدا برِۆ ژێر باڵی و بڵێ وەڵا ئیشێکی خێرم هەیە، یان ئەگەر نەشکرا کورە بە دەشنێ بڵێ ئەو زوو زوو دەیانبینێت با بۆتی تەرتیب بکەن

.

سەردەشت عوسمان و پێنوسە بوێرەکەی رووی دەسەڵاتی هەرێم و هەموو ئەو کاربەدەستانەی رِەش کرد کە باسی مافی مرۆڤ و ژیان و ئازادی رِادەربرِین ئەکەن و ئەڵێن ئازادی رِادەربرین هەیەو کەس زیندانی و ئازارو ئەشکەنجە ئادرێت و ناکوژرێت لەسەر دەربرِینی بیرو رِا.

سەردەشتی رۆژنامە نووس وەک رۆژنامە نوسێکی بوێر و خاوەن هەستێکی دڵسۆز بۆ نەتەوەو نیشتیمانەکەی ئەدواو ئەیویست هەوڵی گۆرانکاری بدرێت و نەتەوەو نیشتیمانەکەی لە قەیران و نەهامەتی رزگاربکرێت، نەوەکانی ئێستاو داهاتوو هۆشیار و ئاگادار بکاتەوە لە داهاتوە رِەش و پر لە نەهامەتیەکان، هەموولایەک ئاگادار بکاتەوە لە نەهامەتی و رۆژگارە رِەشەکانی ژیان، ئەو رۆژنامە نوسە بوێر و بە توانایە کە سەرەتای پێگەیشتنی بوو هەستی بە قەیرانەکان ئەکردو ئەیویست خزمەتی نەتەوەو نیشتیمانەکەی بکات و بە پێنوسەکەی دڵسۆزی خۆی بگەیەنێتە تەواوی نەتەوە و هەموو ئەوانەی ئەیانەوێت خزمەت بکەن و دڵسۆزی خۆیان دەربرِن بۆ نەتەوەو نیشتیمان.

چەکی دەستی سەردەشت عوسمان تەنها پێنوسە بوێرەکەی بوو، هەوڵی ئەداو ئەیویست کۆتایی بە رۆژگارە رەشەکانی ژیان بهێندرێت و روناکی روو لە هەموو لایەک بکات، چیتر هاوڵاتیان شوێنبزر و تیرۆر و خەڵتانی خوێن نەکرێن، کاری ئەو تەنها دڵسۆزی بوو بۆ

نەتەوەو نیشتیمانەکەی و گەیاندنی ئەو ڕاستیانە بوو کە ئەبونە خزمەت و دڵسۆزی بۆ نەتەوەو نیشتیمان و ئایندەیەکی رووناک بۆ نیشتیمانی کوردستان، هەستی ئەو تەنها دەربڕینی دڵسۆزی بوو، لەگەڵ ئەوەی ئەیزانی وتنی ڕاستی لە ژێر دەسەڵاتێکی بێوەفاو مافیادا، بەرهەمێکی تاڵە و ئایندەیەکی پڕ لە ئازارە بۆ ئەو کەسانەی ڕاستی ئەڵێن و ئەیانەوێت نەتەوە لە نەهامەتی و رۆژگارە ڕەشەکانی داهاتوو ئاگادار بکەنەوە، ئەیزانی دڵسۆزی و خزمەتی نیشتیمان لە ژێر دەسەڵاتێکی کاوڵکار و بکوژ و روخێنەرو خوێنرێژدا، ئەبێتە هۆکاری دەربەدەری و شوێنبزرکردن و زیندانی و خەڵتانی خوێن، بەڵام سەردەشت عوسمان نەتەوەو نیشتیمانەکەی لەلا خۆشەویست تر بوو لە گیان و ژیانی، بۆیە بوێرانە تێکۆشاو بە پێنوسەکەی ئەوندەی توانی دڵسۆزی بۆ نەتەوەو نیشتیمانەکەی دەربڕی و دریخی نەکرد، کۆتا ژیان و خەڵتانی خوێنیشی بوو بە هێماو هەستێکی دڵسۆزنانە و هەوڵدانی زیاتری دڵسۆزان بۆ دروستکردنی ئایندەیەکی روناک بۆ نەتەوەو نیشتیمان، وە هەروەها دروستکردنی زیاتر هەستی دڵسۆزانە و بوێرانە بۆ هەوڵدانی زیاتر بۆ ئایندەیەکی روناک بۆ نەتەوەو نیشتیمانی کوردستان.

سەردەشت عوسمان ئەوەندەی توانی هەوڵی دا و خزمەتی کرد، تا ئەوکاتەی لەگەڵ پێنوسەکەی خەڵتانی خوێنکرا، ئەونەیتوانی بەرهەمی پێنوسەکەی بە چاوە پرلە غەمەکانی ببینێت، بەڵام هەوڵ و تێکۆشان و دڵسۆزیەکەی بوویە هۆی زیاتر بە ئاگاهاتنەوەو وریاییەکی زیاتری هاوپیشەکانی کە زیاترو بوێرانە ترهەوڵبدەن بۆ ئایندەی نەتەوەو نیشتیمان، کە ئەوەش یەکێک بوو لە وەسێت و داواکانی ئەو رۆژنامە نووسە، ئەو راستە نەیتوانی بەرهەمی پێنوسە بوێرەکەی ببینێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە نەتەوەی کورد و هاوپیشەکانی سەردەشت ئەو هیوایەیان هەیە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەرهەمی دڵسۆزی ئەو رۆژنامە نووسە بوێرە ببینن و بزانن کە چەندە خزمەتی کردووەو چەندە بوێرانەو دڵسۆزانە تێکۆشاوە بۆ نەتەوەو نیشتیمانی کوردستان.

بێگومان هەر وشەو هەڵوێست و تێکوشان و دڵسۆزی و نارەحەتی و ماندوبون و ئازارێک، تا ئەگاتە قەترە بە قەترەی خوێنی دڵسۆزان، بێ بەرهەم نابێت و خزمەتێکە بۆ نەتەوە و نیشتیمان، لەگەڵ ئەوەی هیچ کاتیش لە یاد ناکرێت، هەمووی ئەبێتە هێزو تواناو هەوێنی

شۆڕش و تێکۆشان و هێزێک بۆ نەوەکانی داهاتوو و دڵسۆزانی نەتەوەو نیشتیمان، وشەو هەڵوێست و دڵسۆزیەکانی سەردەشت عوسمانیش تا ئەگاتە رۆژگاری خەڵتانی خوێنی، قەترە قەترەی خوێنە رژاوەکەی لەگەڵ ئەوەی هیچ کات لەیاد ناکرێت، هەوێن و هێزێکیشە بۆ دڵسۆزانی نیشتیمانی کوردستان.

لەورۆژگارەدا روو ئەکەمە هەموو ئەوانەی هەوڵی لەناوبردنی دڵسۆزانی نەتەوەو نیشتیمان ئەدەن، ئەوانەی ئەو قەڵەمە بوێرەیان خەڵتانی خوێنکرد، دڵنیابن ناتوانن بە هیواکانیان بگەن و دڵسۆزان لە دڵسۆزی نەتەوەو نیشتیمان دابڕن، چونکە تیرۆرکردن و خەڵتان خوێنکردنی سەردەشت و پێنوسەکەی، لەگەڵ ئەوەی زیاتر هاندەری دڵسۆزان بوو بۆ خزمەتی زیاتری نەتەوەو نیشتیمان، رورەشییەکی هەمیشەیش بوو بۆ خوێنرێژان، هیچ کات ئەورۆژگارە ڕەش و زوڵم و ستەمە لەیاد ناکرێت، وەک چۆن خوێنی ئەو رۆژنامەنووسە هیچ کات لەیاد نەکراوەو لەیاد ناکرێت.

خوێنی سەردەشت و خوێنی هەموو دڵسۆزانی نەتەوەو نیشتیمان، خوێنی هەر هاوڵاتیەکی نیشتیمانی کوردستان بۆ هەمیشەیی هێزو توانان بۆ تێکۆشانمان، وە پەڵەی ڕەشن بە ناوچاوانی بکوژان و هەموو ئەوانەی دەستیان سورە بە خوێنی هاوڵاتیان و دڵسۆزانی نەتەوەو نیشتیمان، تا رۆژگاری بە دادگاگەیاندن، لە رۆژگاری دادگاشدا تەنها دادگا ئەتوانێت چارەنوسی ڕەشی ئەو بکوژانە دیاری بکات کە پیشەیان ئازار و ئەشکەنجەو کوشتن و خوێنڕشتنی هاوڵاتیانی نیشتیمانی کوردستان بووە.

ڕۆژی ٤/٥/٢٠١٠ ڕۆژنامەنوس وخوێندکاری دواقۆناخی بەشی زمانی ئینگلیزی (سەردەشت عوسمان)لە بەردەمی پەیمانگاکەیدا بە بەرچاوی هێزەکانی پۆلیس وئاسایشەوە ئەیفرێنن ودوای ڕۆژێک بە شەهید کراوی تەرمەکەی لە موسڵ دەدۆزرێتەوە .

شەهید کردنی ئەم لاوە ڕۆژنامە نوسە بوە هۆی ناڕەزایەتیەکی فراوان لە ناوەوە ودەرەوەی وڵات .

وە لە زۆربەی زۆری شارو شارۆچکەکانی کوردوستان خەڵکی بەگشتی و خوێندکارانی زانکۆ وپەیمانگاکان بە تایبەتی ڕژانە سەر شەقامەکان وبووە هۆی ناڕەزایەتی دەربڕین ولە هەموو لایەکەوە پەنجەی تاوانیان بۆ دەسەلات دارانی دەڤەری زەرد درێژ ئەکرد

وە پارتییان بەئەنجام دەری ئەم کارە تیرۆیستیە ئەزانی بەتایبەتی بنەماڵەی بارزانی چونکە پێشتر کاکە سەردەشت چەند وتارێکی لەسەر بنەماڵەی بارزانی نوسیبوو .لە سەرەتا پارتی وبنەماڵەی بارزانی زۆر هەوڵیان دا کە خۆیان لەم کارە تیرۆرستیە بەدوور بگرن و وایان نیشان دا کە ئەنجام دەری ئەم کردەوە تیرۆرستییە ئەوان نین بەڵام هەرخۆیان زوو خۆیان ئاشکرا کرد وهیچ گومانیکیان نەهێشتەوەکە دەزگا بەد ناوەکەی پاراستن بە سەرپەرشتی مەسرور ئەم کردەوە تیرۆرستیەیان ئەنجام داوە بەم دەلیلانەی لای خوارەوە .

١- لە سەرەتابەهیچ شێوەیەک شەهید سەردەشت یان بەڕۆژنامە نوس ناونەئەبرد وئەیان ووت تەنها خوێندکارە .

٢-لەسیناریۆیەکی زۆر لاوازو بێبنەماوقێزەوندا سەردەشت یان بە تیرۆرست ناوزە د کرد

٣-خەڵکی کوردستان وخوێندکاران وهاوڕێیانی کاکە سەردەشت لەهەوڵی دروتسکردنی پەیکەرێک دابوون بەڵام دەسەڵاتداران ڕێگربون نەیان هێشت. بۆ ؟

٤- جیا لە ئێوە چ کەس ولایەیێک ئەتوانێ لە بەر دەمی پەیمانگادا ولەناوشاری هەولێردا بە ڕۆژی ڕوناک ئەم ڕۆژنامە نوسە بەناو ئەم هەموو بازگە یەدا بباتە شاری موسڵ .

ماوەتەوە ئەوەی بەم دەسەڵاتە بڵێن خەیاڵتان خاوە ئەگەر بتانەوێ بەم شێوەیە درێژە بدەن بە دەسەڵاتتان.چونکە زەمانی ترس وتیرۆر لەهەموو دنیادا بەسەرچووتەنها لای ئێوەی خێڵەکی باوە.

ئەمڕۆ یان سبەی ئێوەش کۆتایتان دێ وئەکەونە بەر ڕق وتوڵەی ئەو جەماوەرەی کە بە درێژایی بیست ساڵە درۆی ڕەنگاوڕەنگیان بۆ ئەکەن.

تیرۆرکردنی سەردەشت هەموو دنیا دەزانێت لە سەر بابەتی (من عاشقی کچەکەی بەرزانیم) بوو، وە هەرئەو بنەماڵەیەش تیرۆریان کرد ، بەراستی لە پاش ماوەیەکی دوورو درێژ و بە حیسابی خۆیان و دادگا ساویلکانەکەیان ، ئەم تاوانە نارەوایەیان داوەتە پال ئەنسارالئیسلام ، بەڵام ئاخرمن دەپرسم بۆ ئەنسارالئیسلام لە بەر ئەوەی سەردەشتی جوانەمەرگ کۆمۆنیست بوو ، سوکایەتی و ئیهانەی بەدین کردبوو !! یان تەنها وەك هاوڵاتیەکی ئەم وڵاتە داگیرکراوە لەلایەن بنەماڵەی بەرزانیەوە ، عاشقی کچەکەی سەرۆك بوو ، بە هەر حاڵ گریمان ئەو سیناریۆیەی بنەماڵەی بەرزانی و دادگاو دارودەستەکەیان ڕاستە ، کە سەرەرای تیرۆرکردنی

ئەو گەنجە ڕۆژنامە نوسە تۆمەتی ئەنسارولئیسلامیشیان داوەتە پاڵی ، ئەی (سۆرانی مامە حمە ، عبدالستارتاهیر شریف ، هەرەشەکانی سەر ئەحمەد میرە ستافی گۆڤاری لڤین ، ئەی هەڵکوتانە سەر بنکەو بارەگاکانی گۆڕان ، ئەمانەش هەموو ئەنسارالئیسلام بوو ؟ خەڵکی کوردستان باش دەزانن کە پیلان و کارە تیرۆریستیەکانی بنەماڵەی بەرزانی زۆر لەوە زیاترو بەربڵاو ترە کە بە سیناریو کورتە فلیمێکی ئاوا ، کۆتایی بە گرفتێکی ئاوا بهێنن بەناوی چەند کەس و گروپەوە . ئەمەش وەکو خیانەتەکانی سی و یەکی ئاب و هەکاری و شەری ناو خۆ بە پیرۆزو سەربەرزی ناوببات . ئەم نەخشەو پلانانەی بنەماڵەی بەرزانی زۆر لەوە ئاشکراترە کە خەڵکی ساویلکەشی پێ بخڵەتێنن . لەبەر ئەوەی کە هەموو کوردستانیان پاوان کردووە و بوونەتە میراتگری ، شەرم و شورەیی نیە کە خوێنکارێکی گەنج و ڕۆژنامە نوس ، لە ناو حەرەمی زانکۆو بە بەر چاوی پایتەختەوە و لە نێوان پانزە بازگە دا بە ئاسانی گروپێکی ئیسلامی بیفڕێنن و تیرۆریی بکەن ، ئەی ئێوە ئەی دەزگای ئاژانسی مەسروری تیرۆریست لە کوێ بوو ، ئەی ئاسایش و پۆلیس و زێرەڤانی لە کوێ بوون !!! ئەگەر ئەمە سیناریۆ نیە کە لە لایەن خودی بنەماڵەوە دارێژرابێت . داتاشینی لەو جۆرە سیناریۆیانەی بنەمالەی بەرزانی لە مێژوودا هەزار بارە بووەتەوە ، چوونکە ئەم بنە ماڵەیە بەسروشت خۆیان بە پیرۆزدەزانن نابیت کەس لە پیرۆز کردنیان زیاتر هیچ لە بارەیانەوە بلیت ، بەلام لە هەمان کاتدا ئەم بنەما لە دا سەپیوە کە مێژووی سیاسەتیکی هەلە دایسەپاندوون ، دەبی زۆر بە ئاسایی وەربگرین کە ، لە م جۆرە سیناریۆیانەیان هەبیت ، هەموو دنیا هەتا ولاتانی غەربیش دەزانن کە بکوژانی سەردەشت و ئەوانی تریش لە چوار چیوەی ئەم بنەماڵە تیرۆریستە ناچیتە دەرەوە . ئیتر کاتی ساویلکەیی و چەواشەکاری ئەم بنەماڵەیە بەسەر چوو . بۆیە من بەپیویستی دەزانم کە بە کۆمەلانی خەلکی کوردستان و ئازادی خوانی دەنگی ئازاد بلیم کە . جگە لە بنەماڵەی بەرزانی کەسیکی تر نیە بکوژی سەردەشت بیت ، ئەگەر بە مێژووی ئەم بنە ماڵە دا بچیتەوە سەر لەبەری لاپەرەکانی تائەمرۆ و بۆ ئایندەش دەستیان سوورە بە خوینی رۆڵەی کورد ، مێژوویان پرلە خیانەتە . ئەمانە دەبیت بەفیکەو بە سواری کەر وەدەریان نێیت لە کوردستان , ئەگەر نا دەبی . چاوەروانی دیان سیناریۆی جەرگبری تربین لەم جۆرە

## سەردەشت عوسمان کێبوو...؟

## وێستگەکانی ژیانی سەردەشت

نوسینەوەی ژیاننامەی رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان کارێکی ئاسان نیە، چونکەگەنجێك کەلەتەمەنی5 ساڵیدا چۆتە بەرخوێندنو هێشتا بیستو سێبەهاریتەواو نەکردبێتو سەختی ژیانو خوێندن لەسەر شانیبێت،دەبێت ژیاننامەیچیبێت و چی بنوسرێتەوە ؟ جگەلەشەونخونی بەدیار فانۆسو هیلاکیو ماندوبونیو راکردن بەدوایی تەواوکردنیخوێندن و کارکردن و دابینکردنی پێداویستیەکانی، بۆیەلێرەدا بەچەند وێستگەیەك لەژیانی تایبەتی ئاشناتان دەکەین:

سەردەشت عوسمان حسن حمد ) لەدایک بوی ٢٥-١٢-١٩٨٧ ی هەولێر، گەڕەکی کرێکارانی شاری هەولێرە،منالٌی دەهەمینی خێزانەکەیەتی کە دوای خۆی دوو برای بچوکتریشی هەیە، خێزانەکەی جوتیارێکی راگوێزراو و چەوساوەی دەستی رژێمیگۆڕبەگۆڕی دەشتی شەمامکیهەولێرە کە لەکۆتاییەکانی ساڵی هەشتاکان کەوتنە بەر شەپۆلی راگوازتن و لە گوندی گردعازەبانەوە گواسترانەوە بۆ هەولێر .سەردەشت لەو هەلومەرجە لەدایک بوو، لەیەکەم چاوکردنەوەی نیگاکانیئاشنا بوون بەزوڵمو زۆرداریو برسیەتیو نەبونیو ئاوارەییوربەدەری ، لەیەکەم نیگاوە دیمەنە ناخۆش و ناشیرنەکانی ژیانی بینی، کاتێك چاوەکانیشیماندوو بوو، دەستیبرد بۆ قەڵەم، بۆ ئەوەیخەمی کۆمەڵگاکەی بگرێتە کۆڵو رووداوەکان وەکو خۆیبگوازێتەوەو کۆتایی بەبێمافیو نایەکسانیو چەوسانەوەبێت. بۆ ئەوەیگەنجانی مەملەکەتەکەیهیواو خواستەکانیان وردو خاشنەکرێ، بۆ ئەوەیمناڵانی کورانو باداوەو تەعجیلو کانیسپیکە و ئیمام قاسم و ئازادی و رەحیماوە لەگەڵ چاوکردنەوەیان قوڕو تۆزو خۆڵ بەچاوەجوانو ناسکەکانیان ئاشنا نەبێت، بۆ

ئەوەی‌پەککەوتوانی‌گەڕەکی کرێکارانو کوردستانو ئازادی‌ڕێزیان لێبگیرێت، بۆ ئەوەی‌کەرامەتی‌هەمووان لەبارەگای‌کۆمەڵدا پارێزراوبێت، ئەفسوس مەرگەوەرەکانی‌تاریکی‌چاویان بەهەستو نەستی‌پڕ لەبەرائەتو ئینسانۆستی‌و هیواو ئاواتو بەرنامەو پرۆژەگەلێك هەڵنەهات، کەسەردەشت لەبەرنامەی خۆی‌داینابوو .
لەتەمەنی 5ساڵیدا بەشێوەی(گوێگر) دەچێتەبەر خوێندنو لەقوتابخانە(نیگاری‌رەتای‌تێکەڵاو)لەگەڕەکی‌کرێکارانی‌شاری‌هەولێر دەستدەکات بەخوێندن، بەڵام لەبەر زیرەکی‌و هۆشیاری، مامۆستایانو دەستەی کارگێڕی‌قوتابخانە نەیانتوانی‌لەهاوپۆلانی‌دابیڕێنو بەدەرچوو ئەژماریانکرد .

پلەکانی‌خوێندی‌سەرەتای‌بەخێرایی‌و بەبێ‌دواکەوتن بڕی ، دواتر چووە قوناغی‌ناوەندی‌و لەناوەندی( شەهید صالح یوسفی) درێژەی‌بەخوێندنداو بەبێ‌دواکەوتن بە3ساڵ قوناغی‌ناوەندیشی‌تەواوکرد، دواتر لە(ئامادەیی‌ئازادی‌کوڕان )هەر لەنێو شاری‌هەولێر بە3ساڵ قۆناغی ئامادەیی‌بەسەرکەوتوی‌تەواو کردو لەبەشی‌ئینگلیزی‌کۆلیژی‌زمانی زانکۆیی‌سەڵاحەدین وەرگیراو لەم چوار ساڵەی‌خوێندنیشیدا، بووەجێگای خۆشەویستی‌خوێندکارانو مامۆستایانو فەرمانبەرانی‌کۆلێژ. سەردەشت لە ماوەی قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەی، زۆربەی ساڵەکان سودی لە پشوی هاوین وەرگرتوە و کاری تێدا کردوە بۆ ئەوەی بژێوی خوێندنەکەی و پێداویستیەکانی دابین بکات ،لەسەرەتای دورست کردنی پارکی هەولێر کرێکاری تێدا کردوە،ماوەیەک لەگەڵ ماڵ پورێکی ئیشی بۆیە و سبوغی کردوە ،ئەمە جگە لەچەندین ئیشی تاقەت پروکێنیتر کە لەبەرامبەر جەستەی بچوکی ئەو زۆر قورس و گران بوو .

سەردەشت، ئارەزووی گوێگرتنی لە گۆرانیەکانی هونەرمەندان عباسی کەمەندی و مەزهەری خالقی و شەجریان و داریوش و تایەر تۆفیق و زەکەریا عبدللە و زۆرێک لەگۆرانیە فارسی و غەربیەکان بوو، هەروەها زۆرێک لە دەستنوسەکانی نوسەرانی کورد بەختیار علی و مەریوان وریا قانع و هیوا قادر و فاروق رەفیق ....دەخوێندەوە،هەروەها لە

ئەو گەنجە ڕۆژنامە نوسە تۆمەتی ئەنسارولئیسلامیشیان داوەتە پاڵی ، ئەی (سۆرانی مامە حمە ، عبدالستارتاهیر شریف ، هەرەشەکانی سەر ئەحمەد میرە ستافی گۆڤاری لڤین ، ئەی هەڵکوتانە سەر بنکەو بارەگاکانی گۆڕان ، ئەمانەش هەموو ئەنسارالئیسلام بوو ؟ خەڵکی کوردستان باش دەزانن کە پیلان و کارە تیرۆریستیەکانی بنەماڵەی بەرزانی زۆر لەوە زیاترو بەربڵاو ترە کە بە سیناریو کورتە فلیمێکی ئاوا ، کۆتایی بە گرفتێکی ئاوا بهێنن بەناوی چەند کەس و گروپەوە . ئەمەش وەکو خیانەتەکانی سی و یەکی ئاب و هەکاری و شەری ناو خۆ بە پیرۆزو سەربەرزی ناوببات . ئەم نەخشەو پلانانەی بنەماڵەی بەرزانی زۆر لەوە ئاشکراترە کە خەڵکی ساویلکەشی پێ بخڵەتێنن . لەبەر ئەوەی کە هەموو کوردستانیان پاوان کردووە و بوونەتە میراتگری ، شەرم و شورەیی نیە کە خوێنکارێکی گەنج و ڕۆژنامە نوس ، لە ناو حەرەمی زانکۆو بە بەر چاوی پایتەختەوە و لە نێوان یانزە بازگە دا بە ئاسانی گروپێکی ئیسلامی بیفڕێنن و تیرۆریی بکەن ، ئەی ئێوە ئەی دەزگای ئاژانسی مەسروری تیرۆریست لە کوێ بوو ، ئەی ئاسایش و پۆلیس و زێرەڤانی لە کوێ بوون !!! ئەگەر ئەمە سیناریۆ نیە کە لە لایەن خودی بنەماڵەوە دارێژرابێت . داتاشینی لەو جۆرە سیناریۆیانەی بنەمالەی بەرزانی لە مێژوودا هەزار بارە بووەتەوە ، چوونکە ئەم بنە ماالەیە بەسروشت خۆیان بە پیرۆزدەزانن نابیت کەس لە پیرۆز کردنیان زیاتر هیچ لە بارەیانەوە بلیت ، بەلام لە هەمان کاتدا ئەم بنەما لە دا سەپیوە کە مێژووی سیاسەتیکی هەلە دایسەپاندوون ، دەبی زۆر بە ئاسایی وەربگرین کە ، لە م جۆرە سیناریۆیانەیان هەبیت ، هەموو دنیا هەتا ولاتانی غەربیش دەزانن کە بکوژانی سەردەشت و ئەوانی تریش لە چوار چیوەی ئەم بنەمالە تیرۆریستە ناچیتە دەرەوە . ئیتر کاتی ساویلکەیی و چەواشەکاری ئەم بنەمالەیە بەسەر چوو . بۆیە من بەپیویستی دەزانم کە بە کۆمەلانی خەلکی کوردستان و ئازادی خوانی دەنگی ئازاد بلیم کە . جگە لە بنەمالەی بەرزانی کەسیکی تر نیە بکوژی سەردەشت بیت ، ئەگەر بە مێژووی ئەم بنە مالە دا بچیتەوە سەر لەبەری لاپەرەکانی تائەمرۆ و بۆ ئایندەش دەستیان سوورە بە خوینی رۆلەی کورد ، مێژوویان پرلە خیانەتە . ئەمانە دەبیت بەفیکەو بە سواری کەر وەدەریان نێیت لە کوردستان , ئەگەر نا دەبی . چاوەروانی دیان سیناریۆی جەرگبری تربین لەم جۆرە

نێوانیان،بەڵام لەماوەی ٢٣ ساڵی تەمەنی سەردەشتدا بۆ یەکجاریش بیرم نایەت لێی تورە ببم و دەستم لێی بەرز کردبێتەوەسەردەشتی ئازیز، زۆر سەرسام بوو بەغاندیو ماندێلاوگیڤارا،هەمیشە دەستنوس و ژیان و بیۆگرافیای دەخوێندنەوە و بەژیانی سادە و ساکار و شۆرشگێریان سەرسام بوو، هەر بۆیەش خۆشی لە ژیانیدا نەبوونیو برسییەتیو بێ جلو بەرگی قبوڵ بوو،نەك نامەردیو سەردانواندن بۆ ژیانیشاهانەی سەرکزی، بەدەیان کەڕەتو دەیان هەفتە بەگیرفانیخاڵیگوزەراندی و زەردەخەنەیەکی دەستکردیشت بۆ کەس نەکرد ،لەکاتی رفاندن و تیرۆرکردنیشی هەموو سەرمایەی ژیانی کە لەنێو جانتا تایبەتیەکەی بوو ( ١٢هەزار دیناری عێراقی ) و وێنەیەکی خۆی و دایکی بوو .

رۆژنامەنوسی تیرۆرکراو سەردەشت عوسمان، حەزو ئارەزووی یاریو تۆپ تۆپێن بوو،زیرەک و لێهاتوش بوو لەم بوارەدا ، بۆیەلەماوەیەکیکورتتدا لەقۆناغیئامادەیی پەیوەندیدەکات بەتازەپێگەیشتوانییانەیهەولێرو دوایی تاقیکردنەوە، بەیەکێك لەیاریزانەسەرەکییەکانیتازەپێگەیشتوانی یانەیهەولێر دەستنیشان دەکرێت، بەڵام دوایی چوونیبۆ زانکۆ و سەرقاڵی بەخوێندنو کاریراگەیاندن نەیتوانیبەردەوام بێت، بەڵام هەمیشە تەماشاکەرو چاودێرێکیوردییارییەکان بوو، هاندەری هەڵبژاردەی ئەرجەنتین و یانەی بەرشلۆنە و یاریزان میسی بوو .

هێمنی و کەم قسەکردن و بێ دەنگی ،سیمایەکی بەرجەستەی شەخصیاتی سەردەشت– عوسمان بوو،وەکو خۆی باسیدەکرد ( نایەوێت بە قسەی بێ سود ژینگە پڕ بکات لە ژاوەژاو) لەکاتی قسە و گفتوگۆکانی هەوڵیدەدە بە کەمترین کات و کەمترین رستە قسەی دڵی خۆی بکات بۆ ئەوەی کەس بێزار نەبێت،لەکاتی وەڵامدانەوەی پرسیاریش هەوڵیدەدا بە چەند وشەیەک قناعات بە بەرامبەرەکەی بهێنێت ، بکوژانی ئازادی زۆر باش بلیمەتیو هۆشیاریو زیرەکی ئەو گەنجەیان خوێندبویەوە، کەچۆن دەبێتە چرایەکیروناکی بۆ کۆمەڵگاکەی. چۆن دەبێتە بەربەستێکیگەورەلەبەردەم نایەکسانیو ناعەدالەتیو زوڵمو زۆرداری، دەیانزانیکە قەڵەمێك کەسەردەشت بەدەستیەوەگرتووە، دەبێتە سەرەتایەك بۆ

شکاندنی بتەکانسەردەشت عوسمان ، دەیزانی ئەو ڕێگایەیگرتویەتییەبەر، بێ مەترسی‌نییە، ئەو دەیزانیهەر شەش لاکانیتەندراوە بەهێڵی سوور،بەڵام وێرانیکۆمەڵگاکەیو بوونیدەیان دیاردەینەمۆ و ناشارستانی،ویژدانیئازاردەدا و هەمیشە لە بیرکردنەوە بوو بۆ ژیانێکی باشتر،سەرەنجام دوای ئەوەی هەڕەشە و فشارەکان نەیانتوانی لە پەیامە ئازادیخوازەکەی پەشیمانی بکەنەوە لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە( ٤-٥-٢٠١٠ )لەلایەن هێزێکی تایبەت و پلان بۆ داندراو لەبەر چاوی پۆلیس و خەڵکێکی زۆر لە بەردەم کۆلێژی ئادابی زانکۆی صلاحەددین لەشاری هەولێر، لەکاتی چونی بۆ دەوامی کۆلێژ بەزۆر و لێدان دەخرێتە ناو سیارەکی جۆری کیا و دوای ئازار و ئەشکەنجەدانێکی زۆر بە گوللەیەک لەنێو دەمی( وەکو ئاماژەیەک بۆ بێدەنگ کردنی )، تیرۆر دەکرێت ،لەکاتی رفاندیشی باسی دەرچونەکەی لە دەستی بوو تا پێشکەشی زانکۆی بکات و لەدەستی بەردەبێتەوە و هاوڕێکانی دوای خۆی هەڵیدەگرنەوە، دوای دوو ڕۆژ تەرمەکەی لەشاری موصڵ فڕێدەدرێت ، کە تەنها ١٢ هەزار دیناری عێراقی و وێنەیەکی خۆی و دایکی و ناسنامەی کۆلێژەکەی لەنێو گیرفانیدا بوو .

سەردەشت عوسمان،چوە ریزی پیاوەمەزنەکانی دنیاو بۆ هەتایە ناوی بەبەرزی دەمێنێتەوە، سەردەشت و ئازادی دوو ووشەی لێکدراون لەفەرهەنگ و لەکتوری خەڵکی عێراق و کوردستان

پاش تیرۆر کردنی سەردەشت عوسمان و دەربڕینی نارەزایەتی لەلایەن خەڵکی ئازادی خوازی کوردستانەوە ، دەسەڵاتی کوردستان دوچاری تەنگژەیەکی هەمەلایەنە بوەتەوە و نازانێت چۆن مامەڵە لەگەل ئەو کەیسەدا بکات لە لەسەراسەری دونیادا دوچاری ڕەخنەو نارەزایەتی بوەتەوە ،لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان هەموو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە ئەو تاوانە گەورەیەدەخەنە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی هەولێر و هەموو پێشهات و پاشهاتەکانی ئەو تیرۆرەش ئەوە روون دەکەنەوە کە دەسەڵاتدارانی هەولێر کەمتەرخەم بوون لە و هەڕیشانەی

کە ئاڕاستەی سەردەشت کراوەو پێش شەهید کردنی و هەروەک خەڵک بەگومانە لەدەسەڵات کە جۆن لەبەردەمی زانکۆدا بەبەرچاوی پۆلیسی زانکۆوە دەفرێندریت و پاشان جۆن بەو هەموو بازگەیەدا دەر دەکرێت و مەیتەکەی لە موسڵ دەدۆزریتەوە ، هەموو ئەمانە گومانی ئەوە دەدەنە هەموو لایەک کە ئەگەر دەسەڵاتی هەولێر و پارتی بەتایبەتی دەسەتی نەبێت لەو تیرۆررەدا ئەوە ، بەدڵنیاییەوە بەرپرسن لەو تیرۆرە لەبەر ئەوەی کە پێش سەهید کردنی سەردەشت هاواری کردوە تیرۆرم دەکەن ئەی بۆ کەس بەفریای نەکەوت ؟

ئەی کاتیک ڕفیندرا بۆ بازگەکان ئاگادار نەکرانەوە لەو روداوە تاوەکوو ڕێگە بگیریت لەو تاوانە ؟

هەموو ئەوانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی هەولیر بەرپرسن لەو تیررۆرە و دەبێت بەزۆترین کات تیرۆرریستان بدۆزنەوە ،و دورر لە هەموو هەڵچونیک دەبێت دەسەلاتدارانی کوردستان لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن و تاوانباران بدۆزنەوە و دانیش بەوەدا بنێن کە

یەکەم : دەسەلات دارانی هەولێر بەگشتی و وەزارەتی ناوخۆ کەمتەر خەم بوە لە تیرۆر کردنی سەردەشت .

دوەم : دان بەوەدا بنێت کە سەردەشت قوتابی زانکۆ بوە لەهەمان کاتدا رۆژنامەنوس بوە . پێدەجێت کە کەمتازۆر دەسەڵاتی هەولێر دان بنێت بەوەی کە دەسەڵات کەمتەر خەم بوە بەوەی کە رایگەیاندوە کە چەند کەسیک دەستگیر کراون لەوانەی کەمتەر خەمبوون لەروداوەکە وەکوو ئەو کارمەندەی پۆلیس کە لەکاتی ڕفاندنی سەردەشت دا لە زانکۆ بوە ، بەڵام پێ ناجێت کە دەسەڵاتدارانی هەولێر بەتایبەتی دەسەڵاتدارانی پارتی دان بەوەدا بنێن کە سەردەشت رۆژنامەنوس بوە ئەوەش لە پێناوی ئەوەی کە ئەو گومانە لە خۆیان دور بخەنەوە بۆیە لەزۆربەی راگەیاندن و نوسینەکانی سەربەدەسەڵات دا بە قوتابی زانکۆ ناوی دەبەن وەکوو ئەو لێدوانەی بەرێز کەریم سنجاری بۆ رۆژنامەی حەیاتی چاپی لەندەن کە تانها بەقوتابی ناوی بردبوو هەرچەندە هەموو نوسینەکانی دەرەوەی دەسەلات و رۆژنامە نوسان و جالاکوانانی بواری مافی مرۆڤ و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان و هەندێک لە پارتە سیاسیەکانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان سەردەست بە

ڕۆژنامەنوس و خوێندکاری زانکۆ ناو دەبەن و سەردەشت لە ئاشتی نامەشدا لەبواری وەرگێڕاندا کاری کردوە تەنها وەرگێڕانەکانی سەردەسگ بەسن بۆ ئەوەی کە بەڵێ سەردەشت نەوەک تەنها ڕۆژنامەنوس بەڵکوو وەرگێڕیش بوە لە بواری ڕۆژنامەنوسیدا بۆیە ئەو ڕاگەیاندنانەی دەسەڵاتدارانی هەولێر ناتوانن شەهید سەردەشت تەنها بو خوێندکار بناسینن ئەو شەهیدی ڕۆژنامەنوس بوو دواجار بەخوێنی خۆی ئەوەی سەلماند کە ڕۆژنامەنوس و وەرگێرو خوێندکار بوو ، ئەگەر سەردەشت قەڵەمەکەی بفرۆشتایەو نوسەرێکی دەرباری دەسەلات بوایە پشتی لە خەڵک بکردبایەو تەنها خوینکار بوایە ، ئەوە نەک شەهید نەدەکرا بەڵکوو وەکو هەموو ئەو نوسەرانەی کە قەڵەمەکانیان کردوەتە تیر و ئاراستەی خەڵکی مەشمەینەتی کوردستانی دەکەن ئەویش نەک تەنها خۆی بەڵکوو بنەماڵەکەی لەسایەی دۆلاردا دەحەساندەوە بەڵام سەردەشت ڕازی بوو بە بەکۆمپوتەریکی کۆن و لە خانویەکی کۆندا هەوڵ بدات تاوەکوو لە ڕێی خویندنەوە خۆی پیبگەیەنێت و لەرێی نوسینیشەوە بەرگری لە مافی خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان بکات ، بەداخەوە وەکوو سەردەشت لەدوا ووتاریدا دەلێت :

بەدبەختی ئەم دەسەڵاتە باکی بەمردنی نەوەکانی خۆی نیە

ئەگەر نا دەسەڵات دەبوو لەسەر شەهید کردنی سەردەشت بەرپرسی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی دەست گیر بکردبایەو تا دۆزینەوی تیرۆریستان ئازادی نەکردبایە ، من لیرەو لە هەموو ئەو کەسانە دەپرسم کە سەردەشت تەنها بە خویندکاریکی سادە ناو دەبەن ئەری بەڕاست هەموو کردستان چەند کەسی دیکەی تێدایە وەکوو سەردەشت بە پشت بەستن بەخۆی و بەبێ هیچ هاوکاریەکی ئەوتۆ بتوانێت بگاتە ئەو ئاستەی خویندن و کاری وەرگێری بکات و کاری رۆژنامەنوسی بکات ؟

ئەری بەڕاست ئەو وەرگێڕانەی کە لەگەل دەسەڵاتدا کاردەکەن چەند ملیۆن دۆلاریان بۆخەرج کراوە تاوەکو خوێندنیان تەواو کردوە ئەی چەندی دیکەیان بۆ تەرخان کراوە تاوەکوو فێری زمان ببن ئەی رۆژانەکەیان مانگانەی چەندی وەکوو سەردەشت وەر دەگرن ؟

لە کۆتاییدا تەنها ئەوە بەدەسەڵات دەلێم ئەگەر دەتانەوێت بەوەی کە سەردەشت لە ڕۆژنامەنوسی دابېڕن و لیکۆڵینەوەکەی بەلاڕیدا ببەن ئەوە نوسینەکانی شاهێدی دەدەن (بەتایبەتی نوسینی (دوایەمین زەنگی کوشتنم لێی دا
با کاربەدەستەکانی دەسەلات ونوسەرە دەربارەکانی دەسەڵات باش گوی بگرن دوا ووتەی شەهید و راست گۆیانە وەلامی ئەو پرسیارەم بدەنەوە
: ئایا بەهەموویان لەمانای ئەو ووتەیەدەگەن کەدەڵێت
تائەو شوێنەی کەماوبین دەبێت قسەبکەین لەو شوێنەش کەنەماین کەتەمەنمان کۆتایی هات
!!!! باهاوڕیکەم خاڵێکم بۆ دابنێت بێتە سەردێڕێکی نوێ و سەرلەنوێ دەست پی بکاتەوە
ئەگەر لەفەلسەفەی ئەو ووتەیە تیبگەن ئەوە چیدی سوکایەتی بە رۆژنامە نوسان ناکەن و لەوەتێدەگەن کە بە تیرۆر کردنی سەردەشتەکان هاوڕێکانیان لەو شوینەوە دەست پیدەکەن کە ئەوان کۆتاییان پێ هێنراوە نەوەک کۆیاییان پیهاتبێت

**سیناریۆ ی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان لە لایەن بنەماڵەی بەرزانیەوە**

لە سایتی کوردستان تیڤی دا ئەو هەواڵەم بەرچاو کەوت کە گوایا بکوژانی ڕۆژنامە نوس سەر دەشت عوسمان دوزراونەتەوەو دەستگیر کراون ، بەڵام ئەمە یەکەمین جار نیە بنەماڵەی بەرزانی لەو جۆرە سیناریۆ فلیمانە دروست دەکەن . تیرۆرکردنی سەردەشت

هەموو دنیا دەزانێت لە سەر بابەتی (من عاشقی کچەکەی بەرزانیم) بوو، وە هەرئەو بنەماڵەیەش تیرۆریان کرد ، بەراستی لە پاش ماوەیەکی دوورو درێژ و بە حیسابی خۆیان و دادگا ساویلکانەکەیان ، ئەم تاوانە نارِەوایەیان داوەتە پال ئەنسارالئیسلام ، بەڵام ئاخرمن دەپرسم بۆ ئەنسارالئیسلام لە بەر ئەوەی سەردەشتی جوانەمەرگ کۆمۆنیست بوو ، سوکایەتی و ئیهانەی بەدین کردبوو !! یان تەنها وەك هاوڵاتیەکی ئەم وڵاتە داگیرکراوە لەلایەن بنەماڵەی بەرزانیەوە ، عاشقی کچەکەی سەرۆك بوو ، بە هەر حاڵ گریمان ئەو سیناریۆیەی بنەماڵەی بەرزانی و دادگاو دارودەستەکەیان ڕاستە ، کە سەرەرِای تیرۆرکردنی ئەو گەنجە رِۆژنامە نوسە تۆمەتی ئەنسارولئیسلامیشیان داوەتە پاڵی ، ئەی (سۆرانی مامە حمە ، عبدالستارتاهیر شریف ، هەرەشەکانی سەر ئەحمەد میرە ستافی گۆڤاری لڤین ، ئەی هەڵکوتانە سەر بنکەو بارەگاکانی گۆرِان ، ئەمانەش هەموو ئەنسارالئیسلام بوو ؟ خەڵکی کوردستان باش دەزانن کە پیلان و کارە تیرۆریستیەکانی بنەماڵەی بەرزانی زۆر لەوە زیاترو بەربڵاو ترە کە بە سیناریو کورتە فلیمێکی ئاوا ، کۆتایی بە گرفتێکی ئاوا بهێنن بەناوی چەند کەس و گروپەوە . ئەمەش وەکو خیانەتەکانی سی و یەکی ئاب و هەکاری و شەری ناو خۆ بە پیرۆزو سەربەرزی ناوببات . ئەم نەخشەو پلانانەی بنەماڵەی بەرزانی زۆر لەوە ئاشکراترە کە خەڵکی ساویلکەشی پێ بخڵەتێنن . لەبەر ئەوەی کە هەموو کوردستانیان پاوان کردووە و بوونەتە میراتگری ، شەرم و شورەیی نیە کە خوێنکارێکی گەنج و رِۆژنامە نوس ، لە ناو حەرەمی زانکۆو بە بەر چاوی پایتەختەوە و لە نێوان یانزە بازگە دا بە ئاسانی گروپێکی ئیسلامی بیفرِێنن و تیرۆریی بکەن ، ئەی ئێوە ئەی دەزگای ئاژانسی مەسروری تیرۆریست لە کوێ بوو ، ئەی ئاسایش و پۆلیس و زێرەڤانی لە کوێ بوون !!! ئەگەر ئەمە سیناریۆ نیە کە لە لایەن خودی بنەماڵەوە دارِێژرابێت . داتاشینی لەو جۆرە سیناریۆیانەی بنەمالەی بەرزانی لە میژوودا هەزار بارە بووەتەوە ، چوونکە ئەم بنە ماالەیە بەسروشت خۆیان بە پیرۆزدەزانن نابیت کەس لە پیرۆز کردنیان زیاتر هیچ لە بارەیانەوە بلیت ، بەلام لە هەمان کاتدا ئەم بنەما لە دا سەپیوە کە میژووی سیاسەتیکی هەلە دایسەپاندوون ، دەبی زۆر بە ئاسایی وەربگرین کە ، لە م جۆرە سیناریۆیانەیان هەبیت ، هەموو دنیا هەتا ولاتانی غەربیش دەزانن کە بکوژانی سەردەشت و ئەوانی تریش لە چوار

چیوەی ئەم بنەماڵە تیرۆریستە ناچیتە دەرەوە . ئیتر کاتی ساویلکەیی و چەواشەکاری ئەم بنەماڵەیە بەسەر چوو . بۆیە من بەپیویستی دەزانم کە بە کۆمەلانی خەلکی کوردستان و ئازادی خوانی دەنگی ئازاد بلیم کە . جگە لە بنەماڵەی بەرزانی کەسیکی تر نیە بکوژی سەردەشت بیت ، ئەگەر بە میژووی ئەم بنە ماڵە دا بچیتەوە سەر لەبەری لاپەرەکانی تائەمرۆ و بۆ ئایندەش دەستیان سوورە بە خوینی رۆلەی کورد ، میژوویان پرلە خیانەتە . ئەمانە دەبیت بەفیکەو بە سواری کەر وەدەریان نێیت لە کوردستان , ئەگەر نا دەبی چاوەروانی دیان سیناریۆی جەرگبری تربین لەم جۆرە .

**لێکۆڵینەوە لە تیرۆر کردنی سەردەشت عوسمان بە پێی پێوەرە جیهانیەکان**

تیرۆر کردنی سەردەشت عوسمان لە هەرێمی کوردستاندا کە بە هەرێمێکی جیاواز و ئارام لە ئێراق مایەی نیگەرانی و شەرم و پرسیارە هەم بۆ حکوومەتی کوردستان و هەم بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان بە بێ جیاوازی بۆچونی سیاسی و ئاینی و مەزهەبی ، لەبەر ئەوەی کە خەڵکی کوردستان جاران لە ژێر دەستی ڕژێمی بەعسدا ڕوبەڕووی تیرۆرو تۆقاندن دەبوویەوە بەڵام ئێستە لە هەریمی کوردستاندا رۆژنامەنوسان ڕوبەڕوی تیرۆرر دەبنەوە !!!

تیرۆر کردنی سەردەشت عوسمان هەمولایەکی دوچاری شۆک کرد و خەڵکی کوردستان بەتەواوی چین و تویژەکانەوە ئەو تیرۆرەیان مەحکوم کرد دەیان چالاکی لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان دژی ئەو تیرۆر کردنە ئەنجام درا ، تاکار گەشتوەتە ئەوەی کە لێدوانی سیاسی و تاوانبار کردنی سیاسی لێکەوتەوەتەوە خەریکە بارودۆخی کوردستان بەو هۆیەوە تێک دەچێت .

پاش تیرۆر کردنی سەردەشت عوسمان سەدان و هەزاران نوسین بڵاو کراونەتەوە ، زۆربەی زۆریان دەسەڵاتی هەولێر بەتایبەتی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتی پارتی وهێزەکانی

ناوخۆ تاوانبار دەکەن بەوەی ئەو تاوانەیان ئەنجام دابێت و لەبەر ئەوەی کە سەردەشت پاش ئەو نوسینانەی تیرۆر کرا کە بەم دواییە بڵاو کردنەوە وەکوو (من عاشقی کچەکەی بارزانیم)بۆ یە دەسەڵاتی پارتی و هێزەکانی ناوخۆی هەولێر تاوانبار دەکەن بەو تیرۆرە لەبەر چەند هۆیەک

یەکەم: چۆن ڕۆژنامەنوسێک لەبەردەم زانکۆدا دەرفێندرێت بەبەرچاوی پۆلیسی زانکۆوە و ئەوان واتە پۆلیسی زانکۆ هیچ کاردانەوەیەکیان نابێت ؟

دوەم: چۆن سەردەشت لە شاری هەولێر دەرفێندرێت و پاش دووڕۆژ مەیتەکەی لەشاری موسڵ بە بێ گیان دەدۆزرێتەوە ئەی جۆن بەو هەموو بازگەیەدا سەردەشت گەیەنرایە . مووسڵ؟!!! بۆیە ئەو تاوانە مەحکوم دەکەن

کۆمەڵێکی دیکە ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە دەسەڵاتی پارتی و هێزەکانی ناوخۆ ئەو تاوانەیان ئەنجامدابێت داوای بەڵگەدەکەن بۆ ئەوەی کە پارتی ودەسەڵاتی هەولێر تاوانبار بکرێن ئەو کۆمەڵە زۆربەی زۆریان لایەنگرو موچەخۆری حیزبەدەسەڵاتدارەکانی کوردستانن ئەوانیش !! ئەو تاوانە مەحکوم دەکەن

بە پێچەوانەی ئەو دوو لایەنەوە لایەنی سێهەم بەناڕاستەو خۆ ئەوە دەدرکێنێت وپێی وایە کە تیرۆر کردنی سەردەشت عوسمان لە جێی خۆی بوە و باجی ئەو نوسین و هێرشەی داوە کە کە کردویەتیە سەر بنەماڵەی سەرۆکی هەرێم و ئەو نوسینانە بە سوکایەتی کردن دەزان ن بۆ سەر خانەوادەی سەرۆکی هەرێم و ئەوە ڕادەگەیەنن کە ئایا ئەگەر سەردەشت بمایە ئەوە قبوڵی دەکرد کە ئەو جۆرە نوسینە بەرامبەر کەسیکی ئەو کرابا؟

بۆ زیاتر ئاشنابوون بەلایەنی سێهەم سەیری ئەو لینەکەبکەن

http://www.cawder.org/yeke.php?besh=Nusraw&perrge=nusraw&nujimare=16312

هەرچەندە ئەو نوسینەی سەردەشت هیچ پەیوەندی نەبوە بە هێرش کردنە سەر هیچ کەسیک و لایەنێک بەلام لە ڕێی ئەو نوسینەوە سەردەشت ویستویەتی کە ئەو زیاوازی جینایەتیە دەربخات کەلەکۆمەلگەی کورددیدا هەیە ، ئەم بابەتە زۆری دەوێت من ناچمە نێو درێژەی . بابەتەکەوە ئەوەندەی ویستم کە ڕونکردنەوەیەک لەو برەوە بدەم

لە نێوان ئەو سێ لایەنەدا ئەوە دەردەکەوێت کە دەسەڵاتی کوردستان تاونبارە بە تیرۆر کردنی سەردەشت بەتایبەتی مەسعود بارزانی هەم وەکوو سەرۆکی هەرێم هەم وەکوو سەرۆکی پارتی و دەسەڵاتی پارتی و هێزەکانی ناوخۆ لە هەولێریش بەرپرسن لە تیرۆری سەردەشت .

من لیرەدا تەنها لەسەر بۆچونی یەکەم و دوەم دەڕۆم لەبەر ئوەی بۆچونی سێهەم پیویستی بەبەڵگەو بەدادگا هەیە بۆڕونکردنەوەی بابەتەکە .

بۆچونی یەکەم دەسەڵاتی پارتی و خودی سەرۆکی هەرێم و هێزەکانی ناوخۆ تاوانبار دەکەن و تەنها گومان یان لە دەسەڵاتی هەولێرە بەهەموشیوەیەک،لایەنی دوەمیش داوای بەڵەگەدەکەن لەو بارەیەوەو ئەو گومان و تاوانبار کردنە ڕەتدەکەنەوە بەتایبەتی سەرۆکی هەرێم و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەهەولێر .

ئەی ئەم کێشیەیە جۆن چارەسەر دەکرێت ؟ پێم وایە هەمووومان داوای لێکۆڵیەنەوە دەکەین ، بەڵام کام لێکۆڵینەوە ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە سەرەنجام هەموومان دلنیا بکاتەوە ئەو لێکۆڵینەوەو ئەنجام لیکۆڵینەوەیەکییێ دروستە !!

کێ دەبێت لێکۆڵینەوە بکات کێن ئەوانەی کە بەشداری لەو لێکۆڵینەوەیەدا دەکەن ؟

دەبێت لیژنەی لێکۆڵینەوە پێک بێت هەموو کوتلەکانی پەرلەمان و نوینەری نەتەوەیەکگرتوەکان و نوینەری ئەمنستی ئینتەرناشنال و نوینەری مافی مرۆڤی جیهان و کوردستان و نوینەری خانەوادەی شەهید و نوێنەری کۆمەلگەی مەدەنی و نوینەری سەندیکای رۆژنامەنوسان و نوینەری ڕاگەیاندنە حیزبی و ئەهلیەکان و چەند ڕێکخراویکی دیکە کە پێیان باش بێت بەشداری بکەن .

یەکەم هەنگاوی لێکۆڵینەوە دەبێت چیبێت ؟

ئەوانەی کە لەئەوروپا یان لەدەرەوە دەژین بە شیوەیەکی گشتی بەتایبەتی دەسەڵاتدارانی کوردستان ئەوانەی کە خۆیان و ماڵو منالْیان زیاتر لە دەیەیەک لە ئەوروپاو ئەمەریکا ژیاون دەبێت ئەوە بزانن کە کاتی ڕوداوو تیرۆر کردنەکە دیاری بکەن و لە وێوە دەست بەلێکۆڵینەوە بکەن، هەموو ئەوکەسانەی کەبەرپرس بوون لە پاراستنی ئاسایشی هەولێر پێش ڕوداوەکەو پاش ڕوداوەکە دەبێت دەست گیر بکرێن و بدرێنە دادگاو لێلۆڵینەوەی جیدیان

لەگەڵ بکرێت . ئە وانەی کە بەرپرس بوون لە ژیانی سەردەشت یاخود تاوانبارن بە کوشتنی سەردەشت دەکرین بە دوبەشەوە و دەبێت دەستگیر بکرین تاوەکوو تاوانبارانی تیرۆر کردنەکە بدۆزرینەوە ئەوانیش

بەشی یەکەم ئەوانەن کە خەمسارد بوون لەو هەڕەشانەی کراوەتە سەر سەردەشت

. بەشی دوەم هەموو ئەوانەی کە لەکاتی ڕفاندن و تیرۆرکردنەکەدا دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوە

. بۆ هەموو ئەمانەش دەبێت بەڵگە هەبێت

دەبێت بەڵگەکان بەدەستەوە بێت بۆ دەستگیر کردنی ئەو کەسانەی کەباسمان کرد و یەکەم بەڵگەش بلاوکردنەوەی ئەو نوسینەیەکە سەردەشت عوسمان بلاوی کردوەتەوە بە نوسین و . (بە دەنگی خۆشی تۆماری کردوە (یەکەمین زەنگی کوشتنم لێی دا

ئەو کەسانەش کە بەرپرس بوون لە پاراستنی گیانی سەردەشت پێش تیرۆر کردنی ئەمانەن

یەکەم : ڕاگری کۆلێژی زمان(لەبەر ئەوەی کە سەردەشت یاماژەبەوەدەکات کە بەڕاگری (کۆلیژەکەی ووتوە هەڕەشەی لێکراوە

دوەم : ئەو بنکەی پۆلیسەو بەڕێوەبەرەکەی کە سەردەشت هانای بۆ بردوە پێش تیرۆر (کردنەکەو پێی وتراوە(لەوانەیە ئەو هەڕەشەیە چەندبارە ببێتەوە

کەواتە دەبێت یەکەم هەنگاو ئەو دوکەسەی کە خەمساردیان کردوە لە کوشتنی سەردەشت . دەبێت دەستگیر بکرێن

هەنگاوی دوەم ؛ دەبێت ڕۆژو کات و شوێنی ڕفاندنەکە دیاری بکرێت لەگەڵ ڕۆژ و کات و .شوێن دۆزینەوەی تەرمەکەی سەردەشت و دەست بکرێت بەلێکۆڵینەوە بەم شێوەیە

دەبێت هەموو ئەو کارمەندانەی پۆلیس دەستگیر بکرێن کە ئەو ڕۆژە بەبەرچاویانەوە سەردەشت ڕفێندراوە، پاشان دەبێت هەموو ئەو کەسانە دەستگیر بکرێن کە لە بازگەکانی نێوان هەولێرو موسڵ دا بوون لەماوەی ئەو دوڕۆژەدا تا دۆزینەوەی تەرمی سەردەشت ،هەموو ئەو بەرپرسانەی ئاسایش و پۆلیس دەستگیر بکرێن کە لەماوەی ئەو دورۆژەدا . لەهەوێر بەرپرس بوون لە پاراستنی ئاسایشی هاوڵاتیان

دەبێت بەرپرسی ئەو هێڵە تەلەفۆنیانە دەستگیربکرین کە لە ڕێگەیانەوە هەڕەشە لەسەردەشت کراوە تاوەکوو لەریگەیانەوە ئەو کەسانە بدۆزرێنەوەکە هەڕەشەیان لەسەردەشت کردوە و

دەبێت ئەو کەسانە ئاشکرا بکرێن کە پەیوەندیان بەسەردەشتەوە کردوە لەوکاتەی هەڕەشەی لێکراوە تاوەکوو تیرۆر کردنی .

ئەگەر ئەمانە ئەنجام بدرێت دەبێت پاش ئەوەی کە لیکۆڵینەو تەواو بوو تاوانباران دۆزرانەوە ، تاوانباران سزا بدرێن ئەوانەشی کە بەبێتاوان دەرچون دەبێت حکومەتی هەریمی کوردستان قەرەبوویان بۆ بکاتەوە .

لەسەر ئەم لێکۆڵینەوەیە نموونەیەکی بچوکی بوریتانیاتان بۆ دەگێرمەوە :

لە ساڵی نەوەدەکانەوە لە بەریتانیە لە ناویانەیەکی شەوانە دەبێتە شەڕ و پۆلیس دەگاتە یانەکەو چەند کەسێک دەستگیر دەکەن لەوانە کەسیکی ڕەش پێست دەستگیر دەکەن و گیراوەکان دەگوازنەوە بۆ بنکەی پۆلیس ، ئەو پیاوە ڕەشپێستەی کە گیراوە دەکرێتە ژوریکی تاکەکەسیەوە و ، کارمەندانی ئەو بنکەیە هەموو کامێرەکانی چاودێری دەکوژیننەوە و کاتیک دڵنیا دەبن کە هیچ کامێرایەک نەماوە دەکەونە لێدانی ڕەش پێستەکەبە شەق و زللە و بەدار پاشان گیراوەکە دوچاری خوێن بەربوون دەبێت و داوا دەکات لە پۆلیسەکان کە بیگەیەننە نەخۆشخانە بەڵام ئەوان رەتی دەکەنەوە تابەیان کاتیک دەڕۆن دەبینن گیانی تێدا نەماوە پاشان دەیگەیەننە نەخۆشخانە پاش ئەوەی کە دەردەکەوێت ئەو کەسە بەسێوەیەکی گوماناوی ژیانی لەدەست داوە لیژنەیەک پیک دەهێنن بۆ لێکۆلینەوە و ئەو کەسانەی کە کارمەند بوون لەو شەوەدا هەمویان دەستگیر دەکرێن و لێکۆڵینەوەیان لەگەل دەکرێت بەبێ جیاوازی تاوانبار و بێتاوان پاس لیکۆڵینەوە دەڕۆن هەموو کامێراکان (چێک دەکەن) دەپشکنن دەبینن لەو کاتەدا کە ئەو گیراوە هێنراوەتە بنکەی پۆلیس بارودۆزی باش بوە و ژیان لەدەستدانەکەی گوماناوی بوە بۆیە لیژنەی لیکۆڵینەوە ی پۆلیسی تاون هەستا بە لێکۆڵینەوە و دواجار کامێرایەکیان دۆزیەوە کە ئەو شەوە پێیان نەزانیوە پۆلیسەکان تاوەکوو بیکوژێننەوە وئەو کامێرایە هەموو گرتەی لێدانەکانی پۆلیسی تۆمار کردوە ، ئەو کامێرایە بووبەبەڵگەو ئەو کەسانەی کە ئەوشەوە لە بنکەکەبوون هەمویان دوچاری سزای یاسایی بونەوە بەپێی تاوانەکانیان پاش زیاتر لەدەساڵە ساڵانە ئەو دۆسیەیە لە ڕاگیەاندنەکاندا بس دەکرێت و گرتە ڤیدییەکەش پیشان دەدرێت لەو کاتەوە کارەساتی لەو جۆرە روی نەداوەتەوە .

لەوانەیە هەندێک کەس بڵێن کە بەریتانیاو کوردستان چۆندەکرێت بەیەک لەوەلامی ئەو کەسانەدا دەلێم ئەگەر دەسەلاتدارانی کوردستان مەبەستیان بێت ئەوە دەتوانن نەک هەر کۆلانێکی کوردستان بەڵکو دەتوانن هەموو ماڵێکی کوردستان کامیرایەکی چاودیری بۆدابنێن و هێندەی بوودجەی ساڵێکی حیزبەدەسەلاتدارەکانی تێناچێت ، یاخود هیندەی بودجەی یەکیک لەو کەناکانەی تێناچیت رۆژانە چەندین بەرنامەی سواو دوبارە پیشکەش دەکەن کە تەنها خزمەت بە دەسەڵات و سەرمایەدارەکان دەکات ، ئەگەر دەسەڵات ئەو کارە بکات سالانە دیان ملیۆن دۆلار دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت لەبەر ئەوەی ئەگەر کامیرای چاودیری هەبوو تاوان کەمتر دەبێت و لەهەموو رویەکەوە هاولاتیان و حکومەت سودمەند دەبن بەڵام ئایا دەسەڵات ئەو کارەدەکات ئەوە وەڵا مێکە کەبەخەونیش بە بەڵێ نیە

لەکۆتاییدا دەلێم دەبێت دەسەڵاتداران چیدی ئەو ووتە سواوە بەکار نەهێنن گوایە تیرۆر لەهەمولایەک هەیە ئەگەر وایە بۆچی رۆژێک لەڕۆژان نوسەرەدەربارەکانی دەسەڵات بە رۆژی نیوەڕۆ هێرسیان نەکرایەسەر

یاخوود بۆچی ئەوە بیست ساڵە کەسێکی سەربەدەسەڵات نەرفیندراو تیرۆر نەکرا؟

!! ئەگەر ئەوە بیانو بیت دەبوایە کە چەندین کە س لە کەسوکاری بەرپرسەکان تیرۆر بکرایە

کەواتە ئەگەر ئاسایش هەبێت لەکوردستاندا بابۆ هەموو کەسیک بێت

ئەگەر یاسا هەیە با بۆ هەموو کەسیک بێت

## زەمەنی پێش تیرۆرکردنی زەردەشت عوسمان و زەمانی دوای تیرۆرکردنی

تیرۆرکردنی رۆژنامەنوسی گەنج سەردەشت عوسمان دۆخی رۆژنامەنوسی ئەهلی و ئازادی گۆڕی و لەبری ئەوەی نیەتی تیرۆکەرانی ئەو گەنجە بهێنێتە دی کە دەمکوتکردن و ترساندنی رۆژنامەنوسان بوو وەهایکرد بۆ یەکەمجار شەقامی کوردی پشتگیری خۆی بۆ رۆژنامەگەری ئازاد و ئەهلی بخاتە روو.

ئێمە دەکرێت ساتی تیرۆرکردنی ئەو کوڕە گەنجە بەساتێکی حەزین و دڵتەنگ بۆ هاوپیشەکانی وەسفبکەین، بەساتێکی گرنگ و چارەنوسسازیشی وەسفبکەین کە تیایدا مێژوویەکی گۆڕی و مێژوویەکی نوێی دروستکرد.

ئەو ساتە ساتی لابردنی دەمامکی ئەو دەسەڵاتەیە کە لەژێر ناوی دیموکراسی و ئازادی و خۆشگوزەرانیدا بە رۆژی روناك گەنجێك تیرۆر دەکات.

ساتی هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو خەونانەیە کە دەسەڵات باس لەبەدیهێنانیان دەکات و دواتر لە روداوێکی وەهادا هەمووی دەکاتە سەراب.

تیرۆرکردنی سەردەشت لەبری ئەوەی دەنگە ئازاد و نارەزاکان سەرکوتبکات دەنگی دەسەڵاتی هێندەی تر نوزن و گڕگنترکرد.

زەمەنی پێش تیرۆرکردنی سەردەشت هەمیشە حزبە باڵا دەستەکان شانازییان بەو کەمە ئازادییەوە دەکرد کە بەرهەمیان هێناوە بۆمان، هەمیشە باسیان لە ئاوەدانی و گەشانەوە و بەدوبەی کردنی شارەکانیان دەکرد، هەمیشە منەتی ئاسایش و نەبونی تیرۆر و تیرۆرستانیان دەکرد .

دەیانوت ئەم رۆژنامەنوسانە و ئەم رۆژنامانە چەند دەنگێکی کەمن و کۆمەڵگا لەدژیانە.

چەند زۆربون ئەو رۆژنامەنوس و قسەکەرانەی حزب ئیرەیان بەرۆژنامە ئەهلیەکان دەبرد، چەند زۆر بون ئەو قسەکەرانەی هەموو شەوێك کەناڵە ئاسمانیەکانیان داگیردەکرد و تا درەنگانێك قەوانی ئەوەیان بۆ لێدەدایەوە کە رۆژنامەی ئەهلی و ئازاد لەکوردستاندا بونی نیە.

.دەیانوت و دەیانوتەوە کە خۆیان سوپەرمان و تاکە سواری رۆژنامەگەری کوردین
بەڵام ئیدی بەکوشتنی سەردەشت زەمەنێکی دیکە و فەسڵێکی دیکە لە خەباتی جەماوەری و رۆژنامەگەری ئازاد دەستی پێکرد.
هەمومان ئەو خرۆشانە جەماوەرییەمان بینی کە بۆ ماوەی چەندین رۆژ شەقامەکانی زۆربەی شارو شارۆچکەکانی داگیرکرد، هەمومان بینیمان رۆژنامەگەری ئازاد چەند کاریگەری هەیە و چەندەش کاریگەری دروستکردووە.
زەمەنی پێش کوشتنی سەردەشت زەمەنی دوای کوشتنی سەردەشت نیە، ئەگەر ساتی شەهیدکردنی سۆرانی مامەحەمە هەروا بەسانایی تێپەڕیبێت کۆمەڵێك دۆخ و هەلومەرجی خۆی هەبووە کە گرنگترینیان نەبونی ئۆپۆزسێونێکی راستەقینە بووە لەو کاتدا و بەتەواوی چاونەکراونەوەی خەڵکی بووە
بەڵام ئیدی ئەو زەمەنە تێپەڕی حزبە دەسەڵاتدارەکان بەسانایی رۆژنامەنوسان تیرۆربکەن و شەقام نەوروژێت لەدژیان.
ئیدی ئەو زەمەنە کۆتایهات، زەمەنی ئێستا زەمەنی بەرەنگاربونەوە و شەڕکردنە لەسەر باشترکردن نەوەك شەڕکردن لەسەر مانەوە.
من بڕوام وەهایە ئیدی رۆژنامەگەری کوردی (ئازاد) لەوە تێپەڕی پێناسەی خۆی بکات، بەڵکو ئێستا لەقۆناغی هەنگاونانی زیاتردایە، لەقۆناغی جێبەجێکردنی بیروبۆچونەکانیدایە، رۆژنامەنوسەکانیشی لەبری ئەوەی خاوەنی چەند لاپەڕەیەکی کەمی رۆژنامەکانیان بن خاوەن ئەو سەدان هەزاران کەسەن کە هەمیشە ئامادەن بێنەوە سەر شەقامەکان.
زەمەنی پێش تیرۆرکردنی سەردەشت زەمەنی ترس و تۆقاندنی حزبە دەسەڵاتدارەکانە، زەمەنی دوای سەردەشتیش زەمەنی ئازادیی و نەترسان و خەباتی رۆژنامەنوسەکانە.

## سۆرانی مامە حەمە

سۆران مامە حەمە (لەدایکبووی ١٩٨٧ لە کەرکووک—مردووی ٢١ی تەممووزی ٢٠٠٨) ڕۆژنامەنووسێکی سەربەخۆی گۆڤاری لڤین بوو و ماوەی سێ ساڵ لەو گۆڤارە کاری کرد[١] کە لە ٢١ی تەممووزی ٢٠٠٨ لەبەردەم ماڵی خۆیدا کوژرا کەیسی سۆرانی مامە حەمە ئێستا بەکراوەیی ماوەتەوە و سەرەڕای پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە، تاوانباران و هۆکاری کوشتنی هێشتا تەواو ڕوون نییە] و ساڵانەش لەلایەن گۆڤاری لڤین و ڕۆژنامەنووس بە ئامادەبوونی خێزانەکەی یادی تیرۆرکردنی دەکرێتەوە

بەر لە دوو مانگ لە کوشتنی، سۆران هەڕەشەی کوشتنی لێکرابوو. کوشتنەکەشی بەدوای چەند وتارێکدا دێن کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی کردبوونەوە، وەک وتاری پرسی دەرکەوتنی خانمی یەکەمی کوردستان لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی کە تێیدا داوای دەرکەوتنی خێزانی مەسعوود بارزانی کردبوو لەگەڵ ڕاپۆرتێک لەسەر تێوەگلانی بەرپرسانی حکوومی شاری کەرکووک لەگەڵ لەشفرۆشانی ئەو شارە[٩] هەندێ کەسیش گۆڤارەکە بەهۆکاری تیرۆرکردنی ناوبراو لێکدەدەنەوە ئەوەش لەبەر بڵاوکردنەوەی وتارەکەی سۆرانی مامە حەمە.

سۆرانی مامە حەمە نوسینەکانی زیاتر دژی خیانەت و گەندەڵی دەسەڵاتی کوردی بوون. لە یەکێ لە نوسینەکانیدا باس لەوە ئەکات کە خیانەت لە ناو دەسەڵاتی کوردیدا بۆتە فەلسەفە و فاکتەرێکە بۆ مانەوەیان لە دەسەڵات. بۆ نمونە ئەڵێ «ئەوانەی ئەمڕۆ خۆیان بە سیاسی و خاوەن خەباتی کوردایەتی ئەو هەرێمە دەزانن، لە خۆیان وردبوونەتەوە کە ئایا، تەنها

ڕۆژێک خەبات و سەروەریيان هەیە بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی دۆزی کوردان لە مێژوودا، جگە لە کوردکوشتن و خیانەتی نەتەوەیی و بوون بە کۆیلە و جاسوسی وڵاتانی دراوسێ و جیهان

کەیسی تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حەمە، کە تا ئیستا بە کراوەیی ماوەتەوە، زۆر لایەن پێیان وایە کە نازانرێت کێ ئەو کارەی ئەنجام داوە، بەڵام هەوەکو زوو کوردستانپۆست لە چەند هەواڵ و ریپرتاژێکدا پەردەی لەسەر ئەو کارە و لایەنی پەیوەندییدار هەڵدایەوە، بەڵام وەکو لە کوردستان باوە مادام بەڵگەیەک نییە کە ئەو لایەنەی پێ تاوانابر بکرێت، بۆیە کەیسەکە بە کراوەیی هێڵراوەتەوە، دەسەڵات کە خۆی تاوانبارەکە بێت هەڵبەت هەرچیی کارێکی ئاوا ئەنجام بدرێت بە کراوەیی دەمێنێتەوە، کەیسی سۆران مامە حەمە تاکە تاوانێک نییە کە .دەسەڵات کردبێتی و بەمە کۆتایی هاتبێت

سۆرانی مامە حەمە لە رۆژی 21 / 7 / 2008 لە لایەن پیاوەکانی پاراستن لە شاری کەرکوک تیرۆرکرا، هەرچەندە بەناو وتیان لێژنەی بۆ دروست دەکرێت تا بەدواداچوون لەسەر ئەو رووداوە بکرێت، بەڵام تا ئیستاش نە لیژە دروستکرا، نە بە دواداچوونی بۆ کرا، وا ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی 7 ساڵ بەسەر ئەو رووداوەدا کەسێکی نزیک لە دەسەڵات پەیوەندیی بە پەیامنێرەکەمانەوە کرد و پێی باش بوو ناوی نەهێنرێت و ئەم زانیارانەی :درکاند

:ئەمەی خوارەوە دەقی قسەکانی ئەو کەسەیە

ماوەی جەند سالێکە ئەو زانیاریە دەزانم و ویژدانم ئازارم دەدا کە باسم نەکردوە بۆیە بەهیوام مالپەری کوردستانپۆست ئەو زانیاریە بگەینیتە خەلک تا منیش کەمیک بەرامبەر کۆمەلانی خەلکی کوردستان و بنەمالەی شەهید سورانی مامەحەمە ئاسودە بم. بەرێکەوت لەگەل جەند هەڤالێک لای مام جەلال بوین ، لەپریکدا تەلەفۆنیکی بۆهات و هەلی گرت لەگوتەکانیدا زانیمان مەسعود بارزانیە ، نازانم هەندێ قسەیان کرد و لە پرێکدا گوتی .بەسەرجاو کێشەکە جارەسەر دەکەم و تو هیج خۆت تیک مەدە دایدەخەین دۆسیەکە

دواتر تالەبانی ئۆقرەی نەگرت و تەنگاو ببوو کە نازانم بارزانی جی لەگەل گوتبوو بۆیە لەبەرجاوی ئیمە تەلەفۆنی بۆ بەریوبەری پۆلیسی کەرکوک کرد ، وتی دۆسیەی سورانی مامە حەمە بە کوێ گەیشت ، ئەوەندە تێگەیشتین لیوا تاهیر گوتی کە کارەکان بەرەو تەواوبون دەروات دەزانین کێ کردویەتی و رای دەگەینین. تالەبانی پێی گوت نەکەی ئەوکارە بکەی، ئەو دۆسیەیە دابخە ، نازانم چی بوو، بەلام مام جەلال بەتورەبونەوە ئەمجارە .پێی گوت دۆسیەکە بەتەواوی دابخە و ئەوراقەکان بسوتێنە

دوایی پرسیمان و زانیمان، دەنگۆ لەمیدیاکان هەبوو کە پۆلیسی کەرکوک هەندی زانیاری لەسەر بکوژانی شەهیدی قەلەم سورانی مامەحەمە هەیە بۆیە بارزانی تەنگاو بووە و .فشاری کردبوە سەر تالەبانی کە نابیت باسی بکەن

پارتی پێیوایە تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حەمە پیلانرێژیی بوە لەلایەن یەکێتیەوە بۆ لەکەدارکردنی ناوبانگی پارتیو دو بەرپرسی باڵای ئەو کاتەی یەکێتیش بەرپرسیارێتی تەواوەتییان خستوەتە ئەستۆی پارتیو پێیانوابوە ئەو کارە دژ بەئیرادەی گەلی کورد بوە، لەلایەن خۆیشیانەوە ئەمریکیەکان بەبەرپرسانی پارتییان وتوە، “ئەو کەیسە هەروا .”تێناپەرێت

بەڵگەنامەیەکی ویکیلیکس ئاشکرایدەکات کە بەرپرسانی یەکێتیو پارتی بەنهێنی بەرپرسیارێتی تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حەمەیان خستۆتە ئەستۆی یەکتریو هەریەکێکیان

لاکەی بەرامبەری تۆمەتبارکردوە. لەوچوارچێوەیەشدا، مەسرور بارزانی، پێبوابوە یەکێتی پیلانی لەدژی خۆیو پارتی گێڕاوە، بەتایبەتی لەمەسەلەی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس سۆرانی مامە حەمە-داو ڕایگەیاندوە، "کوشتنی سۆرانی مامە حەمە پیلانڕێژیی بوە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بۆ لەکەدارکردنی ناوبانگی خۆیو پارتی دیموکراتی کوردستان".

ئەو بەڵگەنامەیە کە لەلایەن بەرپرسانی ئەمریکا لەعێراقو هەرێمی کوردستان نوسراوەو ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیان کردوە، مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس سۆرانی مامە حەمە لەکەرکوك. لەبەشێکی ئەو بەڵگەنامەیەدا هاتوە، "نەوشیروان مستەفا بێ دودڵی ئۆباڵی تەواوی ئەو کردەوەیەی خستە ئەستۆی مەسرور بارزانیو پارتی. وتیشی، مەحاڵە بۆ ڕۆژنامەنوسانی میدیای سەربەخۆ کێبڕکێ لەگەڵ میدیای سەر بەیەکێتیو پارتی بکەن".

لەبەشێکی دیکەی بەڵگەنامەکەدا کە هێمای "زۆر تایبەت"ی لێدراوە، هاتوە، "کۆسرەت ڕەسوڵ بەدورودرێژی باسی لەوە کرد کە چۆن کوژرانی ئەو ڕۆژنامەنوسە دژ بەئیرادەی کورد بوە. ناوبراو ئیدانەی ئەو کردەوەیەی کردو وتی، "بۆ ماوەی 37 ساڵە، حزبی بەعس نکۆڵی لەئازادی ڕادەربڕینی کورد کردوە. ئێمە پێویستە نەگەڕێینەوە دواوەو هەمان شت بکەین بەرامبەر کوردانی دیکە".

لەبارەی گەندەڵیشەوە بەرپرسانی ئەمریکا نوسیویانە، "هەرچەندە کۆسرەت، جێگری سەرۆکی هەرێمە، بەڵام ئەویش نازانێت بەچ شێوەیەك بودجە سەرفدەکرێت. ڕەسوڵ دانی بەوەدا نا کە یەکەمین شوێن کە پێویستە لەگەندەڵی پاکبکرێتەوە، ئەنجومەنی وەزیرانە".

بەپێی زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامەکە، بەرپرسێکی ناو ئۆفیسی نێچیرڤان بارزانی، بەئەمریکیەکانی ڕاگەیاندوە کە دو گومانلێکراو بەتۆمەتی کوشتنی سۆرانی مامە حەمە دەستگیرکراونو تێیدا هاتوە، " توشی سەرسوڕمان بوین لەوەی مەسرور بارزانی، زانیاری نەبو لەسەر دەستگیرکردنی دو گومانلێکراو بەتۆمەتی کوشتنی سۆرانی مامە حەمە. مەسرور بارزانی یان درۆدەکات یان لەلایەن ئۆفیسەکەی نێچیرڤان بارزانیەوە ئاگادارنەکراوەتە".

لەکۆتایی دیدارەکەی نێوان بەرپرسانی ئەمریکاو مەسرور بارزانی، ئەمریکیەکان "بەشێوەیەکی نهێنی پێیانراگەیاندوە کە تیرۆرکردنی سۆران "هەروا تێناپەڕێت".

بابەت: هەرێمی کوردستان دابەشدەبێت، راوێژکاری تایبەتی ئەمریکا تاووتوێی گەندەڵی، ئازادی راگەیاندن دەکات

ئای دی: 08BAGHDAD3776

سەرچاوە: باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەبەغدا

بەروار: 1ی کانونی یەکەمی 2008

پۆلێن: زۆر تایبەت

لەمیانی سەردانێکی راوێژکاری ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان، بەرپرسانی حکومیو ناحکومیش باسیان لەوە کردوە کە ململانێی دەسەڵات لەنێوان دو پارتە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمی کوردستان زۆر قوڵە، حکومەتی هەرێمیش رێز لەئازادی رۆژنامەگەریی ناگرێتو گەندەڵی ئابوری لەهەرێم پێویستی بەچاکسازیی هەیە. هەریەك لەمەسرور بارزانی، بەرپرسی پاراستنی پارتیو نەوشیروان مستەفاو کۆسرەت رەسوڵ لەگەڵ راوێژکارەکەی ئەمریکا باسیان لەو تەوەرانە کردوە.

ئازادی رۆژنامەوانیو کوشتنی رۆژنامەنوسێك لەکەرکوك

گەورە راوێژکاری باڵیۆزی ئەمریکا لەبەغدا بۆ کاروباری باکوری عێراق، تۆماس کراجێسکی سەردانی چەند بەرپرسێکی حکومیو ناحکومی کرد لەهەولێرو سلێمانی لەرۆژی 25و 26ی تشرینی دوەم. مەسرور بارزانی، سەرۆکی ئاژانسی پاراستنی پارتی دیموکراتی کوردستان پێیوابو یەکێتی نیشتمانی کوردستان پیلانی لەدژی خۆیو پارتی گێراوە، بەتایبەتی لەمەسەلەی تیرۆرکردنی رۆژنامەنوس سۆرانی مامە حەمە-دا کە ناوبراو راپۆرتی لەسەر گەندەڵیەکانی حکومەتی هەرێم بڵاوکردبۆوە. بارزانی بێئاگایی خۆی دەربڕی لەدەستگیرکردنی هەرکەسێك لەسەر ئەو کەیسە، بەڵام رایگەیاند، کوشتنی سۆرانی مامە حەمە پلانرێژیی بوە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بۆ لەکەدارکردنی ناوبانگی خۆیو پارتی دیموکراتی کوردستان.

مەسرور پشتیوانی حکومەتی هەرێمی نیشاندا بۆ لێکۆڵینەوەی ورد لەبارەی کوشتنی سۆرانی مامە حەمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا باسی لەوە کرد کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرنگی زۆرتر دەدات بەکوشتنی رۆژنامەنوسێکی سەربەخۆ وەك لەکوشتنی رۆژنامەنوسێکی سەر بەحکومەت. وتیشی، "ئەمە دەریدەخات ژیانی ئەوانەی رەخنە لەحکومەت دەگرن زۆر بەبایەختر بێت لەوانەی پشتیوانی لەحکومەت دەکەن." بارزانی ئاماژەی بەوەش کرد، کە زۆرێك هەوڵدەدەن لەرێگەی میدیاو (کوژرانی سۆران)ەوە، سەرکەوتنەکانی حکومەتی هەرێم کەمبایەخ بکەن." لەلایەن خۆیەوە باڵیۆز هاوڕابو لەسەر ئەوەی پاراستنی رۆژنامەنوسان زۆر گرنگە، لەهەمانکاتدا فشاری خستەسەر مەسرور بارزانی تا .بەردەوامبێت لەدۆزینەوەی بکوژانی سۆرانی مامە حەمە

نەوشیروان مستەفا پارتی تۆمەتباردەکات

لەلایەن خۆیەوە، میدیاکاری دیاری کورد، نەوشیروان مستەفا بەهەمانشێوە بێئاگایی خۆی نیشاندا لەدەستگیرکردنی بکەرانی کوشتنی سۆرانی مامە حەمە، بەڵام بێ دودڵی ئۆباڵی تەواوی ئەو کردەوەیەی خستە ئەستۆی مەسرور بارزانیو پارتی. کاتێکیش تەئکیدی لێکرایەوە، مستەفا دانی بەوەدا نا کە هیچ بەڵگەیەکی نیە بۆ سەلماندنی ئەو وتەیەی. لەگەڵ ئەوەشدا، بەپێویستی نەزانی بەڵگە بهێنێتەوەو وتی، "زۆرینەی سەرکردەکانی سوپای ئایرلەندا بەلای حکومەتی بەریتانیاوە ناسراوبون، بەڵام دەستگیریان نەکردن لەبەرئەوەی ."بەڵگەی سەلمێنەریان لەسەر نەبو

سەبارەت بەبابەتی ئازادی راگەیاندن بەگشتیی، مستەفا وتی، چەندین فشاری دیکە لەسەر رۆژنامەنوسان هەن، لەوانە پیادەکردنی سیاسەتی نانبڕینو دەرکردنیان هەرکاتێك پێویست بێت. وتیشی، مەحاڵە بۆ رۆژنامەنوسانی میدیای سەربەخۆ کێبڕکێ لەگەڵ میدیای سەر بەیەکێتیو پارتی بکەن: "یەکێتیو پارتی نزیکەی 8 هەزار کەسیان هەیە. ئەمەش قورسە ."کێبڕکێ لەگەڵ میدیایەکی لەوشێوەیە بکەیت

کۆسرەت رەسوڵ ئیدانەی دەکات

لەلایەن خۆیشیەوە کۆسرەت رەسوڵ عەلی، جێگری سەرۆکی هەرێمو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەهەمانشێوە هیچ زانیاریەکی نەبو لەسەر

دەستگیرکردنی کەسانێك پەیوەست بەکوشتنی سۆرانی مامە حەمە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەدوورودرێژی باسی لەوە کرد کە چۆن کوژرانی ئەو رۆژنامەنوسە دژ بەئیرادەی کورد بوە. ناوبراو ئیدانەی ئەو کردەوەیەی کردو وتی، "بۆ ماوەی 37 ساڵە، حزبی بەعس نکۆڵی لەئازادی رادەربڕینی کورد کردوە. ئێمە پێویستە نەگەڕێینەوە دواوەو هەمان شت بکەین بەرامبەر کوردانی دیکە".

**گەندەڵی هەرێمی کوردستان**

سەبارەت بەگەندەڵی لەهەرێمی کوردستاندا، کۆسرەت رەسوڵ ئاماژەی بەوە کرد کە حکومەتی هەرێم پێویستە پەلەبکات لەپیادەکردنی شەفافیەت لەبودجەدا. هەرچەندە کۆسرەت، جێگری سەرۆکی هەرێمە، بەڵام ئەویش نازانێت بەچ شێوەیەك بودجە سەرفدەکرێت. رەسوڵ دانی بەوەدا نا کە یەکەمین شوێن کە پێویستە لەگەندەڵی پاکبکرێتەوە، ئەنجومەنی وەزیرانە.:

ئێمە توشی سەرسوڕمان بوین لەوەی مەسرور بارزانی زانیاری نەبو لەسەر دەستگیرکردنی دو گومانلێکراو بەتۆمەتی کوشتنی سۆرانی مامە حەمە. تەنها دو هەفتە لەوەوپێش، بەرپرسێکی ناو ئۆفیسی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەت کە ئامۆزاو زاوای مەسرور بارزانیە، دەستگیرکردنی ئەو دو کەسەی بۆ ئێمە تەئکیدکردەوەو دڵنیایکردینەوە کە نێچیرڤان بارزانی خۆی سەرپەرشتی لێکۆڵینەوە دەکات لەو بابەتە. مەسرور بارزانی یان درۆدەکات یان لەلایەن ئۆفیسەکەی نێچیرڤان بارزانیەوە ئاگادارنەکراوەتەوە، کە ئەمەش جێگەی سەرسوڕمانە بەو پێیەی مەسرور بەرپرسی ئاسایشی پارتیە. بەبێ گوێدانە ئەوەی کە کێ چی دەزانێت لەبارەی کەیسی سۆرانی مامە حەمەوە، ئێمە بەردەوامدەبین لەداواکردنی لێکۆڵینەوەی تەواوەتی لەوبارەیەوە. وەك چۆن کراجێسکی لەدوای کۆبونەوەکە، بەشێوەیەکی نهێنی پێیراگەیاند: "ئەم کەیسە هەروا تێناپەڕێت".

# کاوە گەرمیانی

کاوە محەممەد ئەحمەد ناسراو بە کاوە گەرمیانی، لەدایکبووی ١٩٨١ بوو.[١] ڕۆژنامەنوس و سەرنوسەری گۆڤاری ڕایەڵ و پێشتر گۆڤاری گەڕان بوو کە ڕۆژی ٥/١٢/٢٠١٣ لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا لە لایەن چەن چەکدارێکەوە درایە بەر دەستڕێژی گولە و کوژرا. کاوە گەرمیان یەکەمین ڕۆژنامەوانی تیرۆرکراوی کوردستانی باشوور نەبووە و بەر لە ئەوە کاسانێک وەکوو ڕەئووف ئاکرەیی، سۆران مامە حەمە و سەردەشت عوسمان .کوژرابووونەتەوە. کاوە هەروەها کاری بۆ ڕۆژنامەی ئاوێنە کردووە

کاوە خەڵکی شاری کەلار و دانیشتوی هەمان شارۆچکە بوو. کاوە خێزاندار بوو

کاوە سەرنووسەری گۆڤاری ڕایەڵ بوو. کە گۆڤارێکی ئەلیکترۆنی (سەرهێڵ) بوو لەژێر ناونیشانی (rayelpress.com). جگە لەوەش پەیامنێری ڕۆژنامەی ئاوێنەبوو.

کاوە گەرمیانی هەم داوای لەسەر بەرپرسێکی یەکێتی نیشتیمانی تۆمارکردبوو بە ناوی مەحمود سەنگاوی.[٤] هەم چەن داوایەکی دژی تۆمار کرابوو. پێشتریش هەڕەشەی لێ .کرابوو

لە دوای تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی، خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکان زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە بەتایبەتی گەرمیان و سلێمانی[٥] و هەولێر هتد.. ، هاوکات زۆربەی ڕێکخراو[٦] و حیزبە کوردییەکان بەیاننامە و ئیدانەیان کرد لەڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنەکانییانەوە، هاوکات کاردانەوەی نێودەوڵەتیشی لێکەوتەوە لەوێنەی هەڵوێستی چەند پەرلەمانتارێکی سوید[٧] وە ئاژانسی وۆرلد بلوتین نووسیویەتی، ڕۆژنامەوانێکی کورد لە [دژە گەندەڵی لە کوردستان کوژرا.[٨

RSF،دوابەدوای تیرۆرکرانی کاوە گەرمیانی، ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور بەیاننامەیەکی نووسراوی سەبارەت بە تیرۆەکە بڵاوکردەوە و وێڕای مەحکوومکردنی تیرۆری ناوبراو، داوای لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان کرد بکوژانی کاوە بدۆزنەوە. ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵەی کاوە گەرمیانی، ئاماژەی بە هەوڵەکانی ئەو ڕۆژنامەنووسە کوردە بۆ تیشک خستنە سەر پرسی گەندەڵی و بەرتیل کاوە گەرمیانی بەهۆی پیشە و ،RSF وەرگرتن لە هەرێمی کوردستان کردووە. بە گوێرەی چالاکییەکانی لەم بوارەدا، زۆر جار هەڕەشەی لێکراوە و سەرەڕای ئەوەی کە بەرپرسان ئاگاداری ئەو هەڕەشانە بوونە، ئەرکی خۆیان بەجێ نەگەیاندووە بۆیە کە کوژرانی کاوە، نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە. ڕێکخراوەکە، نیگەرانی خۆی لە هەمبەر نەبوونی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان و لە عێراق بەگشتی و هەروەها سزانەدرانی بکوژان و هێرشبەرانی سەر ڕۆژنامەنووسان دەربڕیوە و داوای لە بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردووە تا هەوڵ بدەن کەش و هەوایەک بخوڵقێنن تا ڕۆژنامەنووسان، ئەرکی زانیاری بەخشینیان بە کۆمەڵگا، بێ ترس و دڵەڕاوکێ بەجێ بگەیەنن. هەواڵنێرانی بێ سنوور هەروەها بەرپرسیارێتی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە تیرۆری ئەو ڕۆژنامەنووسەی خستۆتە سەر ئەستۆی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و عێراق و هاوکات بەداخبوونی خۆی لەمەش نیشان داوە کە تەنیا ٤٨ کاتژمێر بەر لە کوژرانی، کاوە گەرمیانی لە شاری سلێمانی بەشداری لە کۆبوونەوەیەک کردووە کە تێیدا ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی مەدەنی، داوای ].پەسەندکرانی یاسایەکیان کردبوو تا مافی ئازادی و ئاسایشی ڕاگەیاندنەکان گەرەنتی بکرێ

ڕەنگە هەموومان ئەم پرسیارە بکەین‌و هەمووشمان وەڵاممان وەک هاوسەرە بەرێزەکەی کاوە گەرمیانی بێت ، کە بەسەر جەستەی تیرۆرکراوی کاوەدا هاواری ئەکرد ، ئەوانە کوشتیان کە کاوە سکاڵای یاسایی لەسەر تۆمارکردن . ئەم وەڵامە تەنیا بۆ دادگاو دادوەرێکی یاسایی ڕووت ڕاستە ، کە کەسی گومانلێکراو رادەکێشێتە بەردەم دادوەرەوە ، بۆ دادگاییکردن ، سا بەسەریدا ساغ بێتەوە یان نا ، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پرنسیپەکانی ئەو دادگایەی کە پشتی پێدەبەستێت ، وەک شاهیدو ، بەڵگەو ڕاپۆرتەکانی لێکۆڵینەوەی پۆلیس‌و دادوەری لێکۆڵەرەوە .

بەڵام لەو وەڵامە ڕاسترتر ، ئەوەیە ، کە بکوژانی دەیان‌و سەدانی وەک کاوە کە لەبەرەی ئازادیخوازیدا تیرۆرکراون ، لەو بەرەیەدا کە بوێرانەو ئازایانە دەنگیان بە ڕووی ستەمکاراندا بەرزکردوەتەوە ، بێدەنگیان قبوڵنەکردوە ، پێیان لەسەر ئازادی‌و بەهاکانی مرۆڤ داگرتوە ، داواکاری لانی کەم پێکەوە ژیانێکی ئاسودەو بەختەوەر بۆ هەموو مرۆڤێک بوون ، داوکاری حوکمێکی دیموکراسی‌و یاسایی بوون لەسەر بنەمایەکی شارستانیانەو ، یەکسانی ڕەگەزەکانی نێرو مێ‌و ، جیاکارینەکردن لەسەر شوناسی نەتەوەیی‌و دینی‌و ڕەگەزی‌و ڕەنگی پێست . ئەم دەنگە بەرزو بوێرانە لە کوردستاندا ، لە مێژەوە هەبووەو ، هەتا گەیشتن بە ئامانجیش بەردەوامدەبێت بەو پەڕی گیانی شۆرشگێریی‌و نەبەزیەوە . لە بەرامبەریشدا ، عەقڵیەتێکی سیاسی دزێوی ستەمکار ، کە بە دەیان ڕەنگ توانیوێتی خۆی بگۆڕێت ، ڕۆژێک لە ژێر درووشمی کوردایەتی‌و نەتەویەتیدا ، ڕۆژێک لە ژێر درووشمی ئیسلامگەرایی‌و بە ئیسلامکردنی کۆمەڵگادا ، ڕۆژێک لە ژێر درووشمی عروبەو بەعسیزمدا .

ئەمانە هەموویان یەک سەرچاوەیان هەیەو ، یەک داوایان هەیە ، هەرچەندە ڕووبەڕووی یەکتریش ببنەوەو دژی یەکتریش وەستابێتنەوەو شەرو ئاژاوە لە نێوانیاندا هەبووبێت . شەروئاژاوەو بە یەکدادانەکانیشیان خەڵکی هەژارو ستەمدیدەی ئەمڕۆی کوردستان سوتەمەنی بووە تیایدا ، دایکـو باوکـو براو خوشکـو کەسوکاری کەسانی وەک کاوە گەرمیانی سوتەمەنی بوون تیایدا ، ئەویش بەو حوکمەی کە بە داخەوە گەلی کورد ، بە

(شۆڕشگێرێتی)و بە(کوردایەتی) و هەندێک جاریش بە( موسڵمانێتی ) ئیسلامە سیاسیەکانو . هەندێک جاریش لە ژێر ئایدۆلۆژیایەکی دۆگمای چەپڕەوانەدا ، هەڵخەڵەتاوە

هەر لە جەمال عیرفانەوە ، کە لەسەر ئەوە تیرۆرکرا وتی سوتوە جگەرە نابێتەوە بە توتن ، تا دەگاتە تیرۆرکردنی دەیانو سەدانی وەک ، بەکر عەلیو ڕەوف ئاکرێییو موحەمەد حەلاقو فەرهاد فەرجو شاپورو قابیلو سۆرانی مامە حەمەو سەردەشت عوسمانو کاوە گەرمیانی ، هەموو ئەمانە ، یەک عەقڵیەتێک تیرۆری کردوون ، کە هەمان عەقڵیەتی بەعسیەکانە ، ئیسلامیە توندڕەوەکانە ، ناسیونالیستە فاشیەکانە ،یان ئایدۆلۆژیایەکی . چەپڕوانەی توندڕەوی دۆگما بووە

ئەمانە چەند جیاوازبن یەک سەرچەوەیان هەیە ، ئەویش خۆ سەپاندنو ستەمکارییو دزیو جەردەییو دەوڵەمەندی لەسەر حسابی هەزارن ماڵی وێرانی وەک ئەو ماڵەی کاوە گەرمیانی کە لە کورستانی خاوەن بودجەیەکی زەبالاحی ئەوتۆدا کە ئەگەر کەمترین دادپەروەریش لە دابەشکردنیدا هەبێت کەس کرێچی نابێت لە کوردستاندا ، نەک وەک ماڵەکەی کاوە گەرمیانی . کە ڕاخەری ماڵەکی بەتانی بێت

هاوسەرو دایکو برای کاوە گەرمیانی مافی خۆیانە هەرکەسێک بە بکوژی کورەکەیان . دەزانن بیدەن بە دادگاو سکاڵای لەسەر تۆمار بکەن

بەڵام ئەوانەی کە خۆیان بە ئازادیخواز دەزانن ، خۆیان لەبەرەی گەلێکی ستەملێکراودا دەبیننەوە، کارو چالاکیو تێکۆشانیان لەوە زۆر گەورەترە ، کە دەستنیشانی ئەم بکوژ بکەن یان ئەو بکوژ بکەن . ئەویش قبوڵنەرکردنی ستەمکارییو دنیایەکی تاریکی سەدەکانی ناوەراستە ، ئەم دنیایە لە ژێر پەردەی دیندا بێت یان نەتەویەتیدا بێت ، یان ئایدۆلۆژیایەکی . دۆگمادا بێت ، هەمان دنیایەو جیاوازی نییە

لە جیاتی هاتوهاوارو هانا بردن بۆ ئەم دەسەڵاتو ئەو دەسەڵات ، بۆ ئەم دادگاو ئەو دادگا ، بۆ ئەم هێزی سیاسیو ئەو هێزی سیاسی ، پێویستە خەڵک هوشیاربێتەوەو بزانێت ئازادییو ڕزگاریی بە دەستنایەت ، تا خودی خۆی وەک گەلو نوێنەری ڕاستینەی هەڵبژێردراوی . خۆی نەیەتە سەر حوکم

دوای چەند ساڵ لە تیرۆر کردنی ڕۆژنامەڤانی ئازاد و سەربەخۆی دەڤەری گەرمیان شەهید کاوە گەرمیانی ، تا ئێستا بکوژی سەرەکی کاوە دیار نیە ، ئەم مەهزەلەیە هەر لەشوێنێکی وەک ئەو هەرێمی کوردستانەدا ڕودەدات کەسەر بە عێراقە و عێراقیش یەکێکە لە خراپترین ناوچەکان بۆ کاری ڕۆژنامەگەری ، هۆکاری کوژرانی کاوە و پاشان چەندان ڕۆژنامەڤانی دیکە و ئەشکەنجەدان و لێدان و هەڕەشەکردن و تەهدیدکردنی ڕۆژنامەڤانی دیکە و بەردەوامی ئەم کارە قێزەونانە تەنها لە شوێنگەیەکی وەک عێراق و هەرێمی کوردستان ڕودەدات کە دەسەڵاتی مافیاگەرا حکومی دەکات و زۆر ئەستەمە بزانرێت کێ ڕۆژنامەنوسان دەکوژێتن ، کاتێک ڕۆژنامەڤانێک گەندەڵیەکی دەسەڵات پشان دەدات بەمەبەستی چارەسەرکردنی و ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی لەسەر کارە گەندەڵیەکە لەلایەن دەسەڵاتی کوردیەوە ئەم ڕۆژنامەڤانە پڕ ئەشکەنجە و پڕ لێدان دەکرێت و پاشانیش بەرەو مەرگ ژیانی دەچێت هەر لەلایەن ئەو دەسەڵاتەی کە مافیا گەرانە ڕۆژنامەڤان دەکوژێت لە گەرمیان و هەولێر و دهۆک و دەیان و سەدان ڕۆژنامەڤان و ناوەندی میدیای دەسوتێنێت و سوکایەتی و هەڕەشەی کوشتنیان لێ دەکات ، نوسینەکەی من بەوە دەستی پێکرد کێ کاوە گەرمیانی تیرۆر کرد لە باشوری کوردستان وەڵام بۆ ئەم پرسیارەی من زۆر بە گران دەست دەکەوێت یاخود هەر دەستناکەوێت لەبەر ئەوەی ئەو دەسەڵاتە کوردیە کاوەی تیرۆر کردووە کە خاوەن مافیا و میلیشیا و چەک و هێزە و هەر ڕۆژنامەڤانێک دەست بەرێت بۆ پشاندانی گەندەڵی و کارە قێزەون و پیسەکانی دەسەڵاتی کوردی ئەوا وەک شەهید کاوە گەرمیانی ژیانی پێ لەدەست دەدەن و بێ ڕەحمانە بە دیار چاوی دایکیەوە دەیکوژن

ئەگەرچی بکوژانی کاوە گەرمیانی نەدۆزرانەوە و نەگەیەنران بە سزای خۆیان بەڵام خۆشبەختانە ئێستا شیرین کاوە گەرمیانی هاوسەری کاوە ئەندامە لە پەرلەمانی کوردستان و وەک نوێنەری کاوە و ڕۆژنامەنوسە ئازاد و سەربەخۆکان داکۆکی لە مافیان دەکات و بە دەنگێکی دلێرەوە لە پەرلەمانەوە بە دەنگێکی دلێر دەڵێت " ستۆپ چی دیکە نابێت ڕۆژنامەڤان تیرۆر بکرێت و شار بەدەر بکرێت و ئازادیەکانی سنور دار بکرێتن "

ئێستا شەهید کاوە گەرمیانی لە جەستە لەژێر خاک دایە و بکوژەکەشی شەوانە تا بەرە بەیان شەرابی ئەسڵ دەخواتەوە و ئافرەتی سۆزانی لە دەوری دەئاڵێن و دەیان پاسەوان ماڵ و سەرەوەتی دەپارێزن و بەڕیزێک ئۆتۆمبێل لەم شار بۆ ئەو شاری کوردستان بەئازادی دێت و دەچێت و لەبەر ئەوەی نەگیراوە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ نەکراوە ئێستاش هەر ڕۆژنامەڤانێکی دیکەی بوێت دەیکوژێت ، گەلێک بەداخم بۆ دەسەڵاتی کوردی و بۆ ژیانی ڕۆژنامەڤانی ئازاد و سەربەخۆ لە باشوری کوردستان !!!!!!!

**کاوە گەرمیانی لە سەرچی شەهید کرا و کێ فەرمانی تیرۆرکردنیداوا**

تۆ لە ڕووی مادیەوە زۆر هەژاربویت بگرە هەژارترینیش بوویت ... بەڵام لە ڕووی ڕۆحی و ویژدان و مۆراڵەوە یەکێک بویت لە بێ وێنەکان ، تۆ مانایەکت بە ژیانت بەخشی و بە ماناترین شێوەش کۆتاییت بە گەشتە کورتەکەی سەر زەوی هێنا . پێناسەیەکی شەهیدی قەڵەمی ویژدان (کاوە گەرمیانی) لەچەند وشەیەکدا .

چۆن دەتوانرا بەر بە شەهید بوونی (کاوە گەرمیانی) بگیرێت ؟
کوڕی (خالیدی خولە سور) کێشەی لەگەڵ کوڕێکی (مەحمود سەنگاوی) ئەبێت ، (مەحمود سەنگاوی) هەڕەشە لە (خالیدی خولە سور) ئەکات لە ڕێگای پەیوەندی تەلەفۆنیەوە نا، بەڵکو هێزی میلیشیایی کۆئەکاتەوە هەڵبکوتێتە سەری .پاش ماوەیەک (خالیدی خولە سور) لە بەردەمی ماڵەکەی خۆیدا تیرۆر ئەکرێت . قسە لە سەر ئەوەنیە (خالیدی خولە سور) یەکێک بووە لە مستەشارەکان ، بەشداری کام شەڕی کردووە ، بەشدار بووە لە پرۆسەی ئەنفال یان نا ؟ ئەمانە باسێکی ترن ... قسە لە سەر ئەوەیە ئەو کاتەی (خالیدی خولە سور) کوژرا ، هەمان ئەو هەڵوێستەی ئێستا هەیە بۆ (کاوەی) جوانەمەرگ بۆ تیرۆرکردنی (خالید) هەبووایە کە ، ئەوا دەکرا سنورێک بۆ (یەکێتی نیشتیمانی) دابنرێت و گیانی (کاوە

گەرمیانی) پارێزراو بوایە . بێدەنگی و هەڵوێست وەرنەگرتن لە تیرۆرکردنی (خالیدی خولە سور) ئەوەیدا بە دەستەوە بۆ مافیاکانی جەلالی : ئەگەر تیرۆری (خالیدی خولە سور)مان بۆ چۆتە سەر دەکرێت تیرۆری زۆر کەسمان بۆ بچێتە سەر ئەمەش مەرگی (کاوە گەرمیانی) ... بەدوادا هات

**کاوە گەرمیانی لە سەر چی تیرۆرکرا ؟**

کاوە گەرمیانی ڕۆژنامەنوسێکی مەیدانی بوێر بوو ، چەندین راپۆرتی لە سەر فەسادی مافیاکان بە گشتی بڵاو کردۆتەوە یەکێک لە راپۆرتەکانی لە سەر (مەحمود سەنگاوی) بوو . بەڵام نەک تەنها (کاوە گەرمیانی) بەڵکو زۆر ڕۆژنامەنوسیتر هەم راپۆرت هەم نوسین لە سەر تێکڕای مافیاکان ئەنوسێت و ناکرێتە ئامانج بەر دەمی تیرۆر . بەڵام بۆ کاوە گەرمیانی کرایە ئامانج ؟ کاتێک (کاوە گەرمیانی ) راپۆرتێک لە سەر (مەحمود سەنگاوی) بڵاو دەکاتەوە ئەم راپۆرتە نابێتە هۆی ئەوەی تیرۆر بکرێت ، چونکە ئەگەر ئەو راپۆرتە ببوایەتە هۆی تیرۆر کردنی ئەوا (مەحمود سەنگاوی) پێویستی بەوە نەبوو پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ (کاوە گەرمیانی) بکات و هەڕەشەی لێبکات ، بەڵکو ڕاستەوخۆ پیلانی کوشتنی دادەڕشت و تیرۆری ئەکرد و ڕەنگە هەرگیز کەسیش نەیزانیایە کێ (کاوەی) تیرۆر کردووە . لە هەمان کات کاتێک ڕۆژنامەنوسێک راپۆرتێکی گەندەڵی بەرپرسێک بڵاو ئەکاتەوە گەر مەترسی گەورەی بۆ تێکڕای ئەو حیزبە نەبێت ئەوە ئەو بەرپرسە ناتوانێت سەربەخۆ بڕیاری مەرگ بەسەر ئەو ڕۆژنامەنوسە بسەپێنێت . هەر ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی کە (مەحمود سەنگاوی) لەیەکەم ساتی بڵاو بونەوەی بابەتەکەی لەسەری نوسراوە بڕیاری مەگ بەسەر کاوە گەرمیانی نەسەپێنێت ، نەک ئەوەی نەیویستبێت بەڵکو ناتوانێت کارێکی ئاوا بکات . خۆ ئەگەر بەرپرسەکان بیان توانیایە سەربەخۆ بڕیاری مەرگی کەسێک بدەن ئەوا بێشک هەموو ڕۆژێک مەرگی ڕۆژنامەنوسێک یان نوسەرێکمان ئەبینی . خۆ ئەگەر (مەحمود سەنگاوی) بیزانیایە کاتێک پەیوەندی بە (کاوە گەرمیانیەوە) ئەکات دەنگەکەی تۆمار ئەکرێت ئەوا هەرگیز ئەو هەڵەیەی نەدەکرد پەیوەندی پێوە بکات وەک هەر پەرپرسێکی گەندەڵی ئەو وولاتە بێدەنگی هەڵدەبژارد . کەواتە ئەوەی بووە هۆکاری بڕیاری سەپاندنی مەرگ بە سەر (کاوە گەرمیانی) بڵاو بونەوەی ئەو دەنگە تۆمار کراوە بوو کە (مەحمود سەنگاوی) ئەندامی

مەکتەبی سیاسی بەناو حیزبێکی (سۆشیال دیموکراتە) ، بڵاو بونەوەی ئەم دەنگە چیتر تەنها زیان نەبوو بۆ (مەحمود سەنگاوی) بەڵکو زیانی بە بەرژەوەندی گشتی حیزب (یەکێتی) دەگەیاند . ئەگەر ئێمە بەڕاستی خاوەنی حیزب بوینایە و یاسا سەروەر بوایە و ڕۆژنامە ئازاد هەبوایە و گوێی بۆ بگیرایە ، ئەوا (یەکێتی) دەبوو ئەوکات (موحمود سەنگاوی) لە (حیزب) دەربکات و دادگاش لە سەر هەڕەشەکانی سزای بدایە ، بەڵام چونکە ئەمانە مافیان . پێچەوانەکەیان کرد

چۆن بڕیاری تیرۆر کردنی (کاوە گەرمیانی) بە بڕیاری هەموو مەکتەبی سیاسیەکانی یەکێتی بوو ؟

ئەگەر تەماشایەکی (یەکێتی نیشتیمانی) کوردستان بکەیت لە سەردەمی شاخ و شاریاندا چەندین ئەندامی مەکتەبی سیاسی لێیان جیابۆنەتەوە . لە ماوەی تەمەنی یەکێتیدا هەم لە شاخ هەم لە شار چەندین تیرۆری سیاسیان کردووە . لە ماوەی ڕابردوو (نەوشیروان مستەفا ، قادری حاجی عەلی ، عوسمانی حاجی مەحمود ، مستەفای سەید قادر ، حەمە تۆفیق ڕەحیم) ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (یەکێتی) بوون پێش جیابونەوەیان و دروستکردنی (حیزبی گۆران) .ئەمانە ماوەیەکی زۆر سەرپەرشتی دەزگای (زانیاری و دەزگا ئەمنیەکانیان) کردووە و بەشداری زۆربەی کۆبونەوە و بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی بوون تا (یەکێتی) بوون . کاتێک جیابوونەوە دەیان مەلەفی (یەکێتی) لە سەر گەندەڵی و چی و چیان هەڵدایەوە ... بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسێکیان نەهات باسی تیرۆرێکی سیاسی بکات ، هەر لە شەهید کردنی (بەکر عەلی) شاعیرەوە بۆ (عەلی بۆسکانی) و (5) کادری حیزبی کۆمەنیست و سەدان ئەندامی حیزبی (کۆمەڵە و دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) و چەندین تیرۆری سیاسی تریش !... ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە یەک تیرۆری سیاسی بەبێ ئاگادار بوونی ڕەزامەندی سکرتێری حیزب و جێگرەکەی و هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی نەکراوە . لێرەوە روون و ئاشکرایە کە بڕیاری سەپاندنی مەرگ بەسەر (کاوە . گەرمیانی) بەبڕیاری هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بووە

کاوە گەرمیانی بۆ ڕۆژی (05-12-2013) بڕیاری تیرۆرکردنەکای جێ بەجێکرا ؟ بڕیاری سەپاندنی مەرگ بە سەر (کاوە گەرمیانی) زۆر کورت دوای بڵاو بونەوەی دەنگە تۆمارکراوەکەی (مەحمود سەنگاوی) لە مەکتەبی سیاسی دراوە ، تەنها بۆ دەرفەیک گەڕاون کە بڕیارەکەی تێدا جێ بەجێ بکەن . هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی کوردستان لە پێش بوو گەر (یەکێتی) بەر لە هەڵبژاردنەکە کارێکی ئاوای بکردایە ئەوا زۆر زیاتر زیانی ئەکرد لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەدا گورزێکی زۆر کوشندەتری بەر ئەکەوت ، حیزبی گۆران ئەمەی ئەقۆستەوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن ، بۆیە جێ بەجێ کردنی تیرۆرەکەی هەڵگیارا بۆ دوای ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ئەنجامەکان هەرچۆنێک بێت ، بڕیارەکە دراوە تەنها گەڕان بە دوای کاتی گونجاو تاتاوانەکە جێ بەجێ بکرێت . ڕەنگە خوێنەر بپرسێت ئەی یەکێتی هەڵبژاردنی (عێراقی) لە بەردەم بوو بۆ بۆ دوای نەخست بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق ؟ یەکێتی دوای شکستی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی کوردستان بە دوای تۆڵە دەگەرێت لە نەیارەکانی هۆکارەکانی شکستەکەی لە ناوچەکانی کوردستان ، یەکێتی لە گەرمیان شکستێکی گەورەی هێنا پێیان وابووە هۆکارێکی ئەو شکستە بڵاو بونەوەی ئەو دەنگە تۆمار کراوەیە ، دۆڕاو هەمیشە بە دوای شتێک یان هۆیەک ئەگەڕیت کە ئۆباڵەکەی بخاتە ئەستۆ ، بەتایبەتی ئەم مافیا بازرگانانەی ئێستای یەکێتی . پاشان هیچ گەرەنتیەک نیە لەوەی هەڵبژاردنەکانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) کەی ئەکرێت ؟! بۆیە زوو کۆتایهێنان بە جێ بەجێ کردنی ئەم کارە دژە مرۆییەیان بە پێویست زانیوە گەڕان بە دوای ئەوانەی بیان کەنە هۆکار و (تۆڵەیان) لێبکەنەوە ، گەڕان بە دوای کاتێکی گونجاویان بە پێویستتر زانیوە . لەو کاتەی (د.نەجمەدین کەریم) کراوە بە پارێزگاری کرکوک ڕۆژ بەڕۆژ (پارتی) پەراوێز ئەخات ، ئەمەش ململانێکی توندی لە نیوان (پارتی و یەکێتی) لە کەرکوک دروست کردووە . پارتی بۆ ئەوەی قورسای خۆی بسەلمێنێت (سیناورێۆیەکی) هاوشێوەی ئەوەی (هەولێری) لە کەرکوک ڕێکخست ، ئێرە شوێنی ئەوە نیە بە وردی لە سەر ئەو (سینارێویە) قسە بکەین ... یەکێتی هێزی (دژە تیرۆری) ناردە کەرکوک تا بە پارتی بڵێت : ئێوە لەم شارە هیچ نین ئەوە ئێمەین گیانی خەڵک ئەپارێزین و دەسەڵاتمان هەیە. میدیاکانی یەکێتی ئەم

جوڵەیەی هێزەکانی بە ناو (دژە تیرۆریان) بە جۆرێک لێکرد کە خەڵک بکەوێتە ئەوەی دەست خۆشیان لێبکات و دەست بۆ سۆزی خەڵک بەرن توانیشیان تا ڕادەیەک لەمە سەرکەتوبن . ئا لەو کاتەی خەڵکیان سەرقاڵ کردبوو ئەو کاتە ڕەخسا پیلانی تیرۆرکردنی (کاوە گەرمیانی) جێ بەجێ بکەن و هەرواشیان کرد ، بەو هیوایەی ئەو دانگدانەوەی نەبێت و خەڵک هێشتا لە نێوان دەستخۆشی جوڵەی (دژە تیرۆردا) لە خەڵوەتگەدابن . بەڵام بەپێی ... پیلانەکەی خۆیان دایان ڕشتبوو بۆیان نەچوە سەر

... (B یەکێتی و (پلان

هەر هێزێکی مافیایی هەڵئەسێت بەجێ بەجێکردنی هەرکارێکی تیرۆرکردن بەپلانێکی داڕیژراو کار ئەکات. هەمیشە گەر کارەکە بە پێی پلانە داڕێژراوەکەی کە دایڕشتووە نەچوە جێ بەجێ ئەکات . ئەوەی ئێستا یەکێتی لە هەوڵیدایە و کاری بۆ (B) سەر، ئەوا پلانی یە. ئەم کەسانەی کە کاری تیرۆرکردنەکەیان پێ جێ بەجێ(B ئەکات جێ بەجێکردنی (پلان کراوە هەموو ئەم ئەگەرانەیان خستونەتە بەردەم ئەوانیش ڕازی بوون ... ئەمەی یەکێتی ئەیکات ئێستا هەمان ئەو سیناریۆیانەیە (پارتی) کردی دوای شەهید کردنی (سەردەشت عوسمان) . تەواوی دەزگا ئەمنیەکان و دادگاکانی ناوچەی (سەوزی) جاران و ئێستای (نیلی) لە ژێردەستی یەکێتی خۆیەتی ، عیماد ئەحمەد سەرپەرشتی لێکۆڵینەوەکە ئەکات ، واتا یەکێک لە ئەندام مەکتەب سیاسیەکانی بڕیاری تێرۆرەکەی داوە . کەواتە کێ لێکۆڵینەوە لە !تاوانباران بکات ؟

: لێکەوتەکانی دوای گیرانی تاوانباران

A- : تاوانباران دێن و توهمەیەک بۆ (کاوە گەرمیانی) دروست ئەکەن بۆ نمونە ئەڵێن -1 پارەی لێمان قەرز کردووە و چەندین جار داوامان لێکردۆتەوە و دەستی دەستی پێکردوین و - وتار و ڕاپۆرتیC . لە سەر کێشەی کۆمەڵایەتی یان شەرەف بووە - B. نەیداوینەتەوە ناڕاستی لە سەر بڵاو کردووینەتەوە و سەربەخۆ خۆمان تیرۆرمان کردووە بێ ئەوەی کەس رامان بسپێرێت . هتد ...دەرەنجام : دادگاو دادەواران سەر بەخۆیانن ، کەیسەکە مانگ لە دوای مانگ و ساڵ لە دوای ساڵ دوا دەخەن بە بیانوی جۆرا و جۆر ، واتا کار لە سەر

ماندوو بونی خەڵک و دامرکاندنەوەی تورِەبونی خەڵک و بیربردنەوەیان ئەکەن .یان لە سیناریۆیەکی گەورەتردا لە دەرگای پشتەوە ئازادیان ئەکەن . ئەگەر ئەوانەیان بۆ نەچووە سەر ئەوا بۆ ئەبەدی زیندانیان ئەکەن ، دوای ساڵێک یان چەند ساڵێک لە سەقفەیەکی . بازرگانی نێوان (پارتی و یەکێتی) بە لێبوردنێکی بە ناو (سەرۆکی هەرێم) ئازاد ئەکرێن

ئایا کەسێک هەرِەشەی کوشتن لە کەسێک بکات و دەنگی تۆمارکراوی بڵاو بێتەوە دوایی تیرۆی ئەکات ؟

ئێستا زۆرێک لەوانەی نوسین و وتارەکانیان ئەبینم بە جۆرەها پاسا و دەیانەوێت پێمان بڵێن : کە هەموو کەسێک فەرمانی مەرگی کاوە گەرمیانی دەرکردبێت مەحمود سەنگاوی نەیکردووە و بێئاگایە! یان کەسانێک پێیان وایە ئەمە ململانێی نێوان باڵەکانی یەکێتیە بۆ ! ملشکاندنی یەکتری پێش بەستنی کۆنگرە

1- (پلانی A) ئەمە رِێک ئەو خاڵەیە کە یەکێتی لە بڵاو بونەوەی ... پێی وابوو وادەردەچێت ئەو تۆمارە دەنگیە رِێک ئەو خاڵەیە کە یەکێتی سوربوو لە سەر تیرۆرکردنی (کاوە گەرمیانی) . چونکە یەکێتی پێی وابوو مادام تۆمارە دەنگیەکە بڵاو کراوەتەوە ئەوە هەرگیز کەس شکی بۆ (مەحمود سەنگاوی) ناچیت ، بەمەش ئەگەری تاوانبارکردنی یەکێتی لە تیرۆرەکە دوور ئەکەوێتەوە . چۆن یەکێک دەنگی تۆماری بڵاو کرێتەوە و هەرِەشەی کوشتن بکات دوایی کەسەکە تیرۆر ئەکات ؟ کەس بروا بەمە ناکات ! کەواتە بڵاو بونەوەی ئەو دەنگە تۆمارکراوە دەبێت بە پێچەوانەوە بخوێنینەوە : یەکێتی سوربوو لە سەر تیرۆری (کاوە گەرمیانی) چونکە پێی وابوو مادام دەنگە تۆمار کراوەکە بڵاو کراوەتەوە کەس (مەحمود سەنگاوی) و یەکێتی تۆمەتبار ناکات . لە بەر ئەمە بریاری تیرۆرکردنی (کاوە گەرمیانی) بە بریاری هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بووە لە دەرەنجامی ئەو هەڵەیەی کە (مەحمود سەنگاوی) کردی ... دیسان بیرتان ئەهێنمەوە ئەمانە حیزب نین تا لەخەمی بەرژەوەندی خەڵکیدا بن ، ئەگینا لەگەڵ بڵاو کردنەوەی تۆمارە دەنگیەکە (مەحمود سەنگاوی) لە حیزب . دەر ئەکرا . ئەمانە مافیا و بازرگانن بۆیە پێویستیان بەیەکتریە

2- مافیاکان ململانێی سیاسی لە نیوان خۆیان ئەکەن لە سەر پارە و دەسەڵات ، بەڵام تێکرِا هەموویان لە سەر تیرۆرکردنی سیاسی کۆکن . کەواتە ئەم مافیایانە پێویستیان بە یەکتریە

چەند ململانێی دەسەڵاتیان هەبێت خاڵێکی هاوبەش کۆیان ئەکاتەوە ئەویش ڕووبەڕوو بونەوەی ئەوانەی دەبنە مەترسی بۆ سەر ئایندەیان . هەرگیز هیچ باڵێك یان کەسایەتیەکیان ئەم ئیشەی بۆ تێکشانی ئەویتر نەکردووە . لەماوەی ڕابردوو لە دوو توێی دوو بەشدا باسم لەوە کرد :خەزێنەی یەکێتی لای کێ بێت ، بڕیاری سیاسی و سەرکردایەتی لای ئەوە . خەزێنەی یەکێتی لای (هێرۆ)یە بۆیە هەرکەس بکرێت بە (سکرتێری یەکێتی) تەنها وەک مقەبایەک وایە و بۆ ماوەیەکی کاتیە هەمووشیان لە سەر ئەمە کۆکن چونکە هیچکامێک لە ئەندامی مەکتەبی سیاسیەکان بێ (یەکێتی) هیچ نین ، یەکێتیش هی خێزانی (تاڵەبانیە) و هەریسەکە لای (هێرۆیە) ، کەواتە هەموویان ملکەچی (هێرۆن). دواجار و لە ئاینده یەکێک .(لە کوڕەکانی (تاڵەبانی) دەکرێتە (سکرتێری گشتی یەکێتی

3- یەکێتی گۆنگرە نابەستێت ، پێشبینی خۆم بەر لە کۆنگرە مەرگی تاڵەبانی ڕادەگەینن بەم هۆکارەش دەنگۆی بەستنی کۆنگرە بۆ کاتی نادیار دوادەخرێت . پاشان یەکێتی لەوەتەی هەیە (کۆنگرە) ئەبەستێت تەنها بۆ چەپڵە لێدان و زۆر پێش کۆنگرە شتەکان ئەبڕێننەوە تەنها بەشدار بوان ئەهێنن بۆ دەستخۆشی و بژی بژی ... سەرەتای دەنگۆی بەستنی کۆنگرە لە (2014-01-31) تەنها بۆ کپ کردنەوەی دەنگی ناڕەزایی لایانگرانیان بوو ، خۆ ئەگەر کۆنگرەش ببەسترێت وەک کۆنگرەکانی پێشوو هەمان شت دوبارە ئەبێتەوە . کەواتە چ . پێویستیانە بە ملشکاندنی یەک هەیە ؟ تا تیرۆری کاوە گەرمیانی بۆ ملشکاندنی یەک بکەن عەدنانی حەمەی مینا (ئەندامی مەکتەبی سیاسی) نیە بۆیە بەشدار نیە لە بڕیاردانی تیرۆری (کاوە گەرمیانی) ، خوێنەر دەتوانێت ورد لەم چاوپێکەوتنەی کەناڵی (گەلی کوردستان) لەگەڵ (عەدنانی حەمەیمینا) سەیری شێوازی قسەکردن و بۆدی لانگویجی بکەن ، زۆر . بەبێ هەبوونی هیچ شڵەژانێک قسەکانی خۆی ئەکات و چەند دەقەیەک بەردەوام ئەبێت

**وەداد حسێن**

دوو ساڵ بەر لە ئێستا لەگەڵ دەستپێکی رۆژێکی نوێدا، هەمان ئەو دەستانەی لەهەولێر و کەرکوک رۆژنامەنووسان تیرۆرو ئەشکەنجە ئەدەن، رۆژی ١٣ ئابی ٢٠١٦ لە شاری دهۆک رۆژنامەنووس وەدات حوسێن عەلی دۆسکی یان تیرۆر کرد، شەهید وەدات دوای شەهید سۆرانی مامە حەمە لە کەکوک و سەردەشت عوسمان لە هەولێرو کاوە گەرمیانی لە کەلار، بووە چوارەمین شەهید کە گیانی خۆی بەخشیە ئازادی رۆژنامەوانی و پەیڤی ئازادو .رووبەرووبوونەوەی زوڵم و غەدرو تاوان و نادادی و گەندەڵی

تیرۆری وەدات نەک کارێکی رێکخراوی دەزگا ئەمنییەکانی پارتییە، بەڵکو نەخشەو پیلانەکە لای سەرکردە باڵاکانی ئەو حزبەیەو مەبەستەکەش هەر تەنها بۆ کپ کردنی دەنگی ئازادی لە دهۆک و بادیناندا نەبوو، بەڵکو بۆ رازیکردنی میت و تورکیا بوو کە دهۆک و بادینان بۆ قەڵمڕەوی تورک یەکلابۆتەوە، چونکە تورکەکان بادینان و دهۆک بە ناوچەو جێ نفوزی خۆیان ئەزانن و هەموو هەڵێکیان بۆ کپکردنی دەنگی ئازادو بوێرە لەو دەڤەرە، بەکردوەش لەدوو ساڵی رابردوو نەک هەر بادینان بووە ویلایەتێکی تورک بەڵکو خۆ رادەستکردنی سەرانی پارتی گەیشتە ئەو ئاستەی بەهاری ئەمساڵ میت و جەندرمە بهێننە ناوچەکانی .بارزان و برادۆست و دەڤەری سۆران

وەدات کە بۆ ئاژانسی هەواڵی رۆژ نیوز کاری ئەکردو چالاکوانێکی کاراو داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی خەڵکی کوردستان و شارەکەی خۆی بوو، بەلای پارتی و تەنانەت تورکەکانیش ئەمە نەک هەر مەترسی بوو، بەڵکو ببووە کابووسێکی ناخۆش، هەر بۆیە هەرچی هەوڵ هەیە تاقی ئەکەنەوە تا بە پارە ئیغرای بکەن و بەهەر نرخێک بێت یان بێدەنگ یان ویژدان و قەڵەمەکەی بکڕن، بەڵام کاتێک وەدات بەمە رازی نابێت راستەوخۆ دەسەڵاتی باڵای پارتی لە هەولێرو سەری رەشەوە فەرمانی تیرۆرکردنی دەرئەکەن و .بەزوویش جێبەجێ ئەکەن

وەدات هەر سومبلێکی گەورەی ئازادی رۆژنامەوانی و شەهیدێکی دەستی زوڵم نییە، بەڵکو تیرۆرکردنە ناهەقی و ئاشکراکەی پەردەی لەسەر ئەو هەموو تیرۆرانە هەڵدایەوە کە لە راپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ەوە سەرکردەکانی پارتی لەبادینان ئەیکەن، ئەو تیرۆرانەی .مەبەستەکەیان دابڕانی بادینان بوو لە هەولێرو سلێمانی و کەرکوک

یادو بیرهێنانەوەی ساڵوەگەری شەهید وەدات هەر تەنها بۆ دەربڕینی هاوخەمی بۆ خانەوادوەو کەس و کارو هاوڕێ و هاوبیرانی شەهید وەدات و ئازادیخوازانی کوردستان نییە، بەڵکو دەرخستنی ئەو دەستانەیە کە بێ باکانە رۆژنامەنووسان تیرۆر ئەکەن و بێ ترس رۆژنامەنووسان ئازار ئەدەن. بێگومان هەتا بە قەڵەم و وشەی ئازادیخوازان ئەم دەسەڵاتە سەرکۆنەو شەرمەزار نەکرێت و ئەم سەرکۆنە نەبێتە خەمی رای گشتی، تیرۆر و کپکردنی .دەنگی ئازاد بەردەوام ئەبێت

دوای ئەو زنجیرە تیرۆرەی لەهەرێمی کوردستان ڕوبەڕوی ڕۆژنامەنوسانو چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنیو ئازادیخوازان دەکرێتەوە لەلایەن هەردو حزبی دەسەڵاتداری یەکێتیو پارتی، بەداخەوە دواتر هەرچۆنێک بێت کەیسەکانیان لەلایەن دادگاکانەوە وندەبێت، بۆیە دەبێت بگەینە ئەو بڕوایەی کە پشت بەستن بەیاسا بۆ یەکلایکردنەوەی کەیسەکان، هەڵەیەکی .گەورەیە

بەیاننامەی فراکسیۆنە پەرلەمانییەکانو دروستکردنی لیژنەی دەسەڵات، چاوەڕوانی .ئەنجامێکی دڵخۆشکەری لێناکرێت

لەئەزمونمان لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە ئازادی کوژو کورد کوژو ڕۆژنامەنوس کوژە تێیگەیاندین لیژنەکانو بەیاننامەکانو ئیدانەکردنەکان، نەیتوانی هیچ یەک لەو تاوانانە ئاشکرابکات کە .دژی رۆژنامەنوسانو ئازادییەکانی تاکی کورد کراوە

کوشتنی ڕۆژنامەنووسان زنجیرەیەک کوشتنە لە شوێنێکدا دەست پێدەکات و کۆتاییەکەی دیار نیە. ئەم زنجیرە کوشتنە بەو شێوە چەتەییەی دەسەڵات، بڕوایەکە لەناو بیرکردنەوەی دەسەڵاتدا هەیە بێگومان ئەوانەی ئەم کارانەیان لێدەوەشێتەوە، بریتین لەو هەرچی و پەرچیانەی هیچ خەونێکی گەورە، هیچ فەرهەنگێکـو کلتورێکیان نیە. لەبێ فەرهەنگیو بێ

کلتوریدا دەبنە پاسەوانی سیستەمە داپڵۆسێنەرەکان. هەمیشە ئەم"هەرچی و پەرچی"یانە دینەمۆیەکی بەهێزن بۆ برەودان بەسیستەمە سەرکوتکەرەکان. ئەوانە بەشێکی ناو کۆمەڵگەن و لەئاستی خوارەوەن و شتێکیان نیە لەدەستی بدەن. لەبێ فەرهەنگیدا تەواوی ئەو کارە نامرۆڤانانە دەکەن پێیان دەسپێدرێت و دەبنە دەردێکی کوشندە بۆ کۆمەڵگەو، پارێزەری سیستەمە بیمارەکان.

تیرۆرکردنی (وەدات) بەو شێوە دڕندانەیە، هەرگیز بە دەستی کەسانێک نەکراوە خاوەن فەرهەنگ و کلتوربن. بەدەستی ئەو "هەرچی و پەرچی"یانە کراوە کە بێ فەرهەنگن و، پارێزەری سیستەمێکی بیمارن. تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسێک بەو جۆرە، لەلایەن کەسی ئاساییەوە ئەنجام نادرێت، لەلایەن هەرچی و پەرچییەکانەوە ئەنجام دەدرێت کە سەر بەدەسەڵاتن.

ئێمە ناڵێین وەک ساڵانی ڕابردوو دیسان ئەمساڵیش با لیژنەیەک بۆ یەکلایکردنەوەی ئەم کەیسە دابنرێت، چونکە بروامان بەو پەندە روسییەکە دەڵێت: "هەرکارێک ویستت سەرنەگرێت، لیژنەی بۆ دابنێ." لیژنەکان چاوەروانی یەلاکیکردنەوەی کەیسەکانیان لێناکرێت و، کەیسەکان وندەکەن. بەیاننامەی فراکسیۆنەکانیش تەنها وەک هەڵوێستێک وەردەگرین. دادگاکانیش جێگای بڕوا نین و، ناتوانن سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن. کەوایە کێ هەقی تیرۆرکردنی شێوە دڕندانەکەی ئەو رۆژنامەنووسە یەکلایی دەکاتەوە.

لە ئێستادا پێویستە ڕوو لە (پەکەکە) بکەین و بپرسین: ئایا ئەو رۆژنامەنووسە کە سەر بە دەزگاکانی ئەوان بووە، وەلائیشی بۆ ئەوان بووە، تیرۆرکردنی بەو جۆرە جێگای بێدەنگییە دوای تێپەڕینی چەن ساڵ دەبێت ئەو هێزە بەهەر شێوەیەک بووە هەقی ئەو رۆژنامەنووسە وەربگرێتەوە. بکوژەکانی ئەو رۆژنامەنووسە، کە بریتین لە کۆمەڵێک هەرچی و پەرچی، شایەنی ئەوەن لەسەر کوشتنی ئەو رۆژنامەنووسە لەم کۆمەڵگەیە دوربخرێنەوە و رێگایان پێنەدرێت، لەوەزیاتر ژینگەی ئەم کۆمەڵگە لەبەر خاتری پاراستنی دەسەڵاتێکی بیمار پیس بکەن.

پەکەکە ئەگەر چیتر بێدەنگ بێت، سبەی هەمان ئەو گەنج و ڕۆژنامەنوسانەی لەو سنوورە بروایان بە ئازادی هەیە و، وەلائیان بۆ دەسەڵات نیە، تووشی هەمان دۆخ دەبنەوە. بروای

تەواوم بەوە هەیە، پێویستە پەکەکە بە شێوەیەکی ڕژد هەقی (وەدات) بسەنێتەوە و چاوەڕێی کەمپین و بەیاننامە و دادگا نەکات چونکە چەن ساڵە وەک ئێمە ئاگادارین ئەو کەیسە بەلاڕێدادەبرێت بەو پاساوە. ئیدی ئەو شتانە لەم هەرێمە مانایان نەماوە. ناشکرێت پەکەکە وەک هێزە ترسنۆکەکانی باشور چیتر بێدەنگ بێت و هەروا ڕووداوێکی خەمهاوەر بەسەریدا تێبپەڕێت. ئەوانەی (وەدات)یان بەو شێوازە دڕندەیە تیرۆرکرد، شایەنی ئەوەن ژیانیان لێ بسەنرێتەوە

## چارەسەری ئاستەنگەکانی بەردەم دەنگی ئازاد

چارەسەری گرفتو ڕێگرییەکانی بەردەم میدیای ئازاد چین؟ ئەمە پرسیارێکە لەپاش ڕاگرتنی ڕۆژنامەی ئاوێنەوە زۆر دەورژێنرێ، بێگومان کێشەو ئاستەنگەکانی بەردەم میدیای ئازاد زۆرن، لەپێشیانەوە نەبونی دەرفەتی یەکسان بوە لەبەردەم کاری میدیایی لەهەرێمی کوردستان، کە میدیاکان لەبازاڕدا لەڕێگەی جۆری بەرهەمەکانیانەوە کێبڕکێ بکەن، دەسەڵاتو بەرپرسە باڵا دەسەڵاتدارەکان بۆ کوشتنی دەنگە ئازادەکان دەیانو بگرە سەدان کەناڵاو ڕۆژنامەو سایتی سیچبەریان قوت کردوەتەوەو پارەیەکی زۆرو زەبەندیشیان بەسەردا ڕژاندون، چونکە هەمیشە دەسەڵاتدارانی هەرێم میدیای ئازادیان بەمەترسی بۆ سەر ئایندەی دەسەڵاتی خۆیانو بەرژەوەندیەکانیان زانیوە.

بە بەرنامەو بەچەندین ڕێگەو شێوازی جیاواز کاریان لەسەر نەهێشتنی ئەم ڕوبەرە ئازادانە کردوە، لەتیرۆرو هەڕەشەوە بگرە تا دەگات بەکڕینو فریودانیان بەئیمتیاز بەخشینەوە.
ئەو هەمو تیڤیو ڕۆژنامەو هەفتەنامەو سایتو پەیجانە دەسەڵاتی ئەم هەرێمە پارەیەکی بێ ئەژماریان بۆ تەرخان دەکات کاریان کورت بوەتەوە بۆ شێواندنی ڕای گشتیو گەمژاندنو شاردنەوەی زانیاری ڕاستو پێشێلکاریی یاساو گەندەڵییەکانیان.

لەلایەکەوە کە دەسەڵات چەندین ئامڕازی بەکارهێناوە بۆ کوشتنی میدیای ئازاد، لەلایەکی دیکەشەوە تا ئێستا لەکوردستان زەمینەیەکی وا نەڕەخساوە هاوڵاتیان هاوکارو هاوخەمی میدیای ئازادبن، هەرچەندە هێشتا خوێندنەوە نەبوە بەکلتور لەم وڵاتەدا، بەڵام بەلامەوە سەیرە ئەوانەی کە زۆر لەخەمی میدیای ئازادانو زۆر باسی هەفتەنامەی ئاوێنە دەکەن لەگەڵ ڕێزم بۆ بەشێکیان زۆربەیان ئامادە نەبون هەفتانە یەکی هەزار دینار بدەن بۆ کڕینی رۆژنامەکە. لەکاتێکدا میدیای ئازاد سەرچاوەی داهاتەکەی زۆر سنورداره، کە تەنها فرۆشو ریکلامە. بەمەرجێك میدیای ئازاد بەبێ جیاوازیو لایەنگیری خزمەتی سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگا دەکاتو کار لەسەر چەسپاندنی یەکسانیو دیموکراسی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا دەکاو رەگەزێکی سەرەکی پرۆسەی سەقامگیریی دیموکراسییە لەهەر وڵاتێکدا.

بەنەمانی میدیای ئازاد زیانێکی گەورە بەر پرۆسەی دیموکراسیو ئازادی ڕادەربڕینو فرە دەنگی دەکەوێت. لەناوچونی میدیای ئازاد هۆکارێکە بۆ چەواشەکاری زیاترو قوڵکردنەوەی گیانی حزبایەتیو شەخس پەرستیو شاردنەوەی راستییەکان لەهاوڵاتیانو دیزە بەدەرخۆنە کردنی گەندەڵیو پێشێلکارییەکان.

## خۆپیشاندان وەک سەرەتایترین ماف

هەر لە گەڵ قوڵبونەوەی قەیرانی درایی و بەرتەسککردنەوەی ئازادی رادەربرین لە هەرێمی کوردستان، بەرامبەر بەو ستەم و بێدادیەی کە لە ئارادایە، خەڵکی کوردستان بۆ داو ای سەرەتاییترین مافە مرۆییەکانیان، بە رێگەی مەدەنیانە، کەوتوونەتە دەربڕینی
ایەتی و خۆپێشاندانی خۆڕسکی جەماوەری. بەڵام مەخابن دەسەڵاتدارانی هەرێم لە هەوڵێك نادیموکراسی و دەرەوەی چارچێوەی یاسای کارپێکراوەکان بە دەیان؛ هاولاتی، چالاکوان، مامۆستا و ڕۆژنامەنۆسی بەتایبەت سنوری پارێزگای هەولێر و دهۆکی دەستگیرکردووە. بێ گوێدان بە هیچ پرەنسیپێکی یاسایی و مرۆیی، بە زەبری هێز و لە رێگەی چەکدارانی سەر بە حیزب، کەوتونەتە پەلاماردانی کۆی جوڵە مەدەنییەکان و شارو شارۆچکەکانی سنوری دەسەڵاتیان میلیتاریزە کردووە، لەوەش زیاتر دەستیانکردووە بە رەشبگیری و وەڵامدانەوەی داخوازییە رەواکانی خەڵک بە هەڵکوتانە سەرماڵەکانیان لە نیوەشەودا. سەرئەنجام تا ئێستا چەندین کەس لە چالاکوانی مەدەنی، گەنجان و مامۆستایان و خوێندکاران، لە زیندانەکانی حیزب توند کراون و چ دەسگیرکردنیان لەسەرپۆستێبێ یا بەهۆی نوسینی دانانی لایکێکە لەسەر پۆستی کەسانی دیکە کە دژی سوپای داگیرکەری تورکیا بالویان کردۆتەوە. ئەم پرۆسەی ڕەشبگیرییە بێ بریاری دادگا بووە و (رۆژنامەنوس، چالاکوان، مامۆستایان) بەشێوازێکی نایاساییانە دەستبەسەرکراون بێ هەبوونی هیچ تاوانێك و تەنانە هەندێکیان بەشداری خۆپیشاندانیش نەبوون و رێگەش نادرێت کەسوکار و پارێزەران چاوپێکەوتن لەگەڵ زیندانیکراوەکان ئەنجامبدەن، بویە ئەمە مەترسییە بۆسەر پرۆسەی دیموکراسی و لەکەدارکردنی ناوو ناوبانگی هەرێمی کوردستا. لەم سۆنگەیەوە هەوڵدەدەین خۆپێشاندان و دەربڕینی ڕای ئازاد بە شێوازێکی یاسایی گەنگەشەبکەین.

.. (ئازادی ڕادەربڕین(حرية التعبير

زۆربەی جار بە چەمکێکی جەوهەریی دادەنرێت لە دیموکراسیەتە لیبرالیخوازە نوێکاندا، کە تیایاندا ئازادیی قسەکردن وەک قەدەغەکار و بەرگرێک رەچاودەکرێت بۆ نەهێشتنی سانسۆڕ

و چاودێری. مافی ئازادیی قسەکردن لەژێر سایەی یاسای نێودەوڵەتیدا زامنکراوە لە ڕێگەی چەندین هۆکاری تایبەت بە مافەکانی مرۆڤەوە، و بە شێوەیەکی بەرچاویش ئەمە لە مادەی 9ی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و مادەی 10ی پەیماننامەی ئەوروپی لەسەر مافەکانی مرۆڤدا هاتووە.

خۆپێشاندان.

کۆمەڵەکەسێکی خۆپێشاندەرن بۆ ئاشکراکردنی پشتگیری کردن و ناڕازی، دەرژێنە سەر شەقامەکان(مُظاهَرةٌ .. جماعيَّة للإعلان عن تأييد أو معارضة)کە زۆر جار ئەم چەمکە توندوتیژی و ئاڵۆزی لەسەر ئاستی بەکۆمەڵ بە دوای خۆیدا دێنێت، تادەگاتە ئاستی تاک، کە وەک ناڕەزایەتیەک خۆی پێشان دەدات، نموونەی کەسێکی فێمێنیست،کە خۆی رووت دەکاتەوە، یاخوود کەسێک ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات و خۆی دەسووتێنێت، یاخوود کەسێکی زیندانی وەک ناڕازیەک دەمی خۆی دادە دوورێت و... هتد. لەبەر ئەوەی ئەم چەمکانە بە کۆڵەکە و ڕەگەزی بەهێزی هەر دەسەڵاتێکی دیموکراتی دادەنرێن و ئەم ڕەگەزانە یان ئەو ماف و چەمکانە پرەنسیپی سەرەتایین بۆ باوەربون بە بەشداری تاکەکانی کۆمەڵگە لە داواکردنی ماف و ئازادیەکانیان. ئەمەش بە روونی لە ڕێکەوتنامەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان دا جەختی لێکراوەتەوە. تەنانەت ئەو وڵاتانەی کە واژوویان لەسەر ئەو بەڵگەنامەو ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیانە کردوە، گوێڕایەڵ و ملکەچن بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم ماف و چەمکانە بە شێوەیەك دەبێت لە دەستوری بنەڕەتی و یاساکانیان بە تەواوی و دوور لە هەر پێشێلکاری و سنورداركردنێك ڕەنگ بداتەوە. مافی ڕادەربڕینی ئاشتیانە بە یەكێك لە مافە سروشتیەکانی مرۆڤ دادەنرێت کە جاری گەردونی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی (1948) جەختی لێکردۆتەوە. هەروەك لە هەردوو پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەتن بە مافە مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی بە روونی ئاماژەیان داوە بە دەسەبەرکردنی ماف و ئازادی ڕادەبڕین بە شێوەیەك کە بە یاسا ڕێك بخرێت و دژ نەبێت لەگەڵ سیستەم و ئادابی گشتی، لە ماددەی (21)ی پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکاندا هاتوە (( مافی گردبونەوەی ئاشتیانە دان پیانراوە، نابێت هیچ لەمپەرێك لەبەردەم ئەو مافانە هەبێت وە دەبێت

ئەم مافە بە پێی یاسا ڕێك بخرێت)). لە کومەڵگە دیموکراتیەکان ڕێوشوێنی پێویست دادەنرێن بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاداب و تەندروستی و سەلامەتی گشتی، هەروەها ڕێوشوێنی تایبەتیش دادەنرێن بۆ پاراستنی ئازادییە گشتیەکان و گوزارشتە تایبەتیەکان.

1 ـ) لە ڕێکەوتی 14 دیسمبر 1946 کە لە کۆمەڵەی گشتی D) (بڕیاری ژمارە (59 نەتەوە یەکگرتوەکان (خولی یەکەم) دەرچوو هاتوە (( مافی ئازادی ڕادەبڕین بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەرجەستە کراوە، ئازادی ڕادەبڕین و پەیڕەوکردنی بیروباوەڕ مومارەسە دەکرێن بەبێ هەر کۆت و بەندێك، چونکە ئەمانە مافی بنەڕەتی و سروشتی هەر مرۆڤێکن )) هەروەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا ئەم مافانە بەزەقی لە ڕێکەوتنامەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکاندا هاتون، بۆ نموونە لە مادەی (19)ی جاری گەردونی مافی مرۆڤدا هاتوە: (( ئازادی ڕادەبڕین و گوزارشت کردن کە مافی ڕادەربڕین و گوزارشت کردن دەگرێتەوە دوور لە هەر ڕێگری و لەمپەرێك و دوور لە پەراوێزخستن و وەلانانی بیروبۆچونەکان، دەبڕینیان و پەخش کردنیان بە هەر ئامرازێك بێت بەبێ سنوردانان.

لە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکاندا هاتوە:

1 ـ. مافی هەر مرۆڤێکە گوزارشت لە ڕاوبۆچونەکانی بکات بەبێ ڕێگری.

2 ـ هەموو مرۆڤێك مافی ڕادەربڕینی هەیە ئەم مافە هەریەکە لە وەرگرتن و پێدانی زانیاری و دەربڕینی بیروڕا و وەرگرتن و گواستنەوەی بۆ ئەوانی تر دەگرێتەوە بەبێ دانانی سنوربەندی، ئینجا بە وتن یان بەنوسراو یان بە چاپکراو یان هەر ئامرازێکی تر بێت.

3 ـ. ئەو تێکستانەی لە بڕگەی (2)ی ئەو مادەیە هاتون ئەرك و بەرپرسیارێتی تایبەتن.

4 ـ دەشێت هەندێك کۆت و بەند هەبن، بەڵام دەبێت بەدەقی یاسا دیاریبکرێن، لەبەر یەکێك لەم هۆکارانە:

A ـ. ڕێزگرتنی ماف و سومعەی ئەوانی تر.

B ـ. پاراستنی ئاسایشی گشتی(نەتەوەیی) یان سیستمی گشتی یا سەلامەتی و ئادابی گشتی

لە هەرێمی کوردستان خۆپێشاندان و گردبوونەوەی هاوولاتیان بە یاسا ڕێکخراوە، بەپێی بڕیاری ژمارە ( 17 )ی ساڵێ 2010، سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی 8ی کانوونی یەکەمی 2010دا یاسای ژمارە (11)ی ساڵی 2010ی پەسەند کردووە، کە بە

(یاسای ڕێکخستنی خۆپێشاندان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) ناسراوە. بە پێی ئەم یاسایە خۆپێشاندان مافێکی دەستوورییە و بە پێی یاسا پیادە دەکرێ بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگا و بە پشتیوانیی ئەو یاسایە جەماوەر گوزارشت لە ڕای خۆی دەکات بۆ پێشاندانی خواستە ڕەواکانی خۆی بە شێوەیەکی ئاشتیانە و مەدەنیانە و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتییەکان بەهەند وەرگرتن و ڕەچاوکردنی پرەنسیپ و ڕێساکانی تایبەت بە ماف و ئازادییەکان دوور لە ئاژاوەگێری و تێکدان. لە ماددەی سێیەم/ برگەی دووەمدا هاتوە (( ناکرێت خۆپیشاندان بکرێت بەبێ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێری و وەرگرتنی ڕەزامەندی نوسراو))، وەك لە دەقەکەدا دیارە جەخت لە وەرگرتنی مۆڵەت کراوەتەوە نەك ئاگادار گردنەوە، بەڵکو ئەمە مۆڵەتی پێش وەختەیە، ئەمەش پێچەوانەی دەستورو یاسا نێودەوڵەتیەکانە، لەبەرئەوەی مافی خۆپیشاندان و ئازادی بیرورا مافێکی سروشتی هەرتاکێکی نێو کۆمەڵگایە،بێ جیاوازی ڕەگەز و نەتەوە و ئاین،یاهەر دەستگیرکراوەکان ئازاد بکرێن و لە ژێر هیچ بیانوو و پاساوێکـبیرووباوەڕو ئایدیایەکی تر پەلاماری هیچ کەسێک نەدرێت.ووتەکەی (ڤۆلتێر) جوانترین گوزارشتە کە ئەرکی دیموکراسی بەدەر دەخات لە داکۆکیکردن لە مافەکانی ڕادەربڕین کە دەڵێێ: من لەگەل ڕای .ئێوەدا نیم، بەڵام ئامادەم بۆ ئەوەی ئێوە بە ئازادی ڕای خۆتان بڵێن فیداکاری بکەم

شکستی حوکمڕانێتی لە هەرێمی کوردستان بە دەرەنجام. ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە کوشتنی خۆپیشاندەرانی مەدەنیی و دەستگیرکردنی چالاکوانان و داخستنی دەزگای ڕاگەیاندن و سیاسەتی تۆقاندن چارسەرناکرێت، بەڵکو بە چارسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان و دەستگۆڕکێی دەسەڵات و دۆزینەوەی دەرچەیەک بۆ ئەم بنبەستە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە دەکرێت کە لە هەڵوەشاندنەوەی ئەم مۆدێلە لە فەرمانڕەوایەتی و دەسەڵاتدارێتی .سیاسیی بەرجەستەدەبێت

